گۆڤاری CFS

وەرزنامەی

# ئایینناسی

ژمارە(١١)ساڵی سێیەم، تەمموزی ٢٠٢٥ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات


- ڕۆڵی کورد لە خزمەتکردنی کولتووری ئیسلامی و عەرەبیدا
- کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا
- مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، پێشەوای فیقهی ئایینزای شافعی
- جووەکانی کوردستان لە سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلامیدا
- شارستانییەت و شارستانییەتی ئیسلامی




د. زرار سدیق: شانازیکردن بە ڕەمزەکانی کورد ئامادەسازییـــــە بۆ نەتەوەسازی

# وەرزنامەی ئایینناسی


CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (١١)، ساڵی سێیەم، تەمموزی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود



بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د. سالار تاوگۆزی
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
ئلیاس تاهیر محمدامین
د.فاروق عبدول مەولود

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان ئەحمەد



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

ئاییناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئاییناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆک


**سەروتار**

- **بەشداری کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا**.........پ.د.ئومێد رفیق فتاح | ٥

**توێژینەوە**

- **کورد و بەجیهانیکردنی تەسەوفی ئیسلامی چەند سەرنجێک لەسەر مێژوویەکی جیهانگەرای نەگێڕدراوە**......پ. حەیدەر لەشکری | ٩
- **ڕۆڵی کورد لە خزمەتکردنی کولتووری ئیسلامی و عەرەبیدا** (زمان و ئەدەب) بەنموونە.......... د. سالار تاوگۆزی | ٣٥

**وەرگێڕان**

- **دەستووری مەدینە، ڕەهەندەکانی هاووڵاتیبوون، توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مێژوویی ئایینی ئیسلام**....و: ئایینناسی | ٥٥

**گفتوگۆ**

- **د. زرار سدیق: شانازیکردن بە ڕەمزەکانی کورد ئامادەسازییە بۆ نەتەوەسازی**..........گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی | ٦٧

**مێزگرد**

- **کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا**..........ئامادەکردنی: ئایینناسی | ٨٣

**بیرمەندان**

- **مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، پێشەوای فیقهی ئایینزای شافعی**..........د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | ٩٧

**ئایین و ئایینزاکانی کوردستان**

- **جووەکانی کوردستان لە سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلامیدا** .......... د. یاسین تەها | ١١٥

**ڕانانی کتێب**

- **ئایینزای ئەشعەری لە ناو کورددا**.......... ڕانان: ئلیاس تاهیر | ١٢٩

**زاراوەناسی**

- **شارستانییەت و شارستانییەتی ئیسلامی**.......... ئامادەکردنی: ئایینناسی | ١٤٧

# بەشداری کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا



پرۆفیسۆر.د. ئومێد رفیق فتاح

شارستانییەتی ئیسلامی بەرهەمی یەك نەتەوە و گەلی دیاریکراو نییە،بەڵکو بەرهەمی مێژوویی و کولتووری هەموو ئەو گەلانەیە کە بە درێژایی مێژووی گەلان بەشداربوون لە دروستکردن و بوونیادنانی ئەوەی پێی دەوترێت شارستانییەتی ئیسلامی.

ئەو گەلانەی کە بەشداربوون لە دەوڵەمەندکردنی شارستانییەتی ئیسلامی بە دوو ڕێگای سەرەکی بەشداربوون، ڕێگەی سامانە مادی و مەعنەوییەکان و دەستکاریکردنیان بەشێوەیەك کە تەبا بێت لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام. ڕێگەی دووەم بەشداری زانا و بیرمەند و کەسایەتییە ڕەمزی و بەرهەمەکانییان و بەشدارییان لە مێژووی نەتەوەکەدا.

گەلی کورد لە دوای موسڵمانبوونی بە هەر دوو ڕێگەکە بەشدارییەکی کارا و کاریگەری لە شارستانییەتی ئیسلامیدا کردووە، دەکرێت هەندێکیان وەکو داب و نەریتی میللی و کوردەواری لە ڕێگەی ئاکاری کۆمەڵایەتییەوە گوازرابێتەوە بۆ کولتووری کۆمەڵگەکانی تری کۆمەڵگەی ئیسلامی، ڕەنگە ئایینی ئیسلام وەکو بنەمای عەقیدەیی ڕۆڵی هەبووبێت لە تێکشاندنی هەندێك داب و نەریت، بەڵام هەندێك نەریتی تری کۆمەڵایەتی بە تەواوی نەتواوەتەوە.

ڕاستە ئیسلام وەکو ئایین کار بۆ یەکبوون و یەکگرتن دەکات، بەڵام لە ناوەرۆکدا هیچ یەکگرتنێك بە مانای نەمانی فرەیی نییە. بەشداری کورد لە مێژووی ئیسلامدا تەنیا کورت ناکرێتەوە لە سەڵاحەدینی ئەیوبی و ڕۆڵە جەنگاوەرییەکەیدا، وەکو ئەوەی کە هەندێك مێژوونووس دەیانەوێت وا وێنای دەکەن.

کورد لە ڕێگەی شاعیرو هونەرمەند و بیناکاری کولتووری و..... چەندین بواری ترەوە بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی مێژووی ئیسلام، ڕەنگە باشترین بەشداری کورد لە بواری زمان و ئەدەب و زانا ئیسلامییەکانییەوە دیار و باڵا بێت، بەڵام دیدی کورد بۆ پێکەوە ژیان و قبووڵکردنی جیاوازی خاڵی جیاکەرەوەی بەشداری کوردە بەراورد بە گەلانی تری بەشدار لە شارستانییەتی ئیسلامی. بەشداری کورد لەم بوارەدا درەوشاوەترین خاڵە کە دەکرێت گەلانی تر لە ئیسلامدا سوودیان لێ وەرگرتبێت.

کورد لە مێژووی ئیسلامدا لە ڕێگەی تەریقەتەکانەوە ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە لە پێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئیسلامی میانڕەو، ئەمە بە مانای ئەوە نییە لە ناو کەسایەتییە کوردەکاندا زانای توندڕەو، یان جەنگاوەری خوێنڕێژی تێدا نەبووبێت، بەڵام کە سەیری گۆرانکارییەکان بەرەو ڕیفۆرم دەکەیت زانا کوردەکان ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕن لە مێژووی کۆن و نوێدا. هەرچەندە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان بەشداری کورد جیاوازە. کورد بە درێژایی مێژوو کاراکتەری بەشداری ناو بڵاوکردنەوە و گەشەکردن و فراوانخوازی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامی بووە، بەڵام چەند سوودمەند و بەهرەمەند بووە لە مێژووی شارستانییەتی گەلانی تری ئیسلامی، ئەم ژمارەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسە بداتەوە.

# توێژینەوەکان

ئایینناسی

# کورد و بەجیهانیکردنی تەسەوفی ئیسلامی
# چەند سەرنجێک لەسەر مێژوویەکی جیهانگەرای نەگێڕدراوە

پ. حەیدەر لەشکری

**هەبوون لەنێو مێژووی جیهانیدا**

مارتین ڤان برۆینەسن، دوای ئەوەی بەرهەمە ناوازەکەی خۆی بەناوی ئاغا و شێخ و دەوڵەت تەواو کرد و وەک ئەنسرۆپۆلۆجیستێکی پسپۆڕ لەبواری کوردناسی دەرکەوت، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٤، بەسەریەکەوە نزیکەی نۆ ساڵێک، بۆ توێژینەوە و وانەوتنەوە، لە ئەندەنوسیا گیرساوەتەوە. لەوێ لە گەورەترین دوورگەی وڵاتەکە کە جاوەیە، زۆری نەبردووە درکی بە دۆخێکی نامۆ کردووە و تووشی سەرسوڕمان بووە، ئەگەر بنیویەتی لە ناوەندە کۆمەڵایەتی - ئایینییەکەدا، خەڵکێکی زۆر هەن ناو، یان نازناویان "کوردی"یە. لەکاتێکدا هەر لەوێ کەسێکی نەبینیوە ناوی هیندی، عەرەبی، یان فارسی بووبێت (Bruinessen, ٢٠١١: ١١١). ئەمەی کردووەتە سەرەداوێک بۆ گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشەی ناوەکە و یەک دوو ناوی تر کە خۆی باش پێیان ئاشنا بوو و پێشتر کاری لەسەر کردبوون و بەشێک بوون لە مێژووی سۆفیزم لە پانتایی کوردیدا، وەک بەرزنجی و گۆرانی. بۆیە کەوتووەتە دوای چۆنێتی گەیشتنی کاریگەریی کوردی بۆ ئەوێ و جێکەوتەی بەسەر بیروباوەڕی ئایینی جڤاکی ئەندەنوسییەوە، بەتایبەتیش بەسەر ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییانەی بە بیرباوەڕی سۆفییانە کاریگەر بوون و ئەم دیاردە ئایینییە هەژموونی بەسەر سیستمە کولتوورییەکەیان، کە ناونان بەشێکیەتی، هەبووە.

یەکەم تێبینیەک لەسەر ئەم ئەزموونەی برۆینەسن دروست ببێت ئەوەیە، کەواتە کوردەکە بە دابڕاوی لە نێو گوند و دێهاتەکانی خۆی، لەو چیا و دۆڵ و دەشتانە نەماوەتەوە. بە پێچەوانەوە سەردەمانێک هەندێکیان چوونەتە دەرەوەی سنوورەکانی زێدەکەی خۆیان، جێکەوتەی دوور مەودایان بەسەر مێژووی غەیری خۆیانەوە

هەبووە. هەر ئەمەش پێمان دەڵێت، ئەو تێگەیشتنەی لە ناوەندیی ڕۆشنبیریی کوردیدا گەلاڵە بووە و جەخت لەوە دەکاتەوە گوایە کورد لە دەرەوەی مێژوودان، تەنیا چڕکردنەوەی مێژووەکە بووە بە کارابوونی خۆجێییانەیانەوە، نەک مێژووی جیهانییەوە، بەڵام ئەزموونەکەی ئەم کوردناسە دەریدەخات کە دەشێت بەدوای هەبوونیان لەنێو مێژوویەکی فراوانتر، مێژووی جیهانی، یان گلۆباڵدا بگەڕێین و لەوێوە هەبوون و کاریگەریيان بەسەر ڕەوتی گشتی مەژوویيدا لە دیدێکی ترەوە بخوێنینەوە.

ئەم گەڕان و خوێندنەوەیە دەمانباتە بەردەم چەمکێکی گرنگی مێژوونوسینی هاوچەرخ، ئەویش چەمکی مێژووی جیهانی، یان مێژووی گلۆباڵە. ئەمە بەر لە هەموو شتێک ئەو گێڕانەوە نەریتییانە دەبەزێنێت، کە بەدەوری مێژووی ئەوروپا و مێژووی دەوڵەت نەتەوە دەخولایەوە. ئەمە مێژوویەکە جەخت لەسەر کاریگەری و کارتێکردن دەکاتەوە، لە دەرەوەی سنووره هەرێمایەتی و کولتووری و قۆناغبەندییە زەمەنییە دروستکراوەکانەوە. مێژوویەکە بەدوای جوڵەی هزری، تەکنیکی، سرووت و ڕێوڕەسمە گیانەکی و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندایە، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراوی مرۆیی نا، بەڵکو لە ئاستی گلۆباڵدا. بەپێی ئەو شرۆڤەیەی سیباستیان کۆنراد لە کتێبی "مێژووی گلۆباڵ چییە؟" (٢٠١٦)، پێشکەشی کردووە، تێدەگەین ئەم فۆرمەی مێژوو تەنیا بەرفرەکردنی جوگرافییانەی جوغزی گێڕانەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکو وەرچەرخانێکی مێتۆدیشە، کە بەرەنگاری تێگەیشتنە ڕەگەزی و نیشتیمانییەکان بۆ ئەم گێڕانەوەیە دەبێتەوە. کۆنراد جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم مێژووە بەدوای گشتاندنی ڕووکەشییانەوە نیە، بەڵکو گرنگی بەو کردەوانە دەدات کە سنووره ئیتنی و نیشتمانییەکان دەبڕن وەک: کارتێکردنی سنووربەزێنی نێوان کولتوورەکان، هیجرەت و کۆچ بەتایبەت هی کارا زانستییەکان، ئاڵوگۆڕی زانست و زانیاری...تاد. ئەم تێگەیشتنە بەدوای ئەوەیە ڕوونی بکاتەوە، کە لە بری بەدواداچوونی هێڵە یەکتربڕەکان و تێکەڵی جیهانییانە، گرنگە لە ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی گێڕانەوە شارستانییەکان بگەین. بەمەش مێژووی گلۆباڵ، وەک تیۆرێک، دووبارە ڕێکخستنەوەی مەعریفەی مێژووییە، بە شێواز و فۆڕمێک هاوکارمان دەبێت لە تێگەیشتنی دیاردە خۆجێییەکان، لەمیانەی پەیوەندی بە جیهانی فراوانتر و گەورەترەوە.

هەرچۆنێک بێت، بۆ ئەوەی زیادەی نەدەینێ و لە چوارچێوەی تایبەت بە بابەتەکە بمێنینەوە، دەڵێین مێژووی ئیسلام زۆرجار وەک مۆدێلێک بۆ ئەم چەشنە مێژووە جیهانگەرایە سەرەدەری لەگەڵدا دەکرا، بە بەهانەی ئەوەی

سنووره ڕەگەزی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بەزاندووە و کایە و بوارەکانی نێو مێژووەکە، خەسڵەتی جیهانگەریان وەرگرتووە. سۆفیزمی ئیسلامی، وەک دیاردەیەکی مێژووکردی سنووربەزێن، دەشێ مۆدێلێکی زیندوو بێت بۆ ئەم ڕوانگەیە. ئەو یەکێکە لەو بوارانەی زوو وەک دیاردەیەکی گلۆباڵ خۆی نواندووە؛ سنووری زوهدی ئیسلامی سەرەتایی بەزاندووە و بووەتە هێزێکی ڕۆحانی و هزری تۆکمە، کە بەهۆی فرەڕەهەندبوونییەوە، مەرزی نێوان کیشوەر و زمان و کولتووره جیاجیاکانی کاڵ کردووەتەوە. دیارده ئایینییەکە پتر لە سەدەی هەشتەم سەری هەڵداوە، بەڵام زۆری نەبردووە بەدرێژایی ڕێگای ئاوریشم و لەمیانەی تۆڕی بازرگانی زەریای هیندی و لەگەڵ کاروانەکانی بیابانەکانەوە، بەهۆی بازرگانی و کۆچ و حەجەوە تەشەنەی کردووە. لەبری سەپاندنی یەک شێوازیش، لەگەڵ ناوکۆ خۆجێییەکانی بیروباوەڕی ئایینییدا گونجاوە، بەڵام پارێزی لە کرۆکی خۆی کردووە، کە زێتر لە خۆشەویستیی خودایی، پاکبوونەوەی دەروون، یەکگرتن لە گەڵ ڕەهایەتی و ...تاد. خۆی بینیوەتەوە.

بنەماکانی ئەم دیاردە ئایینییە، نەک هەر بەهۆی سۆفی و زاهیدە گەڕیدەکان گوازراوەتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی تۆڕێکی زانستی و ڕێوڕەسم و نەریتی تەریقەتە سۆفییەکان و دەزگاکانیشی بڵاوبووەتەوە، کە لەم ناوکۆیەدا تەکیە و خانەقاکان وەک سەنتەرێکی تێکەڵبوونی کولتووری دەرکەوتوون و تێیاندا ئاسایی بووە شێخێکی هیندی بووبێتە مورشید و ڕێنیشاندەری موریدێکی کورد و فەقێیەکی عەرەب و زاهیدێکی فارس. خۆ لە سەدەی سێزەوە ئەم تەکیە و خانەقایانە، بەتایبەت لە کوردستان، وڵاتی فارس، ئەنادۆڵ و باشوری ئاسیا، بوونەتە بنکەی گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕ و ئایینە جیاکان، تەنانەت بوونەتە سەنتەری خوێندنی زانستە عەقڵی و نەقڵییەکان و توێژینەوە لە دەق و مەسەلە عیرفانییەکان لەوێدا برەوی پێدراوە. وای لێهاتووە پرسگەلی وەک یەکێتیی بوون، ئاوێتەبوونی نێوان جیهانی خودایی و جیهانی مرۆیی، پەیوەندیی ڕۆحانی نێوان شێخ و مورید...تاد. لە سەنیگالەوە بگرە تا ئەندەنوسیا، لە بەلقانەوە بگرە تا نیمچە دوورگەی هیندی، لە ئێرانەوە بگرە تا ئەوپەڕی مەغریب، گفتوگۆ و مشتومڕیان لەبارەوە کراوە و وەڵامی جیاجیای پرسەکان دراوەتەوە؛ ڕەمز و داب و نەریتە خۆجێییەکان تێکەڵ بە گوتارێکی ئیسلامییانەی گەردوونگەرا بوون و لەسەرووی تێگەیشتنە شەریعەتییە فەرمییەکانەوە جێگەی خۆیان کردووەتەوە. بەو مانایەش بێت، قسەکردن لەسەر سۆفیزم وەک دیاردەیەکی جیهانی، بەو تێگەیشتنەوەی کۆنراد لە کتێبەکەیدا بەیانی کردووە،

چۆنێتی ئاوێتەبوون و تێکەڵبوون لەنێوان خۆجێیی و جیهانی ئاشکرا دەکات، ئەوەش دەردەخات کە بڵاوبوونەوەی سۆفیگەری هەر چەشنێک نەبووە لە "هەناردەکردنی باوەڕی ئایینی"، بەڵکو پرۆسێسێکی پێکهاتەییانە بووە، کە مەرزە کولتوورییەکانی بەزاندووە و ماناکانی 'من' و 'ئەو'ی گۆڕیوە و نەریتی خۆماڵی و دینامیکای جیهانی تێکەڵ بەیەک کردووە؛ کارتێکردن دروست بووە لەنێوان ڕۆحانییەتی گەردوونگەرایانە و گوزارەکردنی خۆجێییانە لە مانا و چییەتی. ئەمە لە ئەزموونی جیهانگەرایانەی هەندێک لە زانا و شێخە کوردەکان بە ڕوونی دەخوێنرێتەوە.

دەشێت ئەزموونەکەی برۆینەسن هاوکارمان بێت، تا بگەڕێینەوە بۆ چینەکانی ژێرەوەی مێژووی کەڵەکەبووی کارا کوردەکانەوە؛ بەدوای ڕەهەندەکانی ناسنامەی سۆفییانەی کوردەوە بین، نەک وەک حاڵەتێکی خۆجێیی دابڕاو، بەڵکو وەک بەشێکی کارای دینامیکی مێژووی گڵۆباڵی ئیسلامی ڕۆحانییەوە، لە میانەی خستنەڕووی ئاڕاستەکانی کاریگەری و نەخشەی بڵاوبوونەوە و فۆڕمی وەرگرتنی لە ناوکۆی غەیرە کوردییەوە. ئەمەش پێویست بەوە دەکات بزانین کەی و چۆن کورد چووەتە دەرەوەی گێڕانەوەی خۆجێییەوە و لە ڕێگەی سۆفیگەری و بە هۆی چەند ناوێکی دیاری نێو کایەکەوە، کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوتە ئایینییەکەدا چی بووە و چۆن بەشداربوون لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی - سیاسی و کولتوورییانەی ڕوویانداوە.

**بەپێی ئەو شرۆڤەیەی سیباستیان کۆنراد لە کتێبی "مێژووی گڵۆباڵ چییە؟" تێدەگەین ئەم فۆڕمەی مێژوو تەنیا بەرفرەکردنی جوگر افییانەی جوغزی گێڕانەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکو وەرچەرخانێکی مێتۆدیشە**

لەم کورتە وتارە، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی فرەچەشن، دەخوازین بە پشت بەستن بە گێڕانەوەی مێژوویی و گەڕانەوە بۆ بایۆگرافیای کەسێتی و بەراوردکردنەوە، لە چۆنێتی گواستنەوەی هزریی سۆفیگەریی کوردی بگەین، لە کوردستانەوە بۆ شوێنەکانی دی. مەبەستیشمان تەنیا گێڕانەوەی پوختەکراوی ئەو مێژووە نییە، ئەوەندەی سەرنجڕاکێشانیشە بۆ چەردێک بابەت، کە دەشێت توێژەرانمان کاری زیاتری لەسەر بکەن، بۆ بینینی ئەو بەشدارییەی ڕەگەزە مرۆییەکە لە مێژووی گڵۆباڵدا هەیبووە. بەمەش بتوانین جێکەوتەیان بەسەر سیستمە کولتوورییە فرەچەشنەکان باشتر ببینین، بەتایبەت لە بەرهەمهێنان و شێوەگیرکردنی ئیسلامێکی عیرفانییانەی سنوور بەزێن.

## سۆفیگەری، ناسنامەی ئیسلامی کوردی

ڕەنگە ئەستەم بێت بتوانین مێژووی پەیوەندی کورد و سۆفیگەری لە چەند لاپەڕەیەکدا کورت بکەینەوە. تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین سۆفیگەری وەک گرنگترین کایەی ئایینی و نزیکترین دەرکەوتەی ئیسلام بووە لە کۆزەینی کوردەوە. بە جۆرێک زۆر لە ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئیسلام لەسەر باوەڕی سۆفیانە دامەزراوە، یان ڕەنگڕێژ کراوە. لە قۆناغی زووی دوای سەرهەڵدانی سۆفیگەری ئیسلامی، هەر لەسەدەی نۆیەمی زایینییەوە، ئەم کایەیە ڕۆڵی ئایینی و کۆمەڵایەتی گرنگی لە پانتاییە کوردییەکە هەبووە. چ جێگیرکردنەوەی تێگەیشتنی عیرفانیانە بۆ ئایینی ئیسلام بوو بێت، یانیش لە گونجاندنی و پەیوەندی دارشتن لە نێوان ئەو سیستەمە باوەڕییەی ئیسلام کاری پێ دەکرد، لەگەڵ ئەو سیستەمە خۆجێییانەی لە هەندێک بەشی پانتاییەکەدا مابوو. ئەمە سەرباری خۆگونجاندنی سۆفیگەری لەگەڵ تێگەیشتنی سۆسیۆ - ئایینییانەی جڤاکی کوردی و دروستبوونی جۆرێک لە پەیوەندی تەواوکارییانە، لە نێوان تایبەتمەندییەکانی ئەم تێگەیشتنەی ئیسلام و هەندێک لە دەرکەوتەکانی شوناسی هەمەگیریی کوردی لە قۆناغی کلاسیکی مێژووەکەیاندا.

ئەگەر ئەم پرۆسێسە لەو قۆناغە زووەدا دەستی پێکردووە ئەوا سەرەتایەک بووە بۆ مێژووییەکی بەردەوامی نیشتەجێبوونی سۆفیگەری لە پانتاییەکە و دارشتنی هەندێک لە ڕەهەندەکانی کەسێتی مرۆڤی باوەڕدار، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئایینی- عیرفانی، کەبوونەتە بەشێکی تێگەیشتنی تەواوی ئایینەکە. بەچەشنێک جیهانبینی مرۆڤی ئێرەیان لە چوارچێوە گرتووە، تا وایلێهاتووە دەتوانین لە میانەی خوێندنەوەی مێژووی سۆفیگەری کوردی، گەشەسەندنە دیار و نادیارەکانی بیروباوەری ئیسلامی لە زەمینە جوگرافییەکە بە شرۆڤە بکەین، چ لەو ڕوانگەیەوە بێت کە چۆن سۆفیگەری پێناسەی خوداناسینی بۆ مرۆڤ کردووەتەوە و سنوورەکانی ناسین و حەقیقەتەکانی پشتی دیاری کردووە، چ لەوەشدا گوزارشتی لە دەربڕینێکی ئایینی کردووە، کە لە نێوان کوردانەدا جێگیر بووە. بەمەش، وەک لە توێژینەوەیەکی تردا ڕوونمان کردووەتەوە (لەشکری: ٢٠١٢، ١١-١٢)، مرۆڤگەلێک و چەندین گرۆی کۆمەڵایەتی - ئایینی دەرکەوتوون لە دەرەوەی ئیسلامی باوی هەمەگیر و فەرمییەوە ویستوویانە ئەم گوزارشتە بکەن.

هەرچۆنێک بێت، بەردەوامێتیی سۆفیزم لە پانتایی کوردی، لەو سەرەتایەوە بۆ ئێستا، سەرباری ئەوەی بووەتە بەشێکی سیستەمە کولتوورییەکە، بە سیستەمی خوێندنی ئایینیشەوە گرێدرابوو،

بەچەشنێک هزریی عیرفانی و زانستە عەقڵییەکان، کە لە قوتابخانەکان خوێندراون، بووەتە ڕەگەزێکی ناسنامەی زانستییانەی زۆرێک لە زانا کوردەکان. بەرهەمی ئەم قوتابخانانە لە دەستنوس و سەرچاوە دەمانخەنە بەردەم بە گێڕانەوەیەکی مێژوویی ئەوتۆ، کە تێیدا دەبینرێت زانایانی سۆفی مەشرەب نەک هەر خەریکی ڕاهێنان و ڕیازەتی ڕۆحانی بوونە، بەڵکو لە بونیادنانی چوارچێوەی سیستمە فێرکارییەکەشدا بەشدار بوون و درەنگتریش، بەو پێگەیشتنە زانستییە، جێکەوتەیان نەک هەر بەسەر کوردستان بەڵکو بەسەر ناوچەی تریشەوە هەبووە. لێرەوە دەتوانین بڵێین بەدرێژایی سەردەمی کلاسیک تا دەستپێکی قۆناغی مۆدێرنیش، دەستەبژێری کوردی بەشداری لە پرۆسەی بەخۆجێییکردنی دیاردە ئایینییەکە، پاشان گواستنەوەی بۆ پانتاییەکی فراوانتر کردووە و ڕۆڵیان لە شێوەگیربوونی گوتاری کایە ئایینییەکە لە ئاستێکی جیهانیدا گێڕاوە، ئەگەرچی زۆرجار ئەم ڕۆڵەیان نادیدە کراوە.

## سۆفییەکانی پانتایی کوردی و بەجیهانیکردنی ڕەوتە عیرفانییەکان

بەشداری کوردان لە هزری سۆفیگەری، هەر لەچوارچێوەی تێگەیشتنە باوەکان و ڕەوتە فەرمیی و قەبوڵکراوەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتی نەماوەتەوە، بەڵکو لە برەودان بە تێگەیشتنە عیرفانییەکان و بە جیهانیکردنی ڕەوتە فەلسەفییەکانی نێو کایە ئایینییەکەشدا دیارە. وەک دەزانین سۆفیگەریی فەلسەفی ئاوێتەیەکی تێڕامانی میتافیزیکی و ئەزموونی عیرفانییانەیە، شرۆڤەیەکی کرۆکییانە پێشکەش دەکات، کە مەرزی لێکدانەوە و تێگەیشتنە فیقهی و قوتابخانە کەلامییەکان دەبەزێنێت. ڕەنگە هەریەک لە مەنسوری حەللاج، شەهابەدینی سوهرەوەردی و ئیبن عەرەبی، نموونەی هەرە باڵای ئەم ڕەوتە هزریی - ڕۆحانییە بن. هەریەکەیان بە دارشتنی ڕوانگەیەکی گەردونییانەی ئاڵۆز و تێکەڵ جیادەکرێنەوە، کە پتر پەیوەستە بە حوزووری خودایی لە جیهاندا. سەرباری جیاوازی ناوکۆی هزری هەرسێکیان، بەڵام بەشداربوونە لەوەدا کە توانیویانە بونیادێکی میتافیزیکانە بۆ بوون بنەخشێنن و وەک جیلوەدانی هەمیشەی خودایەتی بینوێنن.

ئەوەی دەمانەوێ لێرە باسی بکەین ڕۆڵی زانا کوردەکانە لە پاراستن و هێشتنەوە و بەجیهانیکردنی تێز و بۆجوونەکانی ئەم سێ کەسێتییە.

## فارسی دینەوەری و دامەزراندنی گرووپی "حەللاجی فارسی"

وەک دەگێڕدرێتەوە حەللاج گەلی سۆفییانی کردە دوو بەرە؛ یار و نەیار. لە سەرچاوەکاندا، لەو بەرەیەی یاری ئەو بوون، بەزۆری ناوی سۆفییەکی یەک لە دیارترینی شارە کوردنشینەکانی

چەند سەدەی یەکەمی مێژووی ئیسلامی کوردی دێت، ئەویش دینەوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و سۆفییەکەش فارسی دینەوەری بووە. ئەم کەسە خۆی بۆ حەللاج تەرخان کردووە، پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەم شێخە لە سنووری پەیوەندیی نێوان شێخ و مورید و سەرسام بوونی مورید بە بیروبۆچوون و کاریگەربوونی بە چارەنووسی شێخەکەی نەوەستاوە. بووەتە یەکێك لە جێنشینەکانی و کاری لەسەر هزری حەللاجی کردووە، بۆ دروستکردنی وێنایەکی ئەرێنییانە و برەو دان بە بیروبۆچوونەکانی (لەشکری، ٢٠١٢: ١٥٦). نەك هەر ئەمە بەڵکو دەستی بە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی کردووە، تا وایلێهاتووە تایبەتمەندی وەرگرتووە لە بینینی شێخەکەی بۆ ئاستەکانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا. کارکردنی فارس لەسەر ئەو لایەنە وادەکات، لە نێو کولتووری سۆفیگەریدا، وەك ڕەمزێکی بەرهەمهێنەری ئەم جۆرە هزرە بناسرێ، جا چ تۆمەتبارکردنی بێ بە زیادکردن شتگەلێك لەسەر بیروباوەڕی حەللاج، یانیش هەر خۆی مەبەستی بووبێ لەم لایەنەی بیری سۆفیگەری قووڵ بیێتەوە. هەر ئەمە وای کردووە ئەم سۆفییەی دینەوەر لە نێو گرووپی "حلولییە حەللاجییەکان" دابنرێت، ئەمانەش وا دەناسێنرێن کە باوەڕیان بە حەللاج لە سنووری ئاساییەوە پەڕیوەتەوە بۆ سەروو ئاساییەوە (ماسینیون، ٢٠٠٤: ١/ ٧٢، ٦٦٧). جێکەوتەی فارسی دینەوەری بەسەر ئەم بوارە و لە پرۆسەی بەگرووپکردنی یار و پەیڕەوانی حەللاج ئەوەندە بەرفرە بووە، تا دەگوترێت لقێکی سەربەخۆی لە نێو گرووپی حلولییەکان هێناوەتە دی، کە ناوی ئەویان هەڵگرتبێت، واتا "فارسییەکان" (الهجویري، ١٩٨٠: ٢/٥١٢). ئەمەش ڕێبازێکی حەللاجییە و جگە لە یاوەرانی فارس کەسی دی هەڵگری ئەو ڕێبازە — واتا حلولی- نەبوونە. لەمەش تێدەگەین فارس ڕێبازی "حلولی" لە حەللاجییەتدا چڕ کردۆتەوە، بەمەش جۆرێك لە تایبەتمەندی وەرگرتووە کە پەیوەست بوو بە جیهانبینی حەللاجییانەوە.

**گڵۆباڵ وەک تیۆرێک دووبارە ڕێکخستنەوەی مەعریفەی مێژووییە، بە شێوازو فۆڕمێک هاوکارمان دەبێت لە تێگەیشتنی دیاردە خۆجێییەکان لە میانەی پەیوەندی بە جیهانی فراو انترو گەورەترەوە**

بانگەوازی ئەم سۆفییە بۆ ڕێبازەکەی حەللاج بەرفراوان بووە؛ ڕووی کردۆتە هەرێمی خوراسان و لە شاری سەمەرقەند گیرساوەتەوە، دەگوترێت لەوێ ڕێبەرێتی

ڕێکخستنەوەی بانگەوازی حەللاجی کردووە. وادیارە بانگەوازەکەشی ئاکامی باشی هەبووە، بۆیە دەبینین بەڕێزەوە باس لەو قۆناغەی ژیانی و پەیوەندیی بە گەورە زاناو فەقیهەکانی ئەوێ دەکرێت.

**شارەزووری و پاراستنی نەریتی ئیشراق**

لەناوکۆی ئیسلامیدا چەندین ڕەوتی جیاوازی هزری دەرکەوتوون، کە ڕەنگدانەوەی بەریەککەوتنی ئاراستە فەلسەفی و عیرفانییە جیاوازەکان بوون و هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆجێییانەی ڕەسەن بوون. هزری ئیشراقی یەکێک بوو لەمانە، کە بە پلە یەک لەسەر دەستی شەهابەدینی سوهرەوەردی (م. ٥٨٧ک/١١٩١ز) دامەزرابوو و هەر بە ناوی ئەویشەوە دەناسرایەوە. ئەم سیستمە هزرییە بە خاڵێکی وەرچەرخان لە تێگەیشتنی فەلسەفیی عیرفانی دادەنرێت و لەزۆر بابەت و پرس، لە تێگەیشتنی باودا، سنووربەزێن بووە. بۆیە هەر زوو دژایەتی کراوە؛ سوهرەوەردی کوژراوە و کەسانێک، گەر لە کردەوە جوامێر و لە هزر جەربەزە نەبوونایە، جورئەتی ئەوەیان نەکردووە خۆیان وەک هەڵگری بیروڕایەکە ناساندبێت و کەوتوونەتە بەردەم ئەگەری لەناچوونەوە. مەگەر ئەم کەسانە نەبوونایە، کە ئەوەند باوەڕیان بە سوهرەوەردی کردووە، جەربەزەیی ئەوەیان تێدا ڕسکاوە پەیڕەوی لە تێز و بۆچوونەکانی بکەن. شەمسەدینی شارەزووری لەم کەسانەیە، کە یەکەمین گەورە فەیلەسوفی ئیشراقی دوای سوهرەوەردی بوو.

**تەکیە و خانەقاکان وەک سەنتەرێکی تێکەڵبوونی کولتووری دەرکەوتوون و تێیاندا ئاسایی بووە شێخێکی هیندی بووبێتە مورشید و ڕێنیشاندەری موریدێکی کورد و فەقیهێکی عەرەب و زاهیدێکی فارس**

شەمسەدینی شارەزووری جەربەزەیی ئەوەی هەبووە دەست لە فۆڕمی باوی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە هەڵگرێت، بە ئەزموونێکی عیرفانی قووڵدا تێپەڕێت و بە کاریگەری ئیشراقی سوهرەوەردی وەک حەکیمێکی خودایی، کە لە ناوکۆ هزرییەکەدا باڵاترین پلەی عارفێتییە، خۆی بنوێنێت. هاتووە چەندین کتێبی نووسیوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئاراستە هزرییە، لەگەڵ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی تێز و بۆچوونەکانی مامۆستا ڕۆحییەکەی و خستنەڕووی تێگەیشتنی خۆی بۆ چەمک و بنەماکانی ئیشراق (لشكري، ٢٠٢٣). هەر ئەمەش وایکرد ئەڵقەی هەرە سەرەکی بێت، بۆ هەرکەسێک دواتر ویستبێتی بە ئیشراق ئاشنا ببێت.

کاریگەری و جێکەوتەی فەیلەسوفە ئیشراقییەکەی شارەزوور، زێتر بەسەر ئەو قوتابخانە فەلسەفییە درەنگ وەختە چاوەڕوانکراو بوو، کە پێی دەگوترێت قوتابخانەی ئەسفەهان.
لەسەدەی شانزەی زایینی، لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران، قۆناغێکی نوێی مێژووی فەلسەفەی عیرفانی لە پانتاییەکەدا دەستی پێکرد؛ قوتابخانەیەک کە ورد سەرەدەری زۆری لەگەڵ سوهرەوەردی و تێزەکانی کردووە، بۆیە لە ناسینەوەی هزری ئەم شێخە، دەبایە بگەڕێنەوە بۆ شارەزووری. میرداماد (م. ١٦٣١ز)، کە بە دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت، یەکێک لەو کەناڵانەی بەهۆیەوە سوهرەوەردی ناسیووە بەرهەمەکانی شەمسەدین بوون. ئەو، ئەم فەیلەسوفەی شارەزوور، وەک یەکێک لە پەیڕەوکارانی سوهرەوەردی دەناسێنێت و لە چەندین جێگە، لە کتێبی "القبسات"ەکەی، چووەتەوە سەر بۆچوونەکانی شارەزووری (١٠٣، ١٦٣). دیارترین فەیلەسوفی ئەم قوتابخانەیە، کە سەرەدەری لەگەڵ ئیشراقدا کردووە، سەدرەدینی شیرازی ناسراو بە مەلا سەدرایە (م. ١٦٤٠ز)، ئەو شارەزووری وەک یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ئیشراق دەبینی، کە بە سوهرەوەردی دەستی پێکردووە؛ لە ڕیزی ئەوانەی داناوە، کە جیاواز لە مەشائییەکانی وەک فارابی و ئیبن سینا، قسەیان لەبارەی زانینی خودایی بۆ شتەکان کردووە. هەربۆیەشە بۆ ئەو (١٩٩٠: ١/١١٥؛ ٣/١٨١)، بووەتە ژێدەرێکی ناسینی ئیشراق و ڕوانگە و هزری "حەکیمانی خودایی".
لەدەرەوەی جوگرافیای ئەم قوتابخانەیەشدا، درەنگتر لەنێو بازنەی زانستی عوسمانیدا، شارەزووری ئامادەیی هەبووە. کتێبی پەیامەکانی یەکێک بوو لە دەقە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ئیسلامی و ئەو زانایانەی لەوێ خۆیان بە فەلسەفە سەرقاڵ کردبوو، گرنگیان پێداوە. تەنانەت لەلایەن نوسەر و دیپلۆماتی ناوداری عوسمانی محەمەد یەرمزقز چەلەبی ئەفەندی (م. ١٧٣٢)دا، بەناونیشانی "ثمرات الشجرة" چەند بەشێکی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی – عوسمانی (Pourjavadi & Schmidtke, ٢٠٠٦: ٧٦,٧٩). ناوەڕۆکی پەیامەکانی شارەزووریش ئەم ئارەزوو و پێداویستییە مەعریفییەی ئەوانی بەجێ دەگەیاند، کارێکی ئەنسایکلۆپیدیانەی فەلسەفە و زانستە ئیسلامییەکان، کە تێیدا بە مێتۆدێکی جیاوازەوە زانستەکانی پۆلێن کردووە.

## ئیبراهیمی گۆرانی بەجیهانیکردنی یەکێتیی بوون

لە سەدەی شانزە و هەژدەدا، پەرەسەندنی داهێنەرانەی سیستمی خوێندنی کوردی، کە سەرنجی زۆر لە گەورە توێژەرانی وەک

عیماد عەبدولسەلام ڕەوف و خالید ڕوەیهب و چەندانی دی ڕاکێشاوە، بە گرنگیدانی زیاتر لە هی شوێنەکانی تر بە زانستە عەقڵییەکان و جێکردنەوەیان لە ناوکۆی فێرکاریدا ناسرایەوە. لێرە، ئاوێتەبوونێک لەنێوان بنەما عیرفانییەکان و شرۆڤەی عەقڵیی کەلامناسانە و مەشائییانە چێ بوو، کە بواری بە دەرکەوتنی ژینگەیەک بۆ گفتوگۆی کەلامی و هزری عیرفانی ڕەخساند. ئەم نەریتەش هەر لە کوردستان نەمایەوە، بەڵکو زاناکانیان، لەوانەش گۆرانییەکان، بەرزنجەییەکان، حەیدەرییەکان... تاد. نەریتە خۆجێییەکەیان بۆ شوێن و دەڤەری نزیک و دوورەدەستی پانتاییە ئیسلامییەکە گواستۆتەوە و جێکەوتەیان بەسەر دیمەنی هزریی زۆر ناوچە هەبووە. یەکێک لەو زانا کوردانەی زۆرترین ڕۆڵی لەم بوارەدا هەبووە و هزر و بیرۆبۆچوونەکانی لە ئاستی جیهانی ئیسلامیدا دیارە، ئیبراهیمی کوردی گۆرانیی شارەزووری (١٦١٦-١٦٨٩)، کە یەکێکە لە دوایین ئەو کەسایەتییانەی قۆناغی درەنگی مێژووی کلاسیک، کە کاریگەریی قووڵی بەسەر کۆی هزریی ئیسلامییەوە هەبووە. بە موجەدیدی سەدەی حەڤدەمی زایینی دەزانرێت، بەتایبەت لە ڕووتەختی هزریی سەنتەری دەرکەوتنی ئیسلام؛ لە وڵاتی حیجاز.

پێگەیشتنی هزرییانەی ئیبراهیمی گۆرانی لە کوردستان بوو. بەپێی مێژوونوس و گەڕیدەکان بێت، ئیبراهیمی گۆرانی کەلامناسی، مەنتق و فەلسەفەی لە وڵاتی خۆیدا خوێندووە (ضميرية، ٢٠٢٤: ١٣٥-١٣٦)، بەڵام ئاشنا بوونی بە موحیەدین ئیبن عەرەبی، کە پتر بەمە ناسراوە، زیاتر لە وڵاتی شام بوو. خۆی گوتویەتی کە عەشقی قسەکانی ئیبن عەرەبی بووە و سەردانی گۆڕەکەی کردووە و پەیامەکانی خوێندۆتەوە و لە چییەتی هزرەکەی گەیشتووە. ئەو لەدەرەوەی ئەو فۆڕمە سۆفیانی کورد سەرەدەریان لەگەڵ عیرفانی فەلسەفی هەبووە، پەیوەست بووە بە جیهانبینییە عیرفانییەکەی محیەدین ئیبن عەرەبییەوە، کە هەندێک لە دیارترین زانایانی کورد سەرقاڵ بوونە بە چەمکە بنەڕەتییەکانی، بەتایبەت چەمکی "یەکێتی بوو – وحدة الوجود". ئەم کاریگەریە هەر لە سەردەمی ئیبن عەرەبیەوە دەستی پێکردووە. داکۆکیی گۆرانی لەو چەمکە ئاڵۆزە، بە دیارترین بەشداریی هزرییانەی ئەو دادەنرێت. بەرگری لە بنەمایەکی پەیوەست بە گەورە سۆفییەکەی ئەندەلوس، کە گریمانەی ئەوە دەکات هەر بوونێک دەرکەوتنێکی تاکە حەقیقەتی ڕەهای خودایە. داکۆکییەکەی گۆرانی دووبارەکردنەوەی ئارگیومێنتەکانی پێشوو نەبووە لەسەر چەمکەکە و ماناکانی. بەڵکو هەوڵێکی ئاڵۆزی خۆی بووە، بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم چەمکە میتافیزیکییە - عیرفانییە، بە خوداناسیی نەریتییانەی ئیسلامی.

نـاوەنـدگیریـی زانـاکـەی شـارەزوور لەنێـوان نـەریـتیی عیرفـانیی ئیـسلامی و زانـسـتـە عـەقـڵـیـەکان، بەتـایـبـەت لـە نـزیـکـخستنـەوەی تێز و نـەهێـشـتنی دژیەکییەکانی نێـو هـزری ئیبن عـەرەبی، هۆکاربوون بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی بـاوەڕپـێـکـراو و لـەدوای خـۆی میراتـێک بخـاتـە سـەر مێژووی هـزری ئیـسلامی. چارەسەری گۆرانی بۆ ئەم دژیەکییەکان، لـە مـیـانـەی جـەخـتـکـردنـەوە لـەسـەر تێگەیشتنێکی فـرەچین بۆ جیلوەی زاتی خـودایی، ڕێـگـەی بـەوە داوە تێزەکـانی لەنێو شـرۆڤـە جیـاوازەکان بـۆ چەمکی "یەکێتیی بوون" جێگەیان ببێتەوە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو چەمکەکە بخاتە نێو چـوارچێـوەیـەکی گـەورەتـرەوە (Knysh, ١٩٩٥: ٤١). بەمەش نەک هەر ڕەوایەتی بە میـتـافیزیکای عیرفـانی لەنێو نەریتیی ئیسلامی بەخشی، بەڵکو چوارچێوەیەکی بـۆ تـێـگـەیـشتن لـە فـرەچـەشنی هـزری سۆفیگەریی ئیسلامی دابین کرد.

**دەتوانین ئەوە بڵێن سۆفیگەری وەک گرنگترین کایەی ئایینی و نزیکترین دەرکەوتەی ئیسلام بووە لە کۆزەینی کوردەوە**

هـەرچـۆنـێـک بێـت ئـیبراهـیمی گـۆرانی نـمـوونـەی هــەرە بــاڵای کـاریـگـەریی و جێکەوتەی هزری پێگەیشتووی زەمینەی کوردییـە لـە دەرەوەی سـنـوورە جیـۆ - کولتوورییەکاندا. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەو زنجیرەی ئیسنادە دەدەن، کە ئەوی بە تۆڕێک لە زانایان لە مەغریبەوە بگرە تا ئەندەنوسیا بەستبۆوە و سەدای هـەڵـوێسـتـە هـزریـیـەکانی لـەو پانتاییە جـوگـرافـیـیـەدا بیـسـتراوە. زیـاتـریش لە ئەنـدەنـوسـیـا جێـکـەوتـەی هـزریی ئـەم زانـا کـوردە دەبـینرێـت. کاریگـەرییەکانی ئیبراهیمی گۆرانی و جێنشینە کوردەکانی بەسـەر ئەنـدەنوسیـیـەکان فـرەڕەهـەنـد بـووە؛ سـۆفـیـگـەری تـەریـقـەتی (وەک ئەلـقـەی زنــجیرەی چـەنـدین تـەریـقـەتـە بۆ ئـەوان لـەوانـەش، خـەڵـوەتی، شـاتـری و نـەقـشـبـەنـدی)، عیرفـانی فـەلسـەفی، کەلامناسی و فیقهیی شافیعی گرتۆتەوە، کە جێکەوتەی هەرە دیاری بووژاندنەوە و شێوەگیرکردنی هزر و کرداری میانڕەوییە لە خوێندن و دەورکـردنـەوەی تێزە هەرە یاساخکراوەکانی نێو عیرفانی فەلسەفی، بە فـۆڕمە ئیبن عـەرەبییـەکەی. زۆر لـەو مشتومڕانەی هەبوونە، بە پەیامەکانی ئەو دەستیان پێکردووە و هەر ئەویش کۆتایی پێهێنـاون. زانـا دیارەکانی سـەردەمەکەی، لەگەڵ ئیبن عەرەبی بوونایە، یان دژ بەو، دەبایە تێز و بۆچوونەکانی ئەم گۆرانییە بخوێننەوە، ئینجا هەڵوێست وەربگرن.

دواجـار دەخـوازم ئـامـاژە بـەوەبـدەم، برۆینەسن (٢٠١١) ڕوونی کـردووەتـەوە، ئەم زانا گۆرانییە تاکە زانای کورد نەبووە،

کە مورید و قوتابی ئەندەنوسیان هەبووە، بەڵکو بە گشتی خەڵکی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەگەر دەهاتن بۆ خوێندن لە بنکە زانستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، زانا کوردەکانیان وەک مامۆستا هەڵبژاردووە، ئەمەش چونکە زۆرینەیان وەک کوردەکان سەر بە مەزهەبی شافیعی بوون، تەنانەت ئەم نوسەرە ئاماژە بە هەبوونی نزیکایەتییەکی ڕۆحانی لەنێوان ئەندەنوسیی و کوردەکان دەدات، کە خۆی لە هاوشێوەبوونی فۆڕمی باوەڕداری و زوهدگەری و دڵسۆزی بۆ ئایین دەبینێتەوە.

## ئەڵقە کوردستانییەکانی زنجیرەی تەسەوف

ئەم ڕۆڵگێڕانەی سۆفی و زاناکان، ڕەنگدانەوەی ئەو پەرەسەندنە مێژووکردە بوو، کە لە کوردستاندا کایەکەی پێدا تێپەڕیوە، هەر لەو دەمەی بەرجەستەی ئەزموونی عیرفانی تاکەکەسیانەی کردووە، تا بووەتە سیستمێکی تایبەتمەندی کولتووری، ڕێوڕەسم و سرووتی فرەچەشنی هەبووە، لە چوارچێوەی چەندین فۆڕمی پەیوەندی کەسەکانی نێو سیستمەکە بەیەکەوە گرێدراون.

یەکێک لەو بوارانەی کەسێتییە سۆفییەکانی کوردستان تێیدا وەک ئەلقەی گرنگی سۆفیگەری نوێندراون، زنجیرەی سۆفیانە؛ ئەو زنجیرەیەی ئاماژەیە بۆ بنەچەیەکی ڕۆحانی؛ ئەڵقەکانی گواستنەوەی زانستە ڕۆحانییەکان و گواستنەوەی تەریقەتن. توێژەرێک(العطاس، ٢٠٢٥: ٤٨١-٤٨٢)، پێیوایە شێخانی سۆفی ئەو زنجیرەکارییە و ڕەگەزدۆزییەیان لەپێناو ئەوەدا کردووە، تا جموجۆڵی زانستییانەی خۆیان ڕێک بخەن، بەتایبەت ئەگەر دەبینین زنجیرە لە شێوەی ئیسناد داڕێژراون، کە فەرموودەناسان پشتیان پێ بەستبوو لەپێناو گەیشتن بە ڕاستی و دروستی فەرموودە، شێخەکانیش هاتوون بۆ سەلماندنی دروستیی گواستنەوەی ڕێسا و ڕێنماییە ڕۆحانییەکان و گەڕانەوە بۆ بنەچە و زەمینەی پێغەمبەری ئەم زنجیرەبەندییەیان برەو پێداوە.

لە .زنجیرەی زۆربەی تەریقەتە دیارەکان ناوی چەندین کەسێتی دێت، بەهۆیانەوە ئەم زنجیرەیە بە نەپساوی ماوەتەوە، ڕەنگە لە یەکەمین ئەو کەسێتییانەی کوردستان مەمشادی دینەوەری (م. ٨٨٢ز) بێت. بێگومان تێڕوانین و کەسایەتی مەمشاد بەر لە هەموو کەس و شوێنێك کاریگەریی بەسەر شارەکەی خۆیدا هەبووە، بەتایبەت لەسەر ئەو سۆفییانەی دینەوەر، کە لە دوای ئەودا ناویان دەرکردووە و لە مورید و کەسە نزیکەکانی خۆی بوون، ئەوەی لە هەموویان زیاتر لەو نزیك بووە شێخ ئەبولعەباس ئەحمەدی کوڕی سیاە ئەسوەدی دینەوەرییە . هەریەک

لە مەمشاد و ئەم جێنشینەی، لەدوای قۆناغی دامەزراندنی سۆفیگەری، یادیان هەر ماوە و لە دووتوێی کولتووری ئایینی کوردیدا جێگەیان بووەتەوە، ئەوان وەك دوو قوتبی "چل تەن"، یان با بڵێین، دوو لە چل عارفی پیرۆز لە کولتووری ئایینی "ئەهلی هەق" ماونەتەوە، ئەگەرچی مانەوەکەشیان تەنیا بەناوە (خواجەدین، ١٣٤٩: ١٠)، کە ڕەنگە ئەمەش بەڵگە بێت لەسەر کاریگەریی دوورمەودای کەسێتییەکانیان لە ناوەندی عیرفانی کوردیدا. ناویان هەر لەنێوخۆی کوردیدا نەماوە، ئەوەتا دەبینین لە زنجیرەی زۆر لە تەریقەتەکان (خەڵوەتی، چەشتی، سوهرەوەردی...تاد.) ناویان دێت.

**بەردەوامێتیی سۆفیزم لە پانتایی کوردی، لەو سەرەتایەوە بۆ ئێستا، سەرباری ئەوەی بووەتە بەشێکی سیستەمە کولتوورییەکە، بە سیستەمی خوێندنی ئایینییشەوە گرێدرابوو**

بەهەمان شێوە سۆفی ناودار ئەبولحەسەنی هەکاری (م. ١٠٩٣ز)؛ سۆفییەکی نەریتگەرا، کە تەنانەت ئیبن تەیمیە لە ریزی "وەلییەکانی خودا" و "ڕاستگۆکان" و چاکەکار و پەیڕەوکاری سوننە دایناوە (١٩٨٩: ٣٧٧/٣)، یەکێکی تره لەو شێخانەی کوردستان، کە کاریگەریی بەسەر شێوەگیربوونی زنجیرەی سۆفییان بە ڕوونی دەردەکەوێت. ناوی ئەو لە زنجیرەی زۆر لە تەریقەتەکان دێت، لە لق و پۆپەکانی قادرییەوە بگرە لە هەر شوێنێک بن، تا بە تەریقەتی سەممانی دەگات لە سودان.

هەبوونی ناوی ئەم سۆفییانەی کوردستان لە نێو زنجیرە هەرە بنەڕەتییەکانی سۆفیگەری ئیسلامی، هەر تەنها بۆ ڕەوایەتیدان نەبووە بە ڕەهەندی زەمەنییانەی زنجیرەکە، بەڵکو وەرگرتنی شەرعییەت بووە لەو پێگەیەی ئەم شێخانە لە سەردەمی خۆیاند هەیانبووە و ڕەنگدانەوەی بەشداریی ئەوانیشە لە بەخشینی مانای ڕەمزی بە زنجیرەکە. بەتایبەت ئەگەر دەبینین، بەشێوەیەکی گشتی، زنجیرە وەک ئامرازێکی بەهێزی گوتارییانە بەکارهێنراوە لەپێناو کۆکردنەوەی پەیڕەوکارانی تەریقەتێکی دیاریکراو لە قۆناغە جیاوازەکانی گەڵاڵەبوونی سیستەمەکەی، کە لە سەرووی دابڕانە جوگرافییەکانەوە، بە کەسی یەکەم گرێدراون (العطاس، ٢٠٢٥: ٤٨٢). بەو مانایە زنجیرە پەیڕەوکارانی خستۆتە نێو دۆخێکی پەیوەندیی چەمکییانە، وایکردووە وا بیربکەنەوە سەر بە نەریتێکی دیاریکراوی ئایین ین و دواجار لە ڕێگەی ئەم ناوانەی زنجیرەکەیان پێکهێناوە ڕۆحییانە بە پێغەمبەر، وەک کەسی

یەکەمی زنجیرەکە، پەیوەست دەبن. هەر ئەمەش وایکردووە چیدی ناوی سۆفییەکانی کوردستان وەک ناو نەبەن، بەڵکو ببنە بەشێکی یادەوەریی کولتووریی تەریقەت و سەربوردە و بەسەرهاتیان، لە هەر شوێنێک تەریقەتەکە هەژمونی هەبووبێت، بگێڕدرێنەوە.

## سۆفیی کورد و بەخشینی ناسنامەی جیهانی بە تەریقەت

تەریقەتە سۆفییەکان، گرنگترین ئەو سیستمە ئایینی – کۆمەڵایەتییانە بوون ، کە ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەدەرەوەی چوارچێوەی جوگرافییە یەکەمینەکەیدا هەبووە، بەتایبەت لەنێوان سەدەکانی دە تا نۆزدەی زایینی. ئەم تەریقەتانە، کارێکی دووانەیان ئەنجامداوە، کە خۆی لە ڕێنمایی گیانەکی و لەچوارچێوەدانی کۆمەڵایەتیی - کولتووریدا بینیوەتەوە. ئەوان پشتیان بە ڕێوڕەسمی باتنییانەی وەک زیکر و چاودێری ڕۆحانی و پەیوەندیی فێرکارییانەی ڕاستەوخۆی نێوان شێخ و مورید بەستووە، لە پێناو تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە (Hermansen, ٢٠٢٣). سەرکەوتنیشیان لە دروستکردنی مێژوویەکی گڵۆباڵ بۆ ئیسلام، بە پلە یەک، دەگەڕێتەوە بۆ توانای خۆگونجاندنیی کولتوورییانەیان لەگەڵ سیستمە کۆمەڵایەتییە فرەچەشنەکان. بەتایبەت کە، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی سۆسیۆ - ئایینیی هەر ناوچەیەک، ڕێگەیان بە ئاوێتەکردنی بنەماکانی ئیسلام و نەریتە خۆجێییەکان داوە (Weismann, ٢٠١٥, ١٣٤). هەربۆیە دەبینین تۆڕی ئەو پەیوەندییە سنووربەزێنانەی تەریقەتەکان دایانهێنا، ڕۆڵی هەبووە لەوەی ناونراوە "کۆزمۆپۆلیتای سۆفیگەری"، وەک تایپێکی ئایینی، کە جۆرێک لە بەهای ئەخلاقی و ڕوحانی بڵاودەکاتەوە، سنووری نەتەوە و مەزهەب دەبڕێت و ڕێگە بە دروستبوونی پەیوەندیی دەستەجەمعییانەی تۆکمە، لەنێو جڤاکەکاندا دەدات. لێرەوە ناتوانین لە پرۆسێسی بەجیهانیبوونی ئیسلام بگەین، ئەگەر ڕۆڵی تەریقەتە سۆفییەکان، وەک هۆکارێکی سەنتەرییانەی بە موسڵمانکردنی کۆمەڵە مرۆییە فرەجۆرەکان لە ڕووی کولتووری و جوگرافی، لەبەرچاونەگرین.

**بەدرێژایی سەردەمی کلاسیک تا دەستپێکی قۆناغی مۆدێرنیش، دەستەبژێری کوردی بەشداری لە پرۆسەی بەخۆجێییکردنی دیاردە ئایینییەکە، پاشان گواستنەوەی بۆ پانتاییەکی فراوانتر کردووە**

سەبارەت بە بابەتەکەی خۆمان، ئەگەرچی دەستەی یەکەمی سۆفییانی

کورد دامەزرێنەری هیچ تەریقەتێکی سەربەخۆ نەبوونە، بەڵام هەر ئەوان رۆڵیان لە گەڵاڵەکردنی ئەو سیستمە باوەڕی - سروتییە هەبووە، کە دواتر وەک تەریقەت دەناسرێن. ئەوان ئامادەییەکی بەهێزیان لەنێو ئەو جۆرە سیستەمەدا هەبووە، کە لەسەدەی، یانزەی زایینییەوە گەڵاڵە بوون (قادری و ڕیفاعی...تاد). کەسانێکی وەک ئەبوبەکری هاواری، ئەبو محەمەدی شەنبەکی و بولوەفای کورد، لە نێو گێڕانەوەی قادرییەکاندا، بە سێ یەکەمین ئەو شێخانە دادەنرێن، کە وا دەگێڕدرێتەوە پەیوەندیان بە شێخ عەبدولقادرەوە هەبووە؛ ستایشیان کردووە، یان ستایشی کردون، ئەگەرچی یەکێکی وەك ئەبوبەکری هاواری، لەسەردەمی ئەودا نەژیاوە. هەربۆیە ئەوانەی سەربوردەی ژیانی شێخ عەبدولقادریان نوسیوەتەوە پەیوەندیی هاواریان بەو شێخە خستۆتە چوارچێوەی کەرامەتنوێنیەوە؛ دەڵێن ئەو سۆفییە کوردە پێشبینی دەرکەوتنی عەبدولقادری کردووە، بێگومان ئەمەش – لە دەرەوەی ئەو لۆژیکەی کەرامەتی سۆفییانەی پێ دەخوێندرێتەوە – بە پلەی یەکەم ئاماژەیەکە بۆ گەڕان بەدوای ڕەوایەتی پێگەی بەرزی شێخ عەبدولقادر، نەك وەك کەسێکی مێژوویی بەڵکو وەك شێخی دامەزرێنەری تەریقەتێك، کە زیاتر سیستەمەکەی لەدوای ئەو گەڵاڵە بووە و تیایدا وێنایەکی ئەفسانەیی بۆ کراوە و لە کەسێکی ئاساییەوە کراوەتە ڕەمزێکی سەرووئاسایی (لەشکری، ٢٠١٢: ٢٦٦-٢٦٧)، ئیدی گەڕانەوە بۆ ئەو سۆفییە کوردە جەخت لەسەر کاریگەریی بۆچوون و پێشبینییە غەیبانییەکانی ئەو لە ناوەندیی سۆفیگەریی دەکاتەوە، بەتایبەت کە ئەو خۆی مایەی ستایشی شێخی گەیلانی بووە. بەهەمان شێوە هەریەکە لە شەنبەکی و بولوەفا لەنێو کولتووری تەریقەتی ڕیفاعیدا ئامادەییان هەیە. ئەوەتا دامەزرێنەری تەریقەت شێخ ئەحمەدی ڕیفاعی خۆی بە پەیڕەوکاری شەنبەکی زانیوە و وەك شێخی خۆی ناوی هێناوە و کەرامەتی لێ دەگێڕێتەوە. بەهەمان شێوە لە زۆر بۆنەدا ستایشی بولوەفای کردووە. هەروەها بەهەمان شێوەی قادرییەکان، ڕیفاعییەکانیش پێیان وایە ئەو سۆفییە یەکێکە لەو شێخانەی مژدەی دەرکەوتنی شێخ ئەحمەدی ڕیفاعی راگەیاندووە. بەو پێودانگەش، بۆمان دەرکەوتووە لەو زنجیرە سۆفیگەرییانەی تەریقەتی ڕیفاعی پێوە پابەندە، لایەنی کەم لەڕێی خیرقەپۆشییەوە، زنجیرەی "شەنبەکی – وەفائی"یە (Termingham, ١٩٧١: ٤٩). ئیدی وادەردەکەوێت تەریقەتەکان دەخوازن لەسەر ناوی ئەم سۆفییە کوردانە و لە میانەی پرۆسەیەکی وردی وێناکردنەوەی کەسێتییە ڕەمزی - ڕوحانییەکەیان، بەدەر لە ڕاستی و ناڕاستیی پەیوەندییە مێژووییەکانەوە،

هەم بونیادی پیرۆزکراوی تەریقەتەکەیان دابڕێژن و هەمیش بەردەوامیی مێژوویی پێ ببەخشن.

## کورده ئەیوبییەکان و بەمیللییکردنی تەسەوف

دەوڵەتی ئەیوبی (١١٧١-١٢٦٠)، کە سەرکردەی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی دایمەزراند و پانتاییەکی فراوانی جوگرافی لەخۆگرتبوو (میسر، شام، بەشی هەرە گەورەی کوردستان، سودان و حیجاز و یەمەن...)، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە بەدەزگاییکردن و بڵاوکردنەوەی ڕوخسارەکانی سۆفیگەریدا بینی، لەچوارچێوەی ئەو تۆڕە سیاسی و ئایینییەی لە قۆناغەکەدا زاڵ بووە و هۆکارێکیش بوو بۆ شێوەگیربوونی تەریقەتە سۆفییەکان لە مێژوویەکی درەنگتردا (الكيلاني، ٢٠٠٢). ئەیوبییەکان کاریان بۆ ئەوە کرد دەسەڵاتی ئایینی بە ئاڕاستە نەریتگەرایی سوننییەوە بێت و چەشنێک لە گونجانیان لەنێوان سیستمی حوکمڕانی خۆیان و مەزهەبی شافیعیدا چێ کرد. پاڵپشتیی ئەوان بۆ ژێرخانی ئایینی، بەتایبەت دروستکردنی قوتابخانە، خانەقا و ڕیبات، وەک ستراتیژییەتێکی ئایدۆلۆژی خۆی نواند، کە زوهدگەریی نەریتییانە و سۆفیزمی کۆمەڵایەتییانەی، لە دووتوێی خوێندنی فەرمی ئایینی و گرنگیدان بە شوێن و گۆشەکانی پەرستن بووژاندەوە. ئەو بنکە و دەزگایانە هەر تەنها شوێنی گوتنەوە و دەورکردنەوەی دەقەکانی فیقهیی شافیعی، یان مەزەبی تر نەبوون، بەڵکو ببوونە ڕوتەختێکیش بۆ ئاڕاستە و ڕێنماییکردنی ڕۆحانی و چاکسازیی لە ڕەفتاری تاکی باوەڕداردا. بەمەش ئەیوبییەکان توانیان فەزای ئایینی شارییانەی ئەو ناوچانە، بەپێی سرووت و نەریتی سوننەگەرای بە تام سۆفییانە، دابڕێژنەوە و لەگەڵیشیدا ڕەوایەتیی شەرعی بە دەسەڵاتی خۆیان ببەخشن.

چاودێری و گرنگیدانی دەوڵەتەکە بە گەورە شێخانی سۆفی، دامەزراندنی چەندین خانەقا بۆ ڕێچکە جیاوازەکانی، بووە هۆی ئەوەی ژێرخان و ئایدۆلۆژیایەک بۆ ڕەوتە ئایینییەکە دروست ببەت ڕێگە بەوە بدات لەنێو جڤاکدا بە ئاشکرا جێکەوتە و کاریگەریی هەبێت. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕەهەندی ڕۆحانی ئاوێتەی کولتووریی ئایینیی فەرمی ببێت، ئەمە سەرباری بەگەڕخستنی کێشکردنی میللییانەی تەسەوف لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتە سیاسییەکە. ئەم حاڵەتە بە ڕوونی لە پشتگیری کردنی میراتی تەریقەتییانەی کەسانێکی وەک شێخ عەبدولقادر، هەروەها شەهابەدینی سوهرەوەردی دامەزرێنەری تەریقەتی سوهرەوەردی، هەروەها چەکەرە و بروەسەندنی تەریقەتی شاذلی لە شام و میسر هەبووە. ئەمەش بە مانای گرتنەبەر ڕێبازێکی

دیاریکراو لە پێناو وەبەرهێنان لەسەر کارێزمای ڕۆحانی دەگەیەنێت، لەگەڵ بەرزەفتکردنی ڕەهەندە نەیارەکانی ئەگەر هەبوون. لێرەوە گوزارەی ئەیوبی لە باوەڕداری، لەو پانتاییە جیۆ – کولتوورییە فراوانانە، تەنیا لە چوارچێوەی سیستمی شەریعەتییانە، یانیش تەریقەتییانە نەبووە، بەڵکو بەرجەستەی گونجانێکی دینامیکییانە بووە، کە ڕێوڕەسمی سۆفییانەی لە پێناو ڕێکخستنی زوهدی کۆمەڵایەتی، بەرزەفتی کۆمەڵایەتی و هەژموونی لاهوتییانە بەگەڕخستووە.

**لە ناوکۆی ئیسلامیدا چەندین ڕەوتی جیاوازی هزری دەرکەوتوون، کە ڕەنگدانەوەی بەریەککەوتنی ئاڕاستە فەلسەفی و عیرفانییە جیاوازەکان بوون و هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆجێییانەی ڕەسەن بوون**

لەم ڕەوشە سۆسیۆ - ئایینییەی سەردەمی ئەیوبییاندا، شێخە سۆفییە کوردەکان ڕەهەندی هەرە دیاری بونیادی ئایینی - سیاسیی سەردەمەکەیان پێکدەهێنا. ئەوان وەک نێوەندگیرێکی نێوان دەوڵەت و گرۆ لۆکاڵییەکان خۆیان نواندووە. بەپشت بەستن بە لاگیریی خێڵەکی، یان ناوچەیی (هەکاری، مەهرانی، عەدەوییەکان، جێگرییەکان (شێخ جاگیر)...) ببوونە خودان سەرمایەیەکی ڕەمزی (ڕۆحانی و کۆمەڵایەتی) و پێوەندی نێوان بەرەکەتی سۆفییانە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. دەرکەوتنیان لەخۆوە نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بونیادە ڕەگەزیی (کوردبوون)ەکەی دەستەبژێری ئەیوبی بوو، هاوکات گوزارەشی لە پێداویستیی ستراتیژییانەی ئەوان دەکرد، لە تۆکمەکردنی دەسەڵاتەکەیان لە پەراوێزەکانی قەوارە سیاسییەکەیاندا. شێخ عەدی کوڕی موسافیر، شێخ عەلی کوردی و درەنگتر شێخانی عەدەوی و شێخ خدری مەهرانی نموونەی هەرە دیارن کە پاڵپشتی ئەم شرۆڤەیەمان دەکەن (حسن، ٢٠٠٩). ئەمانە ڕیبات، گۆشە و تەکیەیان لە ناوچەکاندا دامەزراندووە و بوونەتە کەناڵی گواستنەوەی بەها سۆفییانەکان و مەعریفەی ئایینی بە زمانی عارەبی. ئەو کاریزما ڕۆحانییانەی هەیانبووە، لەگەڵ ئەو ڕیشە کۆمەڵایەتییانەی بە زەمینە جیاجیاکانی گرێداون، هاوکاریان بوو لەوەی سیستمی ئاکارییانەی سۆفیزم، نەک هەر لە پانتاییە شارییەکان بەڵکو لە دەڤەرە دوورەدەست و دێهاتەکانیش، بڵاوبکەنەوە. ئەمەش ڕۆڵی لەوەدا هەبووە تەسەوف لەنێو ناسنامەی ئیتنیی - ئایینیدا جێگەی ببێتەوە و نەریتگەرای سوننەمەزەب لە ژینگەی فرەچەشنی کولتووریدا برەو پێبدەن.

**شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی و تەشەنەی تەریقەتی سەفەوی**

شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی (م. ١٣٣٤ز) دەشێت وەک یەکەمین ئەو کوردانە ئەژمار بکرێت، کە درەنگتر ئەو ڕۆڵەی ئاماژەمان پێدا، لە شێوەگیربوونی سۆفیگەریی تەریقەتیدا، گێڕاوە. ئەم شێخە، لەدوای هاتنی مەغۆلەکان و لە ناوەندێکی غەیرە کوردی، توانی لە شاری ئەردەبیل هەم پاڵپشتیی دەسەڵاتدارانی مەغۆلی بەدەست بهێنێت و هەمیش ناوەندە کۆمەڵایەتییەکە، لە ئازەر و تورکمان بە پلە یەک و هەندێک لە کوردەکان، بە ڕێبازەکەی خۆی ڕازی بکات. لە کتێبی "صفوة الصفا"ی دەروێش ئیبن بەزازی ئەردەبیلی(م. دوای١٣٥٨ز)، کە موریدی شێخ سەدرەدین (م. ١٣٩١ز) ی کوڕ و جێنشینی شێخ سەفییەدین بووە و بە هاندانی ئەو شێخە کتێبەکەی نوسیوە و ئاماژەی بە ڕەسەنی کوردانەی ئەم شێخە داوە، ڕوونی کردووەتەوە ئەوان لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ "پیرۆز شاە زەرین کولاهی کوردی سنجانی" (ابن بزاز، ١٣٧٦: ٧٣)؛ کەسێکی دەوڵەمەندی دەستکراوە و دۆستی هەژاران بووە و باپیرە گەورەی شێخ سەفیەدین. بەڵام وەک دەزانین دواتر، دوای گۆڕانی تەریقەتە سۆفییەکە بۆ سیستمێکی ئایینیی سیاسی و بوونی نەوەکانی بە شیعە، هەوڵی داماڵین و پەنهانکردنی ئەم ڕەسەنەیان داوە. هەریەک لە مێژوونووسی ئێرانی سەید ئەحمەدی کیسرەوی و گەورە مێژوونوسی تورک زەکی وەلید توغان، بەوە گەیشتوون ئەم خۆداماڵینە لەسەردەمی شا ئیسماعیل و شا تەهماسبدا بووە؛ کەسانێکیان ڕاسپاردووە بۆ دەسکاری کردنی کتێبەکەی ئیبن بەزاز و هەوڵی دۆزینەوەی ڕەسەنێکی هەڵبەستراوی پێغەمبەرانەیان داوە، کە دواتر بووەتە تورکێکی شیعە مەزەب (مزاوي، ٢٠١٨: ١١١).

ئەوەی لێرە لە ڕۆڵی شێخ سەفییەدین گرنگە، گۆڕانی مەزەبییانە نیە، لە تەریقەتێکی سوننی شافیعی نەریتییەوە، (کە شێخەکە پێی ناسرابوو و خەسڵەتێکی کوردانەی هەبووە) بۆ ڕێبازەکی شیعەی پەرگیر (کە درەنگتر نەوەکان و دەوڵەتەکەیان پێی ناسراون و خەسڵەتی هەمەگیرانەی پێ بەخشراوە)، بەڵکو ئەو سیستمە تەریقەتیی و ئەو ڕێکخستنە سۆسیۆ - ئایینییەی پەیوەندیی نێوان شێخ و پەیڕەوکارانی بوو (فۆڕمی ئیرشادی ئایینی و بەموریدکردنی سەرتاپای ناوەندە کۆمەڵایەتییەکە)، کە بواری بە تۆکمەبوون و دواتریش وەرچەرخان بە ئاراستەی تێگەیشتنێکی شیعییانەی ئایین داوە، وای کردووە تا ئێستا وەک ناسنامەی قەوارەی ساسیی - ئایینی ئێرانیدا بمێنێتەوە. میشێل مەززاوی (٢٠١٨) ئەو ڕۆڵ و پەرەسەندنەی تەریقەتی سەفەوی بۆسەر سێ قۆناغ دابەشکردووە. سروشتە کوردییەکەی

لە قۆناغی یەکەم و دووەمیەتی، کە لە پیرۆزشای کڵاوزێڕینەوە دەستپێدەکات و بە جێگیربوونی وەک تەریقەتێکی سۆفییانە کۆتایی دێت. واتا لە دەرکەوتنی ڕەوتە سۆفییەکە و چەسپانی بنەماکانی و تەشەنەکردنی، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لەو پێگەیەی شێخە یەکەمینەکان لە پانتاییە کۆمەڵایەتیی - ئایینییەکەدا هەیانبووە و ڕێزی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکە (ئێلخانییەکان، تەیمووریەکان...تاد.) یان بەدەست هێناوە. ئەوان لە شێخ سەفییەوە تا ئیبراهیم توانیان باوەڕی سۆفییانە و ڕێبازە تەریقەتییانەکەیان، لە ئازربێجانەوە بگرە تا قوڵایی ئەنادۆڵ، بڵاوبکەنەوە. هەر ئەمەش ئەو زەمینە ڕێکخراو و سیستماتیکە بوو، کە سەفەوییەکانی دواتر تا شا ئیسماعیل و تەهماسپ پشتیان پێبەست بۆ دامەزراندن و تۆکمەکردنی کۆڵەکەکانی قەوارە سیاسییەکەیان، لە زەمینەیەک کە باوەڕی میللیی بەسەریدا زاڵ بوو و کارەکتەری سەیدزادەی شیعەگەر بە سانایی قەبووڵ کراوە.

## بەرزنجییەکان و بەجیهانیکردنی تەریقەتی قادری

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی تەریقەتی سەفەوی، هەر لە کوردستان تەریقەتەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، چ لەسەردەستی ئەوانەی خۆیان بە بنەماڵەکەی زانیوە، یان بنەماڵەی تر، لە سەروو هەمووشیانەوە بەرزنجییەکان دێن. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەوان تەریقەتەکە نەک هەر بووژاوەتەوە، بەڵکو زۆر لە ڕێوڕەسم و سروتی ئایینییانەی بۆ زیاد بووە. پشتبەستنی بەرزنجییەکان بەو سەرمایە ڕەمزییەی لە چەمکی "سەید"بووندا هەبووە، هۆکار بووە بۆئەوەی تەریقەت وەک دەزگایەکی ئایینی بەرهەمهێنی پیرۆزیی و سیستمێکی فێرکاری و پێگەیاندن دەربکەوێت.

**سوهرەوەردی کوژراوە و کەسانێک، گەر لە کردەوە جوامێر و لە هزر جەربەزە نەبوونایە، جورئەتی ئەوەیان نەکردووە خۆیان وەک هەڵگری بیروڕایەکە ناساندبێت و کەوتوونەتە بەردەم ئەگەری لەناچوون**

لەلای بەرزنجییەکان "ڕەسەن"ی پیرۆز و زنجیرەی سۆفییان ئاوێتەی یەکتر کران. ئەمەش جێکەوتەی بەسەر گواستنەوەی زانست و ڕێبەریتی کردن لە چوارچێوەی بنەماڵە و پێگەی هەڵگرانی نازناوەکە هەبووە. وەک توێژەرێک دەڵێ (العطاس، ٢٠٢٥: ٤٨٥) ئەم ڕەسەندۆزییە لە سیستمی تەریقەتیدا وایکردووە سەرکردایەتی ڕۆحانی بە میرات لەنێو تەریقەتەکەدا بمێنێتەوە.

ئەمە بەڕوونی لە نێو تەریقەتی قادری، بە لقە جیاوازەکانی، دیارە؛ کەسێتییە تەریقەتییە - زانستییەکەیان، وەک نوێنەری سەروەتە سۆفییەکە و هەڵگری پیرۆزییەکانی کەسێتییە یەکەمینەکانی ئایینەکە، ڕۆڵی مورشیدی ڕۆحانیان هەبووە و چەشنێک لە دینامیکای پێداون، تا لە پانتایی فراواندا تەریقەتەکە بڵاوبکەوەنەوە و قەبوڵ بکرێت. هەندێک لە کەسێتییە بەرزنجییەکان، ئەوانەی کوردستانیان جێهێشتووە، ئەم ڕۆڵەیان گێڕاوە، بەتایبەت لە شام، میسر و حیجاز. تەنانەت کاریگەریان چووەتە دەرەوەی ئەو پانتاییە ناسراوەی جیهانی ئیسلامی و لە دوورگەکانی ئەندەنوسیا نەریتی قادری، بە فۆرمە بەرزنجییەکەی، لە سەدەی حەڤدەوە، جێگەی بووەتەوە و جێکەوتەی بەسەر تێگەیشتنی سۆفییانەی ئەوێ بۆ ئیسلام هەبووە و هەیە. ئەوەی زۆر باسکراوە لەم کاریگەرییە مەولوودنامەی بەرزنجییە.

وەک دەزانین نەریت و سروتی مەولود خوێندنەوە لە زەمینەی کوردیدا دەرکەوتووە و پێگەیشتووە. سۆفییان ڕۆڵیان لە دروستکردنی گێڕانەوەی سەربوردەی خەیاڵکراوانەی پێغەمبەردا هەبووە. هەر ئەوان بەرهەمهێنی دەقی ئەدەبیی ئایینی بوون، وەک ئامرازێکی گواستنەوەی تێگەیشتنی ئایینییان و پەرشکردنەوەی ئەو ڕۆحانییەتەی لە هزردا بەرجەستەیان کردبوو. ئەوان نەک هەر بە کوردی بەڵکو بە زمانەکانی تریش دەقیان بەرهەمهێناوە. ئەو مەولودنامەیە، کە دەقێکی ئەدەبیاتی سۆفییانەیە و زانای کورد سەید جەعفەری کوڕی مەلا حەسەنی بەرزنجی (١٦٩٠-١٧٦٦)، کە موفتی شافیعییەکان و پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی پێغەمبەر بووە لە شاری مەدینە (محەمەد، ٢٠٢٣: ٨٠). دەقەکە، ڕەنگدانەوەی پاشخانە کوردییەکەی گێڕانەوەی مێژووە پیرۆزکراوەکەیە و سەیدە بەرزنجییەکە هاتووە جوانناسانە بە عەرەبی دایڕشتووە. تێیدا مانا عیرفانییەکانی خۆشەویستی پێغەمبەریی ڕەنگی داوەتەوە؛ ستایش و دوعا و سەڵاواتەکان بە شێوازێک داڕێژراون، کە بە ڕوونی جێکەوتەی سۆفیزم وەک ڕێبازێکی ڕۆحانی دەبینرێت.

ئەوەی لەم ناوکۆیە بۆ ئێمە گرنگە، جێکەوتەی دەقەکەیە بەسەر زەینی سۆسیۆ - ئایینی ئیسلامییەوە. ئەو دەقەی هەر لە زوویەکەی زۆرترین ڕاڤەی بۆ کراوە و بە بەربڵاوی دەستاودەستی پێکراوە (محەمەد، ٢٠٢٣: ٨٠)، بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی مەولودی بەرزنجی ڕەنگدانەوەی کارتێکردنی دینامیکی نێوان بەرهەمی سۆفییانەی کوردی و فەزای کولتووریی ئیسلامی بووە. دەقەکە لەلایەن زانایانی حیجاز و میسر و جاوە، هەم شرۆڤەی بۆکراوە هەمیش لێکدانەوە بۆ کراوە، ئەمەش ئامادەیی دەقەکەی بەهێز کردووە و ڕەهەندێکی

جیهانییانەی پێداوە. لەوەدەچێت هەر لە سەردەمی سەیدە بەرزنجییەکە، لە مەدینەوە گوازرابێتەوە زۆر شوێنی جیهانی ئیسلامی و پێشوازی گەرمی لێ کراوە، بەتایبەت لە ئەندەنوسیا. بەچەشنێک زۆری نەبردووە لە چەندین شوێنی ئەم وڵاتە بووەتە بەشەکی سرووتی ئایینی و کۆمەڵایەتی، لە ڕێوڕەسمی مەولودکردن و بۆنەی وەک خەتەنەکردن، لەدایکبوون و ئاهەنگی بوک گواستنەوە و چەندین نەریتی تری دەستەجەمعی دەخوێنرێتەوە (Mashur, ٢٠١٧). موسڵمانانی ئەندەنوسیا بە سەرسامییەوە پێشوازیان لەم دەقە کردووە؛ خوێندوویانەتەوە و کاریگەری بەسەریانەوە هەبووە و ستایشی زۆریان کردووە، تا وایلێهاتووە لە ویژدانی دەستەجەمعی ئەندەنوسیدا جێگەی خۆی کردووەتەوە و لە ئاستە میللییەکەدا بووەتە سەرچاوەی هەرە بنەڕەتی ناسینی پێغەمبەر و کار و کردەوەکانی. ئەم کاریگەربوونە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی عیرفانییانەی سەیدە بەرزنجییەکەیە بۆ مێژووەکە و ڕێگەی ئەوەی بە بەردەنگانی داوە ئاوا چەشنەک لە هارمۆنیا لەنێوان گێڕانەوەکە و باوەڕی ئایینیان دروست بکەن. لەگەڵیشیدا ناوی بەرزنجی ببێتە ناوێکی هەرە باوی ناوەندە ئایینییە سۆفی مەشرەبەکانی ئەوێ (Bruinessen, ٢٠١١: ١١٩)، ئەگەرچی درەنگتر، وەک توێژەرێکی ئەوێ ئاماژەی پێداوە (Mashur, ٢٠١٧)، ڕەوتە باوەڕدارە پێچەوانەکان، بەتایبەت ئەوانەی بە وەهابیزم و بانگەوازی سەلەفییەوە کاریگەر بوونە، بە چاوێکی ڕەخنەییانە تەماشای دەقەکە و کاریگەرییەکانیان کردووە و، لەبەر هەڵوێستی ئایدۆلۆژی و لێکدانەوەی ڕوکەشییانەیان بۆ دەق گێڕانەوەیی، ناوەڕۆکەکەیان ڕەت کردووەتەوە و ڕەهەندە سۆفییانەکەیان وەک لەڕێ لادان بینیە و بانگەوازی ئەوەیان کردووە، کە لە گێڕانەوەی سەربوردەی پێغەمبەر دەبێت خوێندنەوەیەکی حەرفییانەی دەقەکان زاڵ ببێت، نەک خەیاڵکردنێکی عیرفانییانەی ڕووداو و بەسەرهات.

**شەمسەدینی شارەزووری جەربەزەیی ئەوەی هەبووە دەست لە فۆرمی باوی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە هەڵگرێت، بە ئەزموونێکی عیرفانی قووڵدا تێپەڕێت**

هەرچۆنێک بێت، کاریگەرییەکانی دەقەکەی سەیدە بەرزنجییەکە لە بەخشینی ڕەهەندێکی عیرفانی بوو بە پەیوەندیی ڕۆحانی نێوان تاک و جیهانی پێغەمبەرێتی. چەشنێک لە پاکێتی بە بەردەنگانی دەبەخشی، تا بتوانن ببنە خودان یادەوەرییەکی ئەوتۆی کولتووری هاوکاریان بێت لە باڵابوونی ڕۆحانیدا. بەم چەشنەش کاریگەرییەکانی بەرزنجی نەک هەر وەک سروشێکی سۆفییانە بووە،

بەڵکو چوارچێوەیەکی ستراتیژیش بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالەنگارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، لە میانەی زیندووهێشتنەوەی ئەو ئایدیالیستەی لە تەسەوفدا هەبووە.

## مەحموودی کوردی و بڕەودان بە تەریقەتی خەڵوەتی

شێخ مەحمودی کوردی (م. ١٧٨١)، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری سەقزە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە فۆڕمەڵەکردنی تەریقەتی خەڵوەتیدا هەبووە، بەتایبەت لە وڵاتی شام و میسر. هەر لەسەردەستی ئەویش شێخ ئەحمەدی تیجانی پێگەیشتووە و تەریقەتی تیجانی لە جەزائیر بڵاوکردووەتەوە (مفتاح، ٢٠٠٩: ٣٧). وەک دەزانین خەڵوەتی وەک تەریقەت، جەختی لەسەر دوورەپەرێزی و ڕاهێنانی گیانەکی و کۆنترۆڵی ڕەفتار دەکردەوە. ئەم سۆفییە کوردەش هەڵگری ئەم خەسڵەتانە بوو و خۆی بۆ زیکر و ڕۆژووگرتنی بەردەوام تەرخانکردبوو؛ ژیانی ببووە نموونەیەکی باڵای نێو تەریقەتەکە، کە لەودا تەرکەدونیایی وەک ئامرازی پاکبوونەوەی ڕۆح و نزیکی لە خودا بینراوە.

بەشداری هزرییانەی مەحمودی کوردی زیاتر لە "حیکمەتە کوردییەکان - الحکم الکردیة" خۆی دەنوێنێت، کە چەردێک پەند و وتەی عیرفانییانەن، بابەتی وەک ناسینی خودا، ڕەفتار، جیلوەی خودایی...تاد لەخۆگرتووە. لەنوسینیدا کاریگەریی ئیبن عەتاوڵای ئەسکەندەری بەڕوونی دەبینرێت. شێخە کوردەکە ویستوویەتی ڕەمزییانە و میتافیزیکییانە هزری عیرفانییانەی خۆی دەربڕێت، بەتایبەت ئەگەر دەبینین پەندەکان تۆکمەکردنی مەعریفەی سۆفییانە بوون، لەمیانەی شرۆڤەی فەلسەفییانەی چەمکە ڕۆحانییە ئاڵۆز و نادیارەکانەوە (الشرقاوي، ٢٠٠٨). بەمەش ئەو تەنیا وەک سۆفییەک خۆی نەنواندوە، بەڵکو وەک هزرڤانێک، خواستوویەتی مانای دروستی ئەزموونی عیرفانییانەی خۆی، بە شێوازێکی فێرکارییانە و لەچوارچێوەی تێگەیشتنی خەڵوەتییەوە، بە بەردەنگەکانی بگەیەنێت.

## ئیبراهیمی گۆرانی نموونەی هەرە باڵای کاریگەری و جێکەوتەی هزری پێگەیشتووی زەمینەی کوردییە لە دەرەوەی سنوورە جیۆ-کولتوورییەکاندا

شێخ مەحمودی کوردی ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە چەسپاندن و و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی تەریقەتی خەڵوەتی هەبوو، بەتایبەت لە ژینگە میسرییەکەدا، کە ئەوکات ڕوتەختێکی بنەڕەتی سۆفیگەریی تەریقەتی بوو و ململانێی بەرچاویان هەبوو لە پێناو هەژموونی ڕۆحانی و کۆمەڵایەتییەوە. بێگومان دامەزراندنی

چەندین گۆشە، وەک شوێنی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی مورید، هاوکاری ئەم کوردە بووە لە بووژاندنەوەی خەڵوەتی لەم وڵاتەدا. بەڵگە مێژووییەکان و گێڕانەوە زارەکییەکان ڕوونی دەکەنەوە کە مەحمودی کوردی بووەتە یەکێک لە گەورە شێخانی زنجیرەی خەڵوەتی. بەڵام ئەوەی ئەوی وەک ئەڵقەیەکی هەرە سەرەکی و گرنگی زنجیرەکە نواندووە، ئەوەبوو کە تەنیا پابەند نەبووە بە نەریتە مێژووکردەکانی تەریقەتەکە، بەڵکو هەوڵیداوە چەند ڕێگا و ئامراز و سرووتێک بهێنێتە کایەوە، لەگەڵ ئالەنگارییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی بگونجێن. هەر ئەمەش وایکرد، وەک یەکێک لە موجەدید و نوێگەرانی تەریقەت دەربکەوێت و بناسێنرێت. دەشێت ئەمە لە شێوازی ئیرشاد و ئاراستەکردنی موریدانیدا بە ڕوونی ببینین، کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی قووڵی ئەو بووە لە ئەزموونی مرۆڤانە و بەهای دەهەندەیی و دلۆڤانی لە سەرەدەریکردن لەگەڵ موریدان و لایەنگرانی تەریقەت. ئەمەش پێشڤەچوونێکی بەرچاوی تەزکییەی دەروون بوو لە ڕوانگەی خەڵوەتییەکانەوە.

## مەولانا خالید و بەجیهانیکردنی تەریقەتی نەقشی

ڕەنگە ئەم بابەتە، لەچاو بابەتەکانی تر، زۆرترین توێژینەوە و کتێبی لەبارەوە نوسرابێت و ڕوون بووەتەوە، کە چەندە چرکەساتی خالیدیی و ڕۆڵی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە نێو سیستمی تەریقەتییانەی نەقشیدا جێکەوتەی دوورمەودای بەسەر پانتاییەکی بەرفرەی جیهانی ئیسلامی و سیستمی کۆمەڵایەتیی - کولتووریی جیاجیای نێو جڤاکەکانی ئەم جیهانەدا هەبووە (أبو منه، ٢٠٠٩). نەریتی نەقشبەندی بە پابەندیی تۆکمەی شێخ و موریدانی بە شەریعەت و تێکەڵکردنی مێتۆدە عەقڵییەکان بە ڕێورەسمی سۆفییانە ناسراوە. لەنێو ئەم نەریتەشدا، لە قۆناغی درەنگی مێژووەکەی، کەسێتی مەولانا خالیدی شارەزووری نوێنەرایەتی ئەو پەیوەندییە گرنگ و ئایدیاڵەی دەکرد، کە لەنێوان سۆفیزمی کوردی و پەیکەری فراوانتری سۆفیگەریدا هەبووە. وەک دەزانین تەریقەتەکە، کە لە بنەڕەتەوە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە پەرەی سەندوو و بنەماکانی خۆی لەمیانەی زنجیرەیەکی ڕێکخراو و پیرۆزکراوەوە بڵاوکردووەتەوە. دەقە مێژووییەکان دەریدەخەن کە ئەو سیستمە باوەڕییەی لەسەری دامەزرابوو و لەسەردەستی مەولانادا بەتەواوی پێگەیشت، چۆن پشتی بە زانینی حیدسییانە بەستووە، بەتایبەت لە تێگەیشتنی ڕاستییە ئیلاهییەکان، هەر ئەمەش وایکرد لە تەریقەتەکانی تر جودا ببێتەوە.

ڕێنمایی و بۆچوونەکانی مەولانا خالید و جێنشینەکانی، لە کورد و غەیرە کورد، وایکرد ئەو دابڕانەی لەنێوان ئەهلی تەریقەت و ئەهلی شەریعەت دروست ببوو، تەسک ببێتەوە. بانگەواز بۆ پابەندیی ڕەها بە شەریعەت و جەختکردنەوە لەسەر پێڕەوی ئەزموونییانەی سۆفیگەری، ڕێگەی بەوەدا زوو لە ناوەندی کۆمەڵایەتیی - ئایینیی جیاوازدا قەبوڵ بکرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجی توێژەرانە بەگشتی ئەوەیە، کە ئەو هزرە ئایدیاڵەی لەنێو نەقشبەندییەکەی مەولانا خالید هەبووە، ڕۆڵێکی سەرنجڕاکێشی لە پتەوکردنی هەستی دژە کۆڵۆنیالی لەنێو جڤاکە ئیسلامییەکاندا هەبووە. هەر بەگەیشتنی هزر و نەریتی تەریقەتەکەی مەولانا بە کۆمەڵگە خۆجێییەکان، ئاوێتەی ئەو جووڵە سیاسییە تازەپێگەیشتووانە بووە، کە بە گەڕانەوە بۆ ناسنامەی ئایینی جەختیان لەسەر سەربەخۆیی و دەرچوون لەژێر هەژموونی کۆڵۆنیالی دەکردەوە (Weismann, ٢٠٠٧). ئەمە ناسنامەیەک بوو، کە تەریقەتە نوێیەکە هاوکار بوو لە تۆکمەکردنی ڕەگەزی بەرخودان و ڕاستەڕێی ئاکارییانە تێیدا. بەم چەشنە دەشێت کاریگەری مەولانا خالید و نەریتی نەقشبەندی فراوانتر ببینین، وەک بنەمایەکی تیۆری و کردەکی، کە ڕوخساری ڕۆحانی و سیاسی زۆر لە جڤاکە ئیسلامییەکانی داڕشتۆتەوە.

لەگەڵیشیدا بواری بۆ دروستبوونی مێژوویەکی گڵۆباڵ و سەنتەرێتی مەولانا خالید لەنێو ئەو مێژووە ڕەخساندووە.

**بە گشتی خەڵکی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەگەردەهاتن بۆ خوێندن لە بنکە زانستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، زانا کوردەکانیان وەک مامۆستا هەڵبژاردووە**

## کۆتایی

مێژووی گڵۆباڵ، ئەو شێوە گێڕانەوەیەی مێژووە، کە دەشێت لە سەرووی بڕیاری پێشینەی نەتەوەییانە و خوێندنەوەی ئایدۆلۆژییانەوە هاوکارمان بێت لە بینینی نەخش و کاریگەری کوردان بەسەر ڕەوتی هەمەگیری گێڕانەوە، بەتایبەت لەسەردەمی کلاسیکدا. لەوێ ئەگەر بێین تەماشای دیاردەیەکی وەک سۆفیگەری ئیسلامی بکەین، دەبینین یەکێک بووە لە ئاراستە هەرە کاریگەرەکانی نێو مێژووی شارستانی ئیسلامی، لەوە تێپەڕیوە هەر ڕەهەندێکی پەرستن و ناوکۆیەکی خۆجێییانە بووبێت، بەڵکو بووەتە سیستمێکی مەعریفی و کولتووری و چەندین دەق و زانینی پیرۆزکراوەی خستۆتە سەر دەقە ئایینییە باوەکانەوە، سۆفیان دەزگای زۆر و گوزارەی ڕەمزییانەی ئەوتۆیان بەرهەمهێناوە،

کە کاریگەریی دوورمەودایان بەسەر شێوەگیربوونی ناسنامەی جڤاکە ئیسلامییەکاندا هەبووە، لەوانەش جڤاکی کوردی. خۆ کارا کوردەکانیش بەشدارییەکی جۆریەتی بەرچاویان لەو مێژووە سنووربەزێنەدا هەبووە، هەر لە گەڵاڵەکردنی سیستمە هزرییەکەی سۆفیزم بگرە تا بڵاوکردنەوەی لە دەڤەر و ناوچە هەرە دوورەکان. ئەگەرچی زۆرجار، لە ناوکۆی نوسراو و ئەدەبیاتی سەنتەرگەرادا، ئەم ڕۆڵەیان پشتگوێ خراوە، یان بە نەبینراوی ماوەتەوە.

لەم کورتە وتارە ویستم ئەوە دەربخەم، کە کوردەکان لە دروستکردنی ئەم چەشنە مێژووەدا بەشدارن. دەرکەوت زانا و شێخ و موریدەکانیان، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە بەرهەمهێنان و تەشەنەپێکردنی سۆفیزم لە ئاستی جیهانیدا هەبووە. ڕۆڵەکەش لە چەندین ئاستی مەعریفی و کولتووری و گیانەکییەوە خۆی نواندووە. بەچەشنێک ئامادەیی ئەوان لەنێو کایە ئایینییەکە پەیوەست نەبووە بە ژینگە جوگرافییەکەی خۆیان، بەڵکو سنوورەکانی تێپەڕاندووە بە ئاراستەی فەزای فراوانتر و فرەچەشنتری ئیسلامی، جا چ لەمیانەی دامەزراندنی دەزگای سۆفییانە بووبێت، یان بەرهەم و شرۆڤە و بانگەوازکردنەوە. ئەو بەشدارییەی ئەوان دەشێت وەک پردێک چاوی لێ بکرێت، لەنێوان ڕوانگەی سۆفییانەی کوردی بۆ ئیسلام و ناسنامە کولتوورییە جیهانگەراکەی. جێکەوتەی زانا و عاریفە کوردەکان بەسەر وڵاتێکی وەک ئەندەنوسیا دەشێت بەڵگە بێت بۆ ئەم شرۆڤەیەمان، لەوێ هزر و تێگەیشتنە سۆفییانەییەکانیان هەر وەک دەق نەماوەتەوە، بەڵکو بووەتە سرووت و شێوازی پەرستن و لەنێو ویژدانی خەڵکەکە جێگەی بووەتەوە. بەمەش ئەزموونی سۆفییانی کورد، یەکانگیر بووە لەگەڵ تێگەیشتنی میللییانە بۆ ئایین و باوەڕداری.

## سەرچاوەکان

١.ابن تيميه، تقی الدين احمد الحراني. (١٩٨٩). مجموع الفتاوى، الطبعة الثانية، القاهرة: مكتبة ابن تيميه.
٢.ابن بزاز، توکله بن اسماعيل اردبيلی. (١٣٧٦ ه.ش). صفوة الصفا، مقدمه و تصحيح: غلامرضا طباطبائی مجد، چاپ دوم، تهران: انتشارات زرياب.
٣.أبو منه، بطرس. (٢٠٠٩). دراسات حول مولانا خالد والخالدية، السليمانية: مؤسسة حمدي للطباعة والنشر.
٤.حسن، قادر محمد. (٢٠٠٩). اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية، دهوک: دار سپيرێز.
٥.خواجه الدين، سيد محمد علی. (١٣٤٩ه.ش). سرسپردگان – تاريخ و شرح عقائد دينی اهل حق، تبريز: چاپخانه خورشيد.
٦.دینەوەری، نۆشاد. (١٣٧٨ ه.ش). چیرۆکی داری جەنگیان، بە هەوڵ و تێکۆشانی: عەزیز موحەممەد پور، تاران: چاپخانەی پەیام.
٧.الشرقاوي، عبد الله بن حجازي. (٢٠٠٨). شرح الحكم الصوفية، المسمى شرح الحكم الكردية لمحمود الكردي الخلوتي، تحقيق محمد عبد القادر نصار و أحمد فريد المزيدي، القاهرة: دارة الكرز.
٨.ضميرية، ناصر. (٢٠٢٤). الحياة الفكرية في الحجاز قبل الوهابية – عقائد التصوف في فكر إبراهيم الكوراني(ت. ١١٠١ه/ ١٦٩٠م، المركز

العربي للأبحاث ودراسة السياسات.
٩.العطاس، اسماعيل فجري. (٢٠٢٥). سلاسل الصوفية و ذرياتهم، ضمن: مؤسسة التصوف، تحرير: الكسندر باباس، الجيزة: مدارات للابحاث والنشر.
١٠.الكيلاني، ماجد عرسان. (٢٠٠٢). هكذا ظهر جيل صلاح الدين وهكذا عادت القدس، الامارات: دار القلم.
١١.لشكري، حيدر. (٢٠٢٣). شمس الدين الشهرزوري؛ الفيلسوف المنسي: محاولة لكتابة سيرته الفكرية"، جلة جامعة كويه للعلوم الإنسانية والاجتماعية، ٦ (٢).
١٢.لەشکری، حەیدەر. (٢٠١٣). لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت – سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، هەولێر: خانەی موکریانی.
١٣.ماسينيون، لويس. (٢٠٠٤). آلام الحلاج، ترجمة: الحسين مصطفى حلاج، بيروت: شركة قدمس للنشر والتوزيع.
١٤.محەمەد، یاسین تەها. (٢٠٢٣). ناودارانی کورد لە دەستنوسخانەکانی عەرەبستان، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی: یەکەی دەستنوس و سامانی کولتوری.
١٥.مزاوي، ميشيل. (٢٠١٨). اصول الصفويين - تشيع وتصوف وغلو، ترجمة: ثائر ديب، بيروت: المركز العربي للابحاث.
١٦.مفتاح، عبد الباقي. (٢٠٠٩). اضواء على الطريقة الرحمانية الخلوتية. بيروت: دار الكتب العلمية.
١٧.ملا صدرا، محمد بن إبراهيم القوامي الشيرازي. (١٩٩٠). الحكمة المتعالية في الاسفار العقلية الأربعة، بيروت: دار احياء التراث العربي.
١٨.ميرداماد، محمد بن محمد باقر الحسيني. (١٣٦٧ هـ.ش). كتاب القبسات، بتحقيق: مهدي محقق، الطبعة الثانية، تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
١٩.الهجويري، ابو الحسن على بن عثمان الغزنوي. (١٩٨٠). كشف المحجوب، دراسة و ترجمة: إسعاد عبد الهادي قنديل، بيروت: دار النهضة العربية.

Mullas, .(٢٠١١) .Bruinessen , Martin van.١
Sufis, and Heretics: The Role of Religion in .Kurdish Society, Gorgias Press
What Is Global .(٢٠١٦) .Conrad, Sebastian.٢ .History? Princeton University Press
Sufism in .(٢٠٢٣) .Hermansen, M.٣ the Modern World. Oxford Research .Encyclopedia of Religion
https://oxfordre.com/ /١٠,١٠٩٣ /religion/view /٩٧٨٠١٩٩٣٤٠٣٧٨,٠٠١,٠٠٠١/acrefore ٥١٢-e-٩٧٨٠١٩٩٣٤٠٣٧٨-acrefore
.(٢٠٠٦) .Pourjavady, R., & Schmidtke, S.٤ Some Notes on a New Edition of a Medieval Philosophical Text in Turkey: Shams al-dīn Al-shahrazūrī's Rasā'il al-Shajara al-Ilāhiyya, Die doi: https:// .٨٥-٧٦ ,(١)٤٦ ,Welt des Islams .١٥٧٠٠٦٠٠٦٧٧٦٥٦٢١٧٤/١٠,١١٦٣/doi.org
.d) Ibrāhīm al-Kūrānī .(١٩٩٥) .Knysh A.٥ an Apologist for waḥdat ,(١٦٩٠/١١٠١ al- wujūd.Journal of the Royal Asiatic /١٠,١٠١٧:doi .٤٧-٣٩:(١)٥ .Society .S١٣٥٦١٨٦٣٠٠٠١٣٤٩٣
.(٢٠١٧) Mashur, Fadlil Munawwar.٦ Interpretation and Overinterpretation of Ja'far Ibn Hasan Al-Barzanji's Mawlid Al-Barzanji, HUMANIORA, Vol .٢٩, no .٣, pp .٣٢٦ – ٣١٦
The Sufi .(١٩٧١) .Termingham, J.Spencer.٧ Orders in Islam, Oxford Uneversity press, .Great Britain
The Naqshbandyya – .(٢٠٠٧) .Weismann, I.٨ Orthodoxy and activism in a worldwide Sufi .tradition, Routledge
Sufism in the Age of .(٢٠١٥) .Weismann, I.٩ Globalization. In The Cambridge Companion .١٥٠–١٣٤ .to Sufism, pp

# ڕۆڵی كورد لە خزمەتكردنی كولتووری ئیسلامی و عەرەبیدا

## (زمان و ئەدەب) بەنموونە

د. سالار تاوگۆزی

**پێشەكی**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی كورد لە خزمەتكردنی كولتووری عەرەبی و ئیسلامی دەكات. ئامانجی ئەوەیە خوێنەرانی كورد بە ئەو كەسایەتییە كوردانە بناسێنێت كە لەكولتووری و عەرەبی و ئیسلامیدا بوون بەناوی دیار. هەروەها توێژەر دەیەوێت وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە، لەوانە:

- ئایا ئەو كوردانەی كە خزمەتی زمان و ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامییان كردووە كێن و چ سوودێكیان بۆ نەتەوەكەی خۆیان هەبووە؟
- ئایا شوناسی نووسینەكانی ئەوان كوردییە، یان عەرەبی؟
- تاچەند ڕاستە لە كولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا بەهۆی كوردبوونیانەوە، فەرامۆش كراون؟

گرنگیی توێژینەوەكەش لەوەدایە -بەزمانی كوردیی- ئاوڕ لە ژمارەیەک كەسایەتیی كورد دەداتەوە كە بەزمانی نەتەوەكەی خۆیان وەک پێویست توێژینەوەیان لەبارەوە نەكراوە، لەناو ئەو كەسایەتییانەشدا توێژەر زیاتر لەسەر زانای ئیسلامی و زمانناسی بەناوبانگ (ئیبنولحاجیب) و شاعیری پێشەنگ لە شیعری نوێی عێراقی و عەرەبی (بلند حەیدەری) ڕاوەستاوە و بە نموونە وەریگرتوون، كە هەردووكیان كورد بوون و بە عەرەبی نووسیویانە.

**- چەمكی كولتوور**

لەبەركوڵی توێژینەوەكەماندا، بەپێویستی دەزانین چەمكی (كولتوور) ڕوون بكەینەوە، چونكە هەم چەمكێكی ئاڵۆزە، هەمیش فراوان. هیچ چەمكێكیش هێندەی كولتوور

بە خێرایی گەشەی نەکردووە و فراوان نەبووە و پەل و پۆی نەهاویشتووە، هەر ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی ئاڵۆز بێت و توێژینەوە و مشتومڕێکی زۆریشی لەبارەوە بکرێت.

هەندێک لە توێژینەوەکان لە ڕوانگەی مێژوویی و هەندێکی دیکەیان لە ڕوانگەی ئەبستمۆلۆژییەوە باسی کولتووریان کردووە، ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە توێژەران لە ڕوانگەی مێژوویی، سۆسیۆلۆژی، ئەنسرۆپۆلۆژی، ئەدەبی، ئایینی و چەند ڕوانگەیەکی دیکەوە تێیان ڕوانیوە و بە چەندین شێوە پێناسەیان کردووە.

هەردوو زانای ئەنسرۆپۆلۆژی ئەمریکی (کرۆبێر- A.L.Kroeber)و (کلۆکهۆن-C. Kluckhohn) نزیکەی (١٦٠) پێناسەیان ژماردووە کە بۆ کولتوور کراون، پێناسەکانیشیان پۆلێن کردووە و بەسەر حەوت بەشدا دابەشیان کردوون، لەوانە؛ پێناسە وەسفییەکان، پێناسە مێژووییەکان، پێناسە سایکۆلۆژییەکان و پێناسە بنیاتگەرییەکان (١) بەڵام کۆنترین و بەربڵاوترین پێناسە، پێناسەکەی (ئێدوارد تایلەر- Edward Tylor )ە کە دەڵێت : "کولتوور ئەو ئاوێتەیە کە لە گشت ئەو زانیاری، بیروباوەڕ، هونەر، ئاکار، یاسا، توانا و دابونەریتانە پێکدێت، کە مرۆڤ وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگەدا وەریاندەگرێت"(٢) .

چەمکی کولتوور یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، بەڵام بەکارهێنانی لای زانایانی کۆمەڵناسی جیاوازە لەوەی ئێمە لە قسەکردنی ڕۆژانەماندا بەکاری دەهێنین. چەمکەکە لە قسەکردنی ڕۆژانەماندا ئاماژە بۆ ئاستەکانی داهێنان لە هزری مرۆڤدا دەکات وەک هونەرەکان، ئەدەب، میوزیک و وێنەکێشان، بەڵام زانایانی کۆمەڵناسی، کولتوور بەمانایەکی فراوانتر بەکاردەهێنن و سەرباری ئاستەکانی داهێنان، چەند ڕەهەندێکی دیکەی بۆ زیاد دەکەن و وەها پێناسەی دەکەن کە شێوازێکی کامڵی ژیانە کە تاکەکان و کۆمەڵانی خەڵک لەناو کۆمەڵگەدا پەیڕەوی دەکەن وەک شێوازی پۆشینی جل و بەرگ و نەریتی هاوسەرگیری و شێوازی ژیانی خێزانی و شێوەکانی کار و بۆنە ئاینییەکان و هۆیەکانی خۆشگوزەرانی و خۆ خاڵیکردنەوە(٣).

هەروەها کولتوور ئەو دەستکەوتە مرۆییانەش دەگرێتەوە کە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیی جیا دەکاتەوە وەک زمان و پیشەسازی و هونەر و ئەدەب و زانستەکان و یاسا و ئاکار و بەها ڕۆحییەکان و ئایین و ئامرازە مادییەکان یان پیشەسازییە دەستییەکان و باڵاخانەکان و ئامێرەکان و بزوێنەرەکان و ئامێرەکانی پەیوەندیی و کارە هونەریی و مەعریفییەکان و هزر و بیرو باوەڕو پێوەرەکانی و هەستە باوەکانی ناو کۆمەڵگە. واتە: کولتوور لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەم لایەنە مەعنەوییەکان

دەگرێتەوە هەمیش لایەنە مادییەکان. هەر کۆمەڵگە و نەتەوەو ئایینێکیش خودان کولتووری خۆیەتی کە بۆ چەند وردە کولتوورێک دابەش دەبێت (٤).

بەپێی ئەو زانیارییانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت چەمکی کولتوور زۆر فراوانە و ئەستەمە لە توێژینەوەیەکدا دەرەقەتی ئەوە بێین بەفراوانیی باسی بکەین؛ بۆیە ئێمە تەنیا باس لە کولتووری ئیسلامی و عەرەبیی دەکەین کە هەردووکیان بەیەکەوە پەیوەستن، لە ئەو دوو کولتوورەشدا ئەدەب و زمان وەک دوو کایەی کولتووریی هەڵدەبژێرین کە کورد ڕۆڵی گرنگی تیایاندا هەبووە. کولتووری ئیسلامیش - بەپێی بۆچوونی شلتاغ عبود- بەچەند سیمایەک جیا دەکرێتەوە وەک: (یەکتاپەرستیی، یەکێتیی، ڕێزگرتن لە مرۆڤ، ئاکار، پێکەوەژیان و لێبوردەیی، هاوسەنگیی، واقیع بینی و گشتگیریی)(٥). کولتووری عەرەبیش لە زۆر ڕووەوە لە کولتووری ئیسلامی دەچێت و لەگەڵیدا تێکەڵە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نایەت گشت ئەو سیمایانەی کولتووری ئیسلامیی تیادابێت کە باسمان کردن و سیماو خاڵی جیاکەرەوەی تایبەت بەخۆی نەبێت. لە هەردوو کولتوورەکەشدا، کورد ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە و چەندین زانا و ئەدیبی خستووەتە خزمەتیانەوە، لەوانە: (ابن الأثير، ابن تيمية، إبراهيم بن عبد الكريم الحلبي، ابن الخباز الإربلي الموصلي، أحمد بن عثمان السنجاري، مجد الدين أبو العباس الإربلي، الحسن بن أسد بن الحسن الفارقي أبو نصر ، أبو عبد الله الهَذْباني الكُوراني، أبو القاسم الثمانيني، ابن الحاجب و مەلا ئەبوبەکری موسەننیفی چۆڕی) (٦) کە لە کۆندا خزمەتی گەورەی کولتووری عەرەبی و ئیسلامییان کردووە.

ئەمە جگە لە ئەوانەی کە لە سەردەمانی دواتردا ژیاون و هەندێکیان تا ئەمڕۆ لە ژیاندا ماون وەک: (شێخ مارفی نۆدێ، مەولانا خالیدی نەقشبەندیی، سەعیدی نورسی، ئیبن ئادەمی باڵەکیی، شێخ نورەددینی بریفکانی، ابن القرداغي، موحەممەد فەیزی زەهاوی، معروف عبدالغني الرصافي، جميل صدقي الزهاوي، الأسرة التيمورية، كامل حسن البصير، بڵند حەیدەری، سەفا حەیدەری، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، موستەفا زەڵمی ، سەلیم بەرەکات، هيفاء زنكنة، محيى الدين زنكنة، مها حسن، پیرباڵ مەحمود، برهان شاوي، جلال زنكابادي، تحسين كرمياني و جاندوست) و چەندانی دیکە، کە باسکردنیان ئینسکلۆپیدیایەکی گەورەی پێویستە. بەڵام لەناو هەموو ئەو ناوانەدا، ئێمە باس لە زمانناسێک دەکەین کە (ئیبنولحاجیب)ە، لەگەڵ شاعیرێک کە (بڵند حەیدەریی)یە و بەخوێنەری کوردیان دەناسێنین تا بزانن چ پێگەیەکیان لە زمان و ئەدەبی عەرەبیی و ئیسلامیدا هەیە.

**١- ئیبنولحاجیب**

ئیبنولحاجیب یان (ابن الحاجب) بەزمانی عەرەبیی، ناوی عوسمانی کوڕی عومەری کوڕی ئەبوبەکرە، لە ساڵی (٥٧٠ک) لە (ئیسنا) لە سەعیدی میسر لەدایک بووە و لە قاهیرە گەورە بووە (٧). لەلای چەند زانایەکی ئایینی وەک: (الشاطبي، البوصيري، الغزنوي و أبو الجود) و چەندانی دیکە خوێندوویەتی(٨).

نازناوی ئەم گەورە زانا ئیسلامییە بەڕەچەڵەک کوردە، لەوەوە هاتووە کە باوکی (حاجب)ی میرێک بووە بەناوی (عز الدين موسك الصلاحي). پیشەی حاجیب لە کۆندا پیشەی فەرمانبەرە باڵاکانی دەوڵەت بووە و ئەرکیان ڕێکخستنی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی خەلیفە و میرەکان بووە، لەم ڕووەوە ئەرکی حاجیب لە کۆندا، وەک ئەرکی سکرتێری ئەم سەردەمە وابووە، بەڵام پایەی حاجیبەکان لە سکرتێر بڵندتر بووە و لە ئاستی (سەرۆکی دیوان) یان (بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکوەزران) ی ئەم سەردەمەدا بووە.

ئیبنولحاجیب، قورئانخوێن، فەقیە، شاعیر، موفتی، مێژوونووس، نووسەر و مامۆستاش بووە. بە یەکەم کەس دادەنرێت کە زانستی ڕێزمان (علم النحو) و زانستی مۆرفۆلۆژیی (علم الصرف)ی لەیەک جیاکردووەتەوە (٩).

ئەو هەر لەمنداڵییەوە دەستی بە خوێندنی قورئان کردووە، پاشان زانستی فیقهی لەسەر مەزهەبی (ئیمامی مالیک) خوێندووە، دوای ئەوەش زانستەکانی تایبەت بەزمانی عەرەبیی و ئایینی ئیسلامی خوێندووە و بە ئەو پەڕی باشی فێریان بووە. پاشان چووە بۆ مزگەوتی دیمەشق و لە گۆشەی مالیکیدا وانەی گوتووەتەوە و خوێندکارێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەتەوە. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ قاهیرە و لەوێشەوە چووەتە شاری ئەسکەندەرییە، بەڵام زۆر لەوێ نەماوەتەوە و هەر زوو لە ڕێکەوتی ٢٦ی شەوالی (٦٤٦)ی کۆچیی بەرانبەر (١١-٢- ١٢٤٩)ی زایینی کۆچی دوایی کردووە (١٠). لەدوای خۆیشی چەندین دانراوی لە بواری زانستەکانی (فیقهی مالیکی، ئوسوڵی فیقە، کێشناسیی) بەجێهێشتووە، بەڵام گرنگترین دانراوەکانی لەبواری زانستی ڕێزمانی عەرەبی (علم النحو) و مۆرفۆلۆژی (علم الصرف)ن، لەم دوو بوارەشدا دوو کتێبی بەناوبانگی هەیە کە (الكافية) و (الشافية)ن. ئیبنولحاجیب چەندین بۆچوونی لە بواری زانستی زمانەوانی عەرەبیدا هەیە، کە لە هەندێکیاندا لەگەڵ زانایانی زمانەوانی عەرەبیدا کۆکە، لە هەندێکیشیاندا پێچەوانەی کۆڕای زانایانی ڕێزمانی عەرەبییە (١١).

جگە زانستی نەحو سەرف، ئیبنولحاجیب لە زانستی جوانخوێندنەوەی قورئان (علم التجويد) و زانستی مۆرفۆلۆژیی (علم الصرف) و بنەماکانی فیقە (أصول الفقه)دا زانایەکی کەموێنە بووە. ئەو

ئەوەندە زانا بووە، زانایەکی کوردی وەک (ابن خلكان) کە لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر بەناوبانگە، پێی سەرسام بووە و سەبارەت بە هەندێک بابەتی ڕێزمانی عەرەبیی پرسیاری لێکردووە و بەوەڵامە درێـژو وردو نایابەکانی سەرسام بووە، هەر بۆیە بەباشترین دروستکراوی خودا لە زەینباشیدا پەسنی کردووە (١٢). ئیمام (شەمسەددینی زەهەبی)ش ئیبنولحاجیبی بە یەکێک لە کەسە زیرەکەکان لە ئاستی جیهاندا داناوە(١٣). لە ئاستی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیشدا یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکان.

**کولتوور لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەم لایەنە مەعنەوییەکان دەگرێتەوە هەمیش لایەنە مادییەکان. هەر کۆمەڵگە و نەتەوە و ئایینێکیش خودان کولتووری خۆیەتی کە بۆ چەند وردە کولتوورێک دابەش دەبێت**

ئیبنولحیاجیب، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ناوبانگی بە حوجرەکانی کوردستانیشدا بڵاوبووەتەوە و فەقێ و مەلای کورد لە زانستەکەی بەهرەمەند بوون، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە بەیتە شیعرێکی شاعیری کلاسیکی کوردیی مەزن (نالی)یە کە دەڵێت:

**خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە**
**یەعنی نوقطەی فەرقی بەینی ئیبنو موقلەو ئیبنو حاجیبە**

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس کە ڕاڤەی دیوانی نالی کردووە، لە لێکدانەوەی ئەو بەیتەدا ئاماژەی بە ناوبانگ و کوردبوونی ئیبنولحاجیب کردووە و دەڵێت: "ئینتیخاب: هەڵبژاردن، بە مەعنای هەڵبژاردەیە. کاتیب: نوسەر، مەبەست لە خوایە. ئیبنوموقلە و یبنو حاجیبە: ئیبنوموقلە: ابن مقلة: خەت خۆشێکی بەناو بانگ بووە. ئیشارەتیشە بە وشەی ( مقلة ): واتە پێلوی چاو. ئیبنو حاجیب: ابن حاجب نەحوزانێکی بەناوبانگی کوردە. ئیشارەتیشە بە وشەی ( حاجب) واتە برۆ.
واتە: ئەو خاڵەی لە نێوان چاو و برۆتدایە نوختەیەکە خوا دایناوە کە لە جوانی نەخشەکانیا سەردەستەی هەمووانە، نوختەیەکە بۆ لەیەک جیاکردنەوەی پێڵوی چاو (موقلە) و برۆ ( حاجیب ) کە هەردوکیان ئەوەندە جوانن کەس ناتوانێ بڵێ کامیان لە کامیان جوانترە، وەک چۆن کەس ناتوانێ بڵێ ئاخۆ ( ابن مقلة) لە هونەری خۆیا سەرامەدتر و لە پێشتر بووە، یاخۆ ( ابن حاجب) ؟" (١٤).
بەهەر حاڵ، ئەو بەیتە شیعرییەی سەرەوە، بەڵگەی ئەوەیە ئیبنولحاجیب لەسەردەمی نالیدا و بگرە لە پێشتریش،

لەناو حوجرە و مەلاکانی کورددا وەک زانایەکی ئیسلامیی بلیمەت لە زانستی نەحودا ناسراو بووە و لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە خزمەتی بە کایەی زانست و زانیاریی لە کوردستاندا کردووە. تا ئەمڕۆش دانراوەکانی لە حوجرەکانی کوردستان و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا جێگەی بایەخن.

**٢- بڵند حەیدەریی**

بڵند ئەکرەم حەیدەریی، لە ساڵی (١٩٢٦ز) لەدایک بووە، شاعیرێکی بە ڕەچەڵەک کوردە، بەڵام شیعری بەزمانی کوردی نەنووسیوە و تەنیا بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، شیعرەکانیشی دەچنە خانەی واقیعی و ڕۆمانسییەوە، دوو دیوانیشی کراون بە ئینگلیزی. بڵند بە یەکێک لە شاعیرە سەرامەد یان پێشەنگەکانی بزووتنەوەی نوێخوازیی شیعری نوێی عێراقیی و عەرەبیی دادەنرێت. هەروەها هونەرمەندو ڕەخنەگرێکی گەورەی بواری هونەری شێوەکاریش بووە و چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکیشی هەیە (١٥).

ئەم شاعیرە هەرچەندە لە سلێمانی لە ناو خانەوادەیەکی کورددا لەدایک بووە، بەڵام لە بەغدا خوێندوویەتی و پێگەیشتووە. لەسەرەتای ژیانیدا لە دامەزراوەیەکی کشتوکاڵیی کاری کردووە، بەشداری لە دەرکردنی گۆڤارێکیش لەم بوارەدا بەناوی (گۆڤاری کشتوکاڵ) کردووە.

بڵند هێشتا لە تافی گەنجێتیدا بوو کە ناوی وەک هونەرمەندێکی شێوەکار و شاعیرێکی بەهرەمەند درەوشایەوە، هەروەها ڕەوتێکی هونەریشی دامەزراندوو کاریگەریی لە ئەوانە کرد کە لە دوای خۆیەوە هاتن.

**ئیبنولحاجیب، قورئانخوێن، فەقیه، شاعیر، موفتی، مێژوونووس، نووسەر و مامۆستاش بووە. بە یەکەم کەس دادەنرێت کە زانستی ڕێزمان (علم النحو) و زانستی مۆرفۆلۆژیی (علم الصرف)ی لەیەک جیا کردووەتەوە**

جگە لەوەش کاری سیاسی کردووە و بەو هۆیەشەوە دەستگیر کراوە، دوای ئازادکردنیشی لە ساڵانی حەفتاکاندا ڕووی لە بەیروت کردووە، لەوێش وەک مامۆستای زمانی عەرەبیی و سەرنووسەری (گۆڤاری زانست)ی لوبنانی کاری کردووە، خەڵاتی یەکێتیی نووسەرانی لوبنانیشی وەرگرتووە. پاشان بەهۆی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە گەڕاوەتەوە بەغداو لە (وەزارەتی ڕاگەیاندن) کاری کردووە و بووە بە بەرپرسی گۆڤاری (آفاق عربیة). دوای ئەوەش ڕووی لە هەندەران کردووە و لە لەندەن نیشتەجێ بووە و تا ساڵی (١٩٨٢) گۆڤاری (فنون عربیة)ی دەرکردووە.

بڵند لەکۆتاییەکانی ژیانیدا زیاتر بایەخی

بەسیاسەت داوەو بەشداری لە دامەزراندنی (یەکێتیی دیموکراتیخوازە عێراقییەکان لە تاراوگە) کردووەو بووە بە جێگری سەرۆک. لە ڕێکەوتی (٦-٨- ١٩٩٦ز)شدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (های گیت) ئەسپەردەی خاک کرا (١٦).

بڵند حەیدەری لە بواری نووسین و هونەردا چەند بەرهەمێکی جێهێشتووە، بەرهەمە شیعرییەکانی لە (٩) دیوان پێکدێن کە هەموویان لە ساڵی (١٩٩٣) لە وڵاتی کوێت لەلایەن (دار سعاد الصباح)ەوە لە (أعمال كاملة)یەکدا کۆ کراونەتەوە وچاپکراون. ئەمەش ناوی دیوانەکانیەتی لەگەڵ ساڵی چاپکردنیان(١٧) :

١- خفقة الطين، ١٩٤٦.
٢- أغاني المدينة الميتة، ١٩٥١.
٣- خطوات في الغربة، ١٩٦٥.
٤- رحلة الحروف الصفر ١٩٦٨.
٥- حوار عبر الأبعاد الثلاثة، ١٩٧٣.
٦- أغاني الحارس المتعب، ١٩٧٣.
٧- إلى بيروت مع تحياتي، ١٩٨٩.
٨- أبواب إلى البيت الضيق، ١٩٩٠.
٩- آخر الدرب، ١٩٩٣.

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە، بڵند حەیدەری لەگەڵ ئەو توانا شیعرییەی کە هەیبووە لە کولتووری عەرەبیدا ستەمی لێکراوەو درەنگتر شیعرەکانی بە خوێنەری عەرەب گەیشتوون، ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبیش فەرامۆشیان کردووە و زیاتر بایەخیان بە سێ شاعیری هاوجیلی بڵند داوەتەوە و وەک سەرامەدانی شیعری نوێی عێراق ناساندوونیان، کە ئەوانیش (بەدر شاکر سەیاب، نازک مەلائیکە و عەبدولوەهاب بەیاتی)ن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبوو بڵند بە سەردەستەی شاعیرانی نوێخوازی شیعری عێراقی و عەرەبی دابنرێت، یان هەر هیچ نەبێت لەڕیزی ئەو سێ شاعیرە باسبکرێت کە ناومان بردن.

پاش ئەوەی، چەند ئەدیب و ڕەخنەگرێک هەستیان بە ئەو ستەمە کرد کە لە بڵند حەیدەری کراوە، هەڵوێستیان دەربڕی، زۆربەیشیان هۆکارەکەیان بۆ ناسنامەی کوردیی بڵند گەڕاندەوە، بۆ نموونە: ئەدیبی میسریی (فاروق شوشة) بابەتێکی بەناونیشانی (بڵند حەیدەریی ئەو پێشەنگەی فەرامۆشان کرد) نووسیوە و تیایدا باس لە ئەو زوڵمە دەکات کە لە حەیدەریی کراوەو دەڵێت: "ئەم شاعیرە کە لە کۆتایی چلەکاندا بەغداد خەونی پێوە دەبینی، یەکێک بوو لە شاعیرانی قوتابخانەی مۆدێرن و یەکێکیش بوو لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی شیعر کە لەو قوتابخانەو بزووتنەوەیەدا تەنیا ناوی نازک مەلائیکە و بەدر شاکر سەییاب و عەبدولوەهاب بەیاتی درەوشایەوە. فاروق شوشە، باس لەوەش دەکات کە لەکاتێکدا ناوی ئەم سێ شاعیرە وەک نوێنەرە گەورەکانی بزووتنەوەی شیعری مۆدێرن لە عێراق زیاتر دەرکەوت و درەوشایەوەو لە نووسینی ڕەخنەگرەکاندا باسکران،

ناوی بڵند حەیدەری بەشاراوەیی مایەوە و دوای ناوی ئەوان لە ڕووی گرنگیی و ڕیزبەندنیی و قسەلەسەر کردنەوە هات، ئەمە سەربارى ئەو هەڵلایەی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم دیوانیدا (خفقة الطين) دروست بوو کە لە ساڵی ١٩٤٦ بڵاوی کردەوە " (١٨). شاعیر لە ئەو دیوانەدا ئەزموونێکی نوێی شیعریی تاقیکردەوە و پێش بەدر شاکر سەییاب و نازک مەلائیکە و عەبدولوەهاب بەیاتیش کەوتووە، بەمەیش دەبوایە ئەو بە یەکەم پێشەنگی شیعری نوێی عێراقیی دابنرێت، بەڵام کوردبوونەکەی بوو بەهۆی ئەوەی ڕەخنەگرانی عەرەب ئەو مافەی پێ ڕەوا نەبینن.

خودی بەدر شاکر سەییاب لە ساڵی (١٩٥٣ز) دانی بەوەدا ناوە کە بڵند لە پێش ئەوانەوە تازەگەریی لە شیعری عێراقیدا کردووەو دەڵێت: "چەند شاعیرێک هەن زۆر ڕێزم بۆیان هەیە و زۆر پێیان سەرسامم، لەسەروی هەموویشیانەوە بڵند حەیدەریی کە دیوانەکەی (خفقة الطين) یەکەم دیوان بوو لەناو سێ دیواندا کە دەرچوون و بوون بە سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە شیعری عێراقیدا. دووەم دیوانیش "عاشقة الليل"ی نازک مەلائیکەیە و سێیەمیشیان "أزهار ذابلة"ی بەدر شاکر سەییاب"ە (١٩).

هەروەها فاروق شوشە، بەسەرسامییەوە هەندێک پرسیار سەبارەت بە فەرامۆشکردنی بڵند حەیدەری دەکات و دەپرسێت: ئایا هۆکارەکەی گەڕانەوە بۆ خود و گۆشەگیرییە ؟! یان بەهۆی زمانە سادەو دوور لە ڕازاندنەوە و ڕەوانبێژییەکەیەتی ؟! یانیش بەهۆی ئەوەیە لە ناخیدا هەستی بەکوردبوونی خۆی کردووە ؟ (٢٠) !. وەڵامی ئەم پرسیارانەیشي بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە.

بەڵام (محمد حجيری) سەرۆکبەشی کولتووری ڕۆژنامەی (المدن) بۆچوونێکی تاڕادەیەک جیاوازی هەیەو پێیوایە، ڕاستە هەندێک لە ڕژێمە نەتەوەییە عەرەبییە بەعسییە - سوریی و عێراقییەکان بەتایبەت- دەسەڵاتی خۆیان دابەوە بەسەر کولتوورو زمانی کوردیدا سەپاندووە، بەڵام بڵند حەیدەری پێش کوردبوونی، وەک شاعیرێک چەوسێنراوەتەوە. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە هەرکەسێک کوردبوونی بڵند حەیدەری بە کێشە بزانێت لەبەردەم بوونی بە پێشەنگ یان سەرامەدی شیعری نوێی عەرەبیی، ڕەنگە بەدواداچوون بۆ ئەوە نەکات کە ژمارەیەک لە نووسەرو شاعیرانی کورد ئامادەگییان لەناو کولتووری عەرەبیدا لەسەروی ئامادەگیی نووسەرە عەرەبەکانەوەیە، زۆرن ئەو کەسانەی دەزانن شاعیری میسری (ئەحمەد شەوقی) کە بە (میری شاعیران) ناسراوە بە ڕەگەز کوردە. بەهەمان شێوە شاعیری عێراقی (جەمیل سیدقی زەهاوی)یش کوردەو (مەعروف عەبدولغەنی ڕوسافی)

یش (باوکی کوردە) و هەریەک لە نووسەر (ئەحمەد تەیموور) و توێژەر (موحەممەد کورد عەلی)یش کوردن و لە ئێستاشدا شاعیر (سەلیم بەرەکات) بەزمانە عەرەبییە ئەفرێنەرەکەی تەحەددای نووسەر و شاعیرانی عەرەب دەکات و بەڵام کەسیش نکۆڵی لە ئامادەگیی کولتووریی ئەو لەناو کولتووری عەرەبیدا ناکات (٢١).

**ئیبنولحاجیب لەسەردەمی نالیدا و بگرە لە پێشتریش، لەناو حوجرە و مەلاکانی کورددا وەک زانایەکی ئیسلامیی بلیمەت لە زانستی نەحودا ناسراو بووە و لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە خزمەتی بە کایەی زانست و زانیاریی لە کوردستاندا کردووە**

سەبارەت بە شاعیر و ڕۆماننوسی بەناوبانگی کورد (سەلیم بەرەکات) کە خاوەن ناسنامەیەکی کوردییە و بەعەرەبی دەنووسێت، بۆچوونی جیاواز هەیە و پێیوایە کوردبوونی لە کولتووری عەرەبیدا زیانی لێداوە، بۆ نموونە: نووسەر و ڕۆماننوسی دیاری کورد (جاندۆست) لە دیمانەیەکدا کە چەند ساڵ پێش ئێستا، توێژەری ئەم توێژینەوە بە زمانی عەرەبی لەتەکیدا ئەنجامی داوە، دەڵێت: "بەداخەوە پاشخانی نەتەوەیی هەر نووسەرێک کاریگەریی لە بارودۆخی نووسەکەرە لە جیهانی عەرەبیدا دەکات، ڕەنگە ئەمە لە ئەوروپا دەوڵەمەندیی و سامانێک بێت بۆ ئەو وڵاتەی نووسەرەکەی تیادا دەژی، بۆ نموونە ڕۆماننوس شێرکۆ فەتتاح لە ئەڵمانیا بەناوبانگە و ئەڵمانەکانیش دان بەوەدا دەنێن کە کوردەو پێیشی سەرسامن، ئەوان لەمەدا پێچەوانەی جیهانی عەرەبیین. سەلیم بەرەکات یەکێکە لە گەورەترین ڕۆماننوسە بەشخوراوەکانی جیهان، ئەگەر بە ڕەگەز عەرەب بووایە، ئەوا گشت سەکۆی چەندین فێستیڤاڵی بۆ تەرخان دەکراو چەندین پەرتووکی تایبەت بە ئەو دەردەچوون و هەموویان باسیان لە ئەدەبە باڵاکەی و زمانە جادوییەکەی دەکرد. بەداخەوە پاشخانی نەتەوەیی یان عەرەبچێتیی نەتەوەیی کاریگەریی لە بارودۆخی ئەو نووسەرە کوردە دەکات کە جگە لە زمانی عەرەبیی هیچ زمانێکی دیکە شک نابات تا گوزارشتی لە خۆی پێبکات"(٢٢).

لەکاتێکدا ئەم هەموو شەڕە ئەدەبییە لەسەر پێشەنگیی ئەو و دەرچوونی یەکەم دیوانی هەیە، کەچی بڵند حەیدەریی خۆی زۆر خاکییانە دەڵێت: " لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٢٦ز)کە دیوانی خفقة الطين بڵاو بوویەوە، شتێکی نامۆی تیادا نەبوو لەوەی کە لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبیدا هەبوو ".(٢٣) هەر لەئەو

دیمانەیەدا وەک ڕێزێک باس لە شاعیرانی دیکەی وەک (بەدر شاکر سەییاب، نازک مەلائیکە و عومەر ئەبو ڕیشە) و چەند شاعیرێکی دیکەش دەکات (٢٤).

بەڵام بە بۆچوونی ئێمە، گۆشەگیری یەکێکە لە هۆکارەکانی پەراوێزخستنی بڵند حەیدەری لە جیهانی عەرەبیدا. ئەو خۆیشی وەک شاعیرەکانی دیکە بەرگری لە پێشەنگبوونی خۆی نەکردووە و ئەم بابەتەیشی بەلاوە گرنگ نەبووە؛ چونکە زیاتر حەزی بەبێدەنگیی کارکردن بووە و لە گۆشەگیریدا ژیاوە، هیچکاتیش خۆی نەخستووەتە جیهانی پڕ لە ژاوەژاوی جەنگە ئەدەبییەکان، وەک هەندێک شاعیریش سنگی دەرنەپەڕاندووە و خۆی دەرنەخستووە.

بێگومان کوردبوونیش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی پشتگوێخستنی، هەروەکچۆن هۆکارێک بووە بۆ فەرامۆشکردنی سەلیم بەرەکات. ئەم هۆکارەش زیاتر دوای تەشەنەکردنی بیری نەتەوەیی عەرەبی لەسەردەمی نوێدا دەرکەوت، ئەگەرنا لە پێش ئەو مێژووە، لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا، کوردبوون هۆکاری پەراوێزخستنی زاناو شاعیر و نووسەری کورد نەبووە. هەریەک لە بڵند حەیدەری و سەلیم بەرەکاتیش ئەگەرچی بەعەرەبی نوسیویانە، بەڵام هاوسۆزی گەلەکەی خۆیان بوون - بەتایبەتی سەلیم بەرەکات کە لەمڕووەوە شیاوی یەک لێکۆڵینەوەی تایبەتە - بۆ نموونە: بڵند حەیدەری بەبۆنەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە قەسیدەیەکی بەناونیشانی (بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێت- لكي لا ننسى) نووسیوە، لە بەشێکی کە قەسیدەکەدا کە کردومانە بە کوردی، دەڵێت (٢٥):

**ئەی ماڵەکەم..**
**ئەی وڵاتەکەم..**
**بایەکی ژەهراوی**
**لەچاوی کوندەپەپویەکەوە هەڵیکرد**
**تا گشت منداڵەکانت ژەهراوی بکات**
**هەرچی کوشت کوشتی.. منداڵەکەی منیشی کوشت**
**هەرچی دزی دزی... سێبەرەکەی منیشی دزی**
**ئەو ڕێگایەی بەرەو ماڵی من دەڕوات**
**بووە بە گۆڕستان و بۆ دوو هەزار گۆڕستانی دیکە درێژدەبێتەوە**
**لە کوردستان**
**هیچ شتێک نییە، جگە لە مردن و سێبەری مردن...**

ئەگەر شیکردنەوەیەکی نیشانەناسی (رمزي- Semiology) بۆ ئەم دەقە بکەین، دەتوانین بڵێین: شاعیر بەشێوەیەکی ڕەمزیی تاریک دەستەواژەی (بایەکی ژەهراوی) بەکارهێناوە کە ئاماژەیە بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە.

هەروەها وشەی (کوندەپەپوو)یشی وەک ڕەمزێکی تەقلیدی بۆ ڕەشبینی و مردن بەکارهێناوە وەک لە کولتووری

عەرەبیدا هەیە. وشەکە لەم بەستێنە یان کۆنتێکستەدا ئاماژەیە بۆ شەڕی سیاسیی، ئــەوەش هــەڵــدەگــرێــت کــە ئــامــاژەیــەکــی شــاراوەی بــۆ ڕژێمی ســەرکوتکاری بەعس تێدا بێت. هەروەها دەکرێت کوندەپەپوو بە ڕەمزێک بۆ دەسەڵاتی بەعس دابنێین کە ژەهری خۆی بە هەوادا بڵاو دەکاتەوە تــاوەکو مــنداڵــە بێتاوانەکانی هەڵەبجە ژەهــراوی بکات. ئالێرەشدا شاعیر ئاماژە بۆ ئەو قەسابخانەیە دەکات کە ڕژێمی ســەددام لــە دژی هــەڵــەبــجــەیــیــەکــان - بەتایبەتی منداڵان-بەرپای کرد.

**بڵند ئەکرەم حەیدەریی، لە ساڵی (١٩٢٦ز) لەدایک بووە، شاعیرێکی بە ڕەچەڵەک کوردە، بەڵام شیعری بەزمانی کوردی نەنووسیوە و تەنیا بە زمانی عەرەبیی نووسیویەتی**

دەســتــەواژەی (هــەرچی کوشت کــوشتی) قــەبــارەی ئــەو کارەســاتــە نیشــان دەدات کــە بــە هــۆیــەوە خــەڵکانێکی زۆر کــوژران، کــارەســاتــەکــە لــەوێــدا زیــاتــر خــەمــاوییــە کــە تــەنــانــەت مــنــداڵــەکــەی شــاعیریشی کوشــتــووە و ئــەویش بە قــوڵی پێی کاریگەر بووە.

وشــەی (سێــبــەرەکــەم) لــە دەقــەکــەدا ئــامــاژەیــە بــۆ (نــاســنــامــە، خــود و بــوون)، ئاخر ئەو بەڵایەی بەسەر شارەکەدا هاتووە، تەنیا ڕۆحی خەڵکەکەی نەدزیوە، بەڵکو خودی خۆیان و هەستکردن بە ژیان و ئارامیشی لێدزیون. بەکارهێنانی (سێبەرەکەم) ئاماژەیە بۆ ئەوەی تەنانەت خەیاڵی ژیانی ڕابردوویشی بردووە.

لــەکــاتــێــکــدا شــــاعیر دەڵــێــت: "ئــەو ڕێگایەی بەرەو ماڵی من دەڕوات بووە بە گۆڕستان و بۆ دوو هەزار گۆڕستانی دیکە درێژ دەبێتەوە" وێنەیەکی بینراوی ئازاربەخشمان نیشاندەدات، کە گۆڕینی ڕێگای ماڵەوەیەتی بۆ گۆڕستانێکی بێئامان، ئەمەش ڕەمزە بۆ قەبارەی کارەساتاوی ئەو ماڵوێرانی و مردنەی کە تووشی کوردستان بووە کە هیچی تیا نەماوە تەنیا "مردن و سێبەری مردن" نەبێت، لەکاتێکدا پێشتر تژی بووە لە ژیان. دەکرێت (سێبەری مردن) لە دەقەکەدا بە تارماییی ئەو مردنە لێک بدەینەوە کە ئێستا باڵی بەسەر گشت یادگەو شوێنێکی کوردستاندا کێشاوە.

ئەم قەسیدەیە هەرچەندە بەزمانێکی سادە نووسراوە، بەڵام بارگاوییە بە چەندین ڕەمز و وێنە کە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە نیشان دەدەن. دەتوانین ئەوەش بڵێین کە قەسیدەکە تەنیا لاواندنەوەیەک نییە بۆ هەڵەبجە، بەڵکو دەربڕینی هەڵوێستێکی بوونگەرانەو مرۆڤدۆستانەیە و سنووری سیاسەت دەبڕێت و کاریگەریی قەسابخانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیمان لەسەر ڕۆحی مرۆڤەکان

پیشان دەدات.
لەسەرەوە باسمان لە دوو کەسایەتیی بەناوبانگی کورد لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی کرد کە لەناو جیهانی ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی کوردیدا وەک پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. یەکێکیان لە بواری زمان و تەنانەت زانستە ئیسلامییەکانی دیکەش، ئەوی دیکەیان لەبواری ئەدەبدا، بەتایبەتی هونەری شیعری عەرەبیی ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە، هەردووکیشیان لە ژینگەیەکی عەرەبیدا ژیاون. ئەوەی یەکەمیان هیچ مۆرکێکی کوردانە بەنووسینەکانیەوە دیار نییە و لەسەردەمێکی کۆندا ژیاوە کە بیری نەتەوەیی بوونی نەبووە. بەڵام ئەوەی دووەمیان لەسەردەمێکدا ژیاوە کە بیری نەتەوەیی گەشەی کردووە، کەچی ئەو هەر بە عەرەبیی نووسیویەتی و شوناسی دەقەکانی عەرەبین. ئەمە مانای ئەوە نییە هیچ هەستێکی نەتەوەیی بەکوردییەو نەبەستووەتەوە، چونکە وەک باسمانکرد، شیعری بۆ هەڵەبجە نووسیوە.
جگە لە ئەو دوو زمانناس و شاعیرەی کە باسمان کردن، چەندین زانا و ئەدیبی دیکەی کورد هەن کە بەزمانی عەرەبیی نووسیویانە کە پێشتر ناوی هەندێکیانمان برد، بەڵام باسکردنی هەموویان پێویستی بە ئینسکلۆپیدیایەکی قەبارە گەورەی تایبەت بە ئەو کوردانە هەیە کە خزمەتی کولتووری عەرەبی ئیسلامییان کردووەو بەزمانی قورئان نووسیویانە، هەرچەندە لەم بوارەدا هەندێک پەرتووک و ئیسنکلۆپیدیاش هەن کە باسیان کردوون، لەوانە:
- حياة الأمجاد من العلماء الأكراد، طاهر ملا عبد الله البحركي.
- علماؤنا في خدمة العلم والدين، عبدالكريم المدرس.
- یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس.
- الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، حمد علي الصويركي الكردي.
بەڵام ئەم سەرچاوانە هیچ کامیان تەنیا تایبەت نین بە ئەو زانا ئیسلامیی و ئەدیب و ڕۆشنبیرە کوردانەی کە ڕۆڵیان لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا هەبووە و بە عەرەبیش نووسیویانە، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە کەسایەتیی (ئایینی، مێژوویی، سیاسی، هونەری...) کە مەرج نییە بەعەرەبی نووسیبێتیان.

**- شوناسی نووسینی کوردە عەرەبینووسەکان**

سەبارەت بە شوناسی نووسینی ئەو کوردانەی کە بەعەرەبیی نوسیویانە، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ناسنامەی نووسین بە زمانێکی دیکە، یەکێکە لە ئەو بابەتانەی کە لە بوارە کولتوورییەکاندا – بەتایبەتی ئەدەبی بەراورد- جێی باس و خواسە، ئەویش لە ئەو ڕووەی کە ئایا نووسینی ئەو نووسەرە سەر بە

کولتووری نەتەوەکەیەتی، یان شوناسی نووسینەکانی ئەوەمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە ؟ بۆ نموونە: ئەدیبی گەورەی کورد (سەلیم بەرەکات) و ڕۆماننوسی ناوداری کورد (جاندۆست) بەزمانی عەرەبی نووسیویانە، وەلێ شوناسی دەقەکانیان کوردانەیە، چونکە لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە گوزارشت لە جیهانی کورد دەکەن؛ بۆیە دەکرێت نووسینەکانی ئەوان لە خانەی کولتووری کوردییدا ئەژمار بکەین.

**بڵند حەیدەری لەگەڵ ئەوتوانا شیعرییەی کە هەیبووە لە کولتووری عەرەبیدا ستەمی لێکراوە و درەنگتر شیعرەکانی بە خوێنەری عەرەب گەیشتوون**

نووسەریشمان هەیە بە زمانی عەرەبی نووسیوەیەتی وەک (ئیبنولحاجیبی کوردی) بەڵام نووسینەکانی هیچ مۆرکێکی کوردانەیان پێوە دیار نییە، بۆیە دەکرێت شوناسێکی عەرەبی و ئیسلامی بە نووسینەکانی بدەین. نووسەری کوردیش هەیە کە هەم بە زمانی عەرەبی و هەمیش بەزمانی کوردیی نوسیویەتی وەک: (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس) و (شێخ نورەددینی بریفکانی) و دەتوانین نووسینی ئەم نووسەران بە دوو شوناس بناسێنین.

لەهەموو حاڵەتەکانیشدا ناکرێت تۆمەتی خۆ بە عەرەبکردن بدەینە پاڵ ئەو نووسەرانەی کورد کە بەعەرەبی نووسیویانە؛ چونکە زمانی عەرەبی بەهۆی ئیسلامەوە بووە بە زمانێکی جیهانی، نووسەرانی کوردی عەرەبی نووسیش وەک مسوڵمان بە ئەم زمانەیان نووسیوە، ناسنامەی مسوڵمانبوونیش لەسەرووی ناسنامەی نەتەوەیی عەربەییەوە بووە، لەم بارەیەشەوە نووسەری ئیسلامی (شلتاغ عبود) دەڵێت:"بەلای ئێمەی مسوڵمانەوە، زمانی عەرەبی ئەرکێکی ئایینی هەیە کە لە سەرووی ئەرکە نەتەوەییەکەیەوەتی"(٢٦) .

ئەگەری بڵێین: کوردە عەرەبینووسەکان خزمەتی گەلی خۆیان نەکردووە، ئەمە ستەم و سادەگۆییە، ئاخر هەندێکیان لەسەردەمێکدا ژیاون کە زمانی عەرەبی زمانی زانست و ئایین بووە و بیری نەتەوەیی کوردیش وەک ئەمڕۆ نەبووە. پاشان بەشداریکردن لە خزمەتکردن بە کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا بەمانای ناپاکیی لە دژی نەتەوەی کورد نییە، چونکە ئەوان کارێکی مەعریفییان کردووە، مەعریفەش سیفەتێکی مرۆڤدۆستانە و جیهانیی هەیە و ناکرێت لەسەر بنەمای بیرێکی نەتەوەیی تەسک هەڵیبسەنگێنین.

لەبیرمان نەچێت هەندێک لە ئەو زانا ئیسلامییە کوردانە لە بەستێن (سیاق) ێکی مێژوویيدا نووسیویانە کە بیری

نەتەوەیی کورد وەک ئێستا بەهێز نەبووە، بۆیە لە ڕووی مێژوویەوە هەڵەیە ئەگەر لە ئەم پرسەدا، بە چاویلکەی ئێستا لە ڕابردوو بڕوانین و هەڵیبسەنگێنین. هەندێکیشیان بە حوکمی جوگرافیی، لەبەر ئەوەی لەناو عارەبان ژیاون، زمانی دایکی خۆیان نەزانیوە، ئەگەریش زانیبێتیان، بۆئەوەی پەیامەکەیان باشتر بگات، بە عەرەبیی نووسیویانە. لەلایەکی دیکەوە هیچ دەوڵەتێکی کوردیی بەهێز نەبووە تا پشتیوانیی زمانی کوردی و گەشەپێدانی بکات، بە پێچەوانەی زمانی عەرەبییەوە کە زمانی فەرمیی خیلافەت و دەوڵەتە ئیسلامییەکان بووە.

### دەبوو بڵند بە سەردەستەی شاعیرانی نوێخوازی شیعری عێراقیی و عەرەبیی دابنرێت

هەروەها سودی ئەو زاناو ئەدیبانە بۆ کورد، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەیان دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەوەدا سودیان هەبووە کە ئامادەگیی کوردیان لە ناو کولتووری ئیسلامی و عەرەبیدا سەلماندووە. هەروەها بەشدارییان لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی لە کوردستاندا کردووە و بوون بە پردێکی پەیوەندیی لە نێوان نەتەوەکەی خۆیان و نەتەوە مسوڵمانەکانی دیکە، بەمەش دەرگایان بەڕووی کوردستاندا کردووەتەوە و لە داخراوی و گۆشەگیریی جوگرافیی ڕزگاریان کردووە. ئەوان کە بەزمانی عەرەبی نووسیویانە لەبەر ئەوە نەبووە کە خۆیان بەعەرەب کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە نووسین بەکوردی لە سەرەتاکانی هاتنی ئیسلامەوە بۆ کوردستان تا سەردەمانێک باو نەبووە، یان هەر زۆر دەگمەن بووە.

هەندێک لە ئەو نووسەرانەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سودیان بۆ کولتووری کوردیی هەبووە، ئەویش لە ڕێگەی دانانی فەرهەنگی کوردی – عەرەبیی وەک فەرهەنگی (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێ و فەرهەنگی (نەوبەهار) ی ئەحمەدی خانی. یان لەڕێگەی نووسینی هۆنراوە بە زمانی کوردی وەک ئەو هۆنراوانەی کە شاعیرانی کلاسیکی کورد وەک: ( ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، مەولەوی، نالی و مەحوی) نووسیویانە کە هەموویان بە زمانی عەرەبیی خوێندوویانەو مەلاش بوون. ئەمە جگە لەوەی کە لە حوجرەکانەوە چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕو مێژوونووسی وەک (مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، شوکور موستەفا و هەژاری موکریانی) پەروەردە بوون کە بەزمانی عەرەبی خوێندوویانە بەڵام خزمەتێکی گەورەیان بە کولتووری کوردیی کردووە و یادگەی کولتووریی گەلەکەی خۆیان دەوڵەمەند کردووە.

ئەوەی گرنگە لە ئێستاو ئایندەدا کاری لەسەر بکرێت، زیاتر گەڕاندنەوەی ئەو زاناو ئەدیبانەیە بۆ بەستێنی کولتووریی کوردیی ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانیانەوە بۆ زمانی نەتەوەیی خۆیان، تاوەکو زیاتر بە نەوەکانی داهاتووی کوردستان ئاشنابن. هەروەها زۆر پێویستە توێژینەوە سەبارەت بە ژیان و نووسین و دەستنووسەکانیان بکرێت و کۆڕو کۆنفرانسیان لە ئاستی ناوخۆو جیهاندا بۆ ببەسترێت، لەمەشدا ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان دەتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن و بەشانازییەوە کار لەسەر ئەو کوردانە بکەن کە بە عەرەبیی نووسیویانەو وەک نموونەیەکی فرەکولتووریی و پێکەوەژیان نیشانیان بدەن.

**ئەنجام**

- کولتوور مانایەکی فراوانی هەیە و وەک ئاوێتەیەک وایە کە چەندین توخمی تێدایە، دوو لە ئەو توخمانەش زمان و ئەدەبن.

- زمانی عەرەبیی بەهۆی ئیسلامەوە بووە بەزمانێکی جیهانیی، لەپاڵ ئایینی ئیسلامیشدا چەندین زاناو ئەدیبی گەلانی غەیری عەرەب، خزمەتێکی زۆریان بە زمان و کولتووری عەرەبیی و ئیسلامی کردووە، لە ناو ئەوانیشدا زاناو ئەدیبە کوردەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە، لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەتی کولتووری کوردیشیان کردووە.

- ناتوانین بڵێین: گشت ئەو نووسەرانەی کورد کە بەزمانی عەرەبیی نووسیویانە، لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا ستەمیان لێکراوە، بەڵام ناشتوانین بڵێین: کوردبوون کێشەی بۆ هەندێک نووسەری کوردی عەرەبینوس لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دروست نەکردووە.

- نووسینی زاناو ئەدیبێکی کورد بەواتای خۆ بە عەرەبکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردیی نایەت، بەڵکو هەوڵێکە بۆ سەلماندنی بوونی کورد لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا.

- بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هاوسەنگ و بێلایەنانە کوردە عەرەبینوسەکان و بەرهەمەکانیان هەڵبسەنگێنین، نابێت بە پێوەری ئەمڕۆ و لە ڕووانگەی بیرێکی نەتەوەیی کوردیی یان عەرەبیی تەسکەوە لێیان بڕوانین.

- هەریەک لە ئیبنولحاجیب و بڵند حەیدەریی دوو زماناناس و شاعیری کوردن کە لەدوو بواری مەعریفی نزیک لە یەک و لە دوو زەمەنی جیاوازدا بە زمانی عەرەبیی نووسیویانە و هیچ بەرهەمێکیشیان بەکوردیی نییە. کوردبوونی ئیبنولحاجیب هیچ کێشەیەکی بۆ بڵاوبوونەوەی ناوبانگەکەی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دروست نەکردووە، کەچی بڵند حەیدەریی بەهۆی کوردبوون و هەندێک هۆکاری دیکەوە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا فەرامۆش کراوە و لە

ڕیزبەندیی شاعیرە سەرامەدەکانی شیعری عێراقی و عەرەبیدا ستەمی لێکراوە.

- بڵند حەیدەری و ئیبنولحاجیب، لەبەر ئەوەی بە عەرەبی نووسیویانە، لەناو جیهانی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردیدا پەراوێز خراون. ئەگەر ئەوانیش وەک هەندێک لە زاناو ئەدیبەکانی وەک (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس) لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بەکوردیش بیاننوسییایە کاریگەرییان لە کولتووری کوردیدا زیاتر دەبوو، پەراوێزیش نەدەخران، بەڵام بەهۆی ئەوەی زیاتر لە جیهانی عەرەبیدا ژیاون کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر کولتووری کوردیی نییە.

- هەرچەندە بڵند حەیدەریی بە عەرەبیی نووسیویەتی، بەڵام هەستی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەی پاڵپێوەناوە کە سەبارەت بە هەڵەبجە و کوردستان بنووسێت، کەچی ئەم هەستە لای ئیبنولحاجیب نییە.

## - پێشنیاز

پێشنیاز دەکەین توێژەرانی کورد چەندین توێژینەوەی دیکە سەبارەت بە ئەو کوردانە بکەن کە بە زمانی عەرەبیی نووسیویانە تاخوێنەری کورد زیاتر پێیان ئاشنا ببێت. هەروەها پێشنیاز دەکەین زانکۆکانی کوردستان لە پلانی ساڵانەی خۆیاندا بۆ خوێندنی باڵا، چەند توێژینەوەیەک بۆ ئەو کوردانە تەرخان بکەن کە ڕۆڵی بەرچاویان لە خزمەتکردنی کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا هەبووە، هەندێکیشیان خزمەتی کولتووری کوردیشیان کردووە.

شانبەشانی نووسین و توێژینەوە، وەک هەوڵێکیش بۆ گەڕاندنەوەی سامانێکی کولتووریی لەبیرکراو، پێشنیاز دەکەین ئینسکلۆپیدیایەک بەزمانی کوردی و عەرەبیی سەبارەت بە کوردە عەرەبینوسەکان بنوسرێت و بڵاو بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەی تەلەفزیۆنی و کاری هونەریی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانییان لەسەر بکرێت و ناویشیان بخرێتە مەنهەجەکانی خوێندنەوە. هەروەها دامەزراوەی ئایینی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی و شوێنە گشتییەکان بەناویانەوە بکرێت و لەساڵیادی لەدایکبوونیاندا چالاکیی کولتووریی ئەنجام بدرێت.

### -لیستی پەراوێزو سەرچاوەکان

(١) آيزا بر جر، آرثر،٢٠٠٣، النقد الثقافي تمهيد مبدئي للمفاهيم الرئيسية، ترجمة: وفاء إبراهيم، رمضان بسطاويسي، مصر: المشروع القومي للترجمة. ل ١٩٢.

(٢) أنتوني غدنز، د.ت، علم الاجتماع، ترجمة: د. فايز الصباغ،ط٤، بيروت: المنظمة العربية، ل ٧٩.

(٣) دنيس، كوش، ٢٠٠٧، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعداني، بيروت: المنظمة العربية للترجمة، ل ٣١.

(٤) عبدالغني عماد، ٢٠١٦، سوسيولوجيا الثقافة المفاهيم والإشكاليات.. من الحداثة إلى العولمة، ط٣، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ل ٢٦.

(٥) شلتاغ عبود، ٢٠٠١، الثقافة الإسلامية بين التغريب والتأصيل، بيروت: دار الهادى للطباعة والنشر والتوزيع، ل ١٠٩.

(٦) أحمد الخليل،١١-١-٢٠٢٤، مشاهير الكرد في التاريخ الإسلامي ( الحلقة العاشرة ) النحوي الكبير:

ابن الحاجب (٥٧٠ هـ.٦٤٦ هـ) ابحثوا عن الظروف، https://kurd-online.com/٪D٩٪٨٥٪D٨٪B٤٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٧٪D٩٪D٨٪A٨٪١B-، (بەردەستە: ٢٧- ٥- ٢٠٢٥).

(٧) شوقي ضيف،١٩٧٧، المدارس النحوية، ط٣ ، القاهرة: دار المعارف ، ل ٣٤٣.

(٨) موسى بناي العليلي، (١٩٨٢) الإيضاح في شرح المفصل للشيخ أبی عمر عثمان بن عمر المعروف بابن الحاجب النحوى ٥٧٠هـ – ٦٤٦هـ، ج١، وزارة الأوقاف والشؤون الدينية: الجمهورية العراقية: ، ل ٥.

(٩) ئـێـڤین عـومـەر،١٩-٤-٢٠٢٢، ئـیبن حـاجـیـب، https://zaniary.com/blog/h٨#٦٢٥f١f٩cf١٠ef (بەردەستە: ٢٠-٥-٢٠٢٥).

(١٠) عمر فروخ، ١٩٨٩، تاريخ الأدب العربي، ج٣،ط٥، بيروت: دار العلم للملايين، ل ٥٥٩.

(١١) شوقي ضيف، ١٩٦٨، المدارس النحوية، ط٧، دار المعارف، القاهرة، ل ٣٤٣، ٣٤٥.

(١٢) أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبی بكر بن خلكان، ١٩٧٢، وفيات الأعيان وانباء ابناء الزمان، ج ٣، تحقيق: د. إحسان عباس، بيروت: دار صادر، ل ٢٥٠.

(١٣) شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي، ١٩٩٦، سير أعلام النبلاء، ج ٢٣، ط١١، تحقيق: د.بشار عواد معروف، د. محيي هلال، بيروت: مؤسسة الرسالة، ل ٢٦٥.

(١٤) دیوانی نالی مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، ١٩٧٦، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكريم، پیاچوونەوەی: محەمدی مەلا كریم، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ل ٣٩٨-٣٩٩.

(١٥) محمد على الصويركي الكردي، ٢٠٠٨، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد، ج١، بيروت: الدار العربية للموسوعات ل ٣٢٧-٣٢٨ .

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٨.

(١٧) إبراهيم جابر علي،٢٠١٠، المستويات الأسلوبية في شعر بلند الحيدري، كفر الشيخ: دار العلم والإيمان للنشر والتوزيع ل ٢١.

(١٨) فاروق شوشة، ٢٠١٦، گۆڤاری (العربي)، ژمارە ٦٨٩، https://alarabi.nccal.gov.kw/Home/Article/١٩٥٢٦، (بەردەستە: ١٠- ٦- ٢٠٢٥.).

(١٩) الأعمال الكاملة، ١٩٩٣، بلند الحيدري، القاهرة: دار سعاد الصباح، ل ١٣.

(٢٠) فاروق شوشة، ٢٠١٦، گۆڤاری (العربي)، ژمارە ٦٨٩، https://alarabi.nccal.gov.kw/Home/Article/١٩٥٢٦، (بەردەستە: ١٠- ٦- ٢٠٢٥).

(٢١) محمد حجيري، بلند الحيدري... غواية "المظلومية الكردية" وأوهامها، ٢٨-١٠-٢٠١٧ ، https://www.almodon.com/culture/٢٠١٧/١٠/٢٨/٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٦٪D٨-AF٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪D٩٪AD٪D٨٪A٨٪٪AF٪D٨٪B١٪ ،(بەردەستە: ١٠-٦- ٢٠٢٥).

(٢٢) چاوپێکەوتنی سالار تاوگۆزی لەگەڵ جاندۆست بەزمانی عەرەبی (١٨- ١٢- ٢٠١٤)، سلێمانی، جان دوست: "للأسف الخلفية القومية لأيّ كاتب تؤثر على وضعه في العالم العربي، ماڵپەری (مدارات کرد) : https://www.medaratkurd.com/٢٠١٤/١٢/١٨/٩٦٤/ (بەردەستە ٨-٦-٢٠٢٥).

(٢٣) دیمانەی بڵند حەیدەری لەگەڵ محمد رضا نصرالله لەبەرنامەی (هذا هو)، ساڵی ١٩٩٤، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە یوتیوب (٢-٥- ٢٠١٧)، https://www.youtube.com/watch?v=y٠D١AMPRM٦ (بەردەستە: ١٦- ٦- ٢٠٢٥).

(٢٤) هەمان سەرچاوە.

(٢٥) بلند الحيدري، ١٩٩٢، الأعمال الكاملة، أغاني المدينة الميتة، القاهرة: دار سعاد الصباح، ل ٧٧٢.

(٢٦) شلتاغ عبود، ٢٠٠١، الثقافة الإسلامية بين التغريب والتأصيل، بيروت: دار الهادى للطباعة والنشر والتوزيع، ل ١٧١- ١٨٤.

# وەرگێڕان

ئایینناسی

# دەستووری مەدینە،
# ڕەهەندەکانی هاووڵاتیبوون
## توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مێژوویی ئایینی ئیسلام

نووسینی: میسباح شەیبانی
وەرگێڕانی: ئایینناسی

**پێشەکی**

کەمینە و تائیفە کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیی، بەجۆرێك لە ماف و ئازادی لە سایەی دەوڵەتی پێغەمبەر (د. خ) سودمەند بوون، کە لە هیچ ئەزموونێکی مێژوویی سیاسیی پێشتر لە جیهاندا وێنەی نەبووە، پێغەمبەر (د. خ) ئەم پەیوەندییەی لەسەر بناغەی ئایەتی (لا ينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبرّوهم وتقسطوا إليهم إنّ الله يحب المقسطين) الممتحنة – ٨، ڕێکخستن، ئایەتەکە بەشێوەیەکی ڕوون بناغەی ئەو ڕەوشت و ڕەفتارەی دارشت کە پێویستە موسڵمانان لەگەڵ ئەوانی تر بیکەن، کە مامەڵەکردنە بە چاکە و دادپەروەری لەگەڵ هەرکەسێك دوژمنایەتیان نەکات، ئەمەش بناغەی مامەڵەیەکی شارستانیانەیە کە بەر لە ئیسلام مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە نەبینیوە، پێغەمبەر (د. خ) دوای کۆچکردنی بۆ مەدینە لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت (بەڵگەنامەی مەدینە/ صحيفة المدينة) ڕەنگرێژ کرد، بە مەرامی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە نوێیەکە لەسەر بنەمایەکی یاسایی و مەدەنی، بۆیە ئەو بەڵگەنامەیە خشتی یەکەمی بوونیادنانی (دەوڵەتی مەدەنی)یە کە مافی هاووڵاتیبوون تێیدا لە مێژووی عەرەبی ئیسلامی بەرجەستە بکات.

بۆ توێژنەوەکەمان دەربارەی مەبەستەکانی بەڵگەنامەی مەدینە، سودمان لە کۆمەڵناسی ئایینی لای کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر) وەرگرتووە کە بناغەیەکی بۆ کۆمەڵناسیی ئایینی بەراوردکاری و مێژوویی داناوە، ئەو ناچێتە ناو ئایینی مەسیحی لە جەوهەری سرووتەکانی، بەڵکو گرنگی بە ئاماژە سیمبولییە جۆراوجۆرەکانی لەپاڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و مێژووی و گەڕان بە دوای شوێنەوارە ئابورییە تایبەتییەکانی دەدات.

یەکەم: بەڵگەنامەی مەدینە، یەکەم "دەستوور" لە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ کۆچی پێغەمبەر (د. خ) بۆ مەدینە، قۆناغی مێژویی کۆمەڵگەی عەرەبی کۆتایی هات و قۆناغێکی نوێ دەستپێکرد، قۆناغی مەککی سەردەمی وشیارکردنەوە و بانگەوازی نهێنی ئایینی نوێ و ململانێ -ئاشکرا و شاراوە- بوو لەگەڵ "هاوبەشیدانەران"ی قورەیش، بەڵام قۆناغی مەدینە، موسڵمانان لەگەڵیدا بناغەی یەکەم "دەوڵەتی مەدەنی"یان لە مێژووی خۆیاندا دارشت، هۆکاری کۆچی پێغەمبەر (د. خ) و هاوەڵانی وەك هەندێك باسی لێوەدەکەن دەربازبوون لە ئاشوب و گاڵتەپێکردنی هاوبەشیدانەرانی قورەیش بە تەنیا نەبوو، بەڵکو گوزارشت بوو لە "ڕاگەیاندنی سەرەتای پرەنسیپی سیاسی و ڕەوشتی بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نوی"، کە تێیدا دەسەڵات بەدەست موسڵمانانەوە بوو لە وڵاتێکی تەناهیدا، کاتێك پێغەمبەر (د. خ) گەیشتە مەدینە، دەستی کرد بە دانانی بناغەی یەکەمی ئەو کۆمەڵگەیە و دەوڵەتە مەدەنییەکەی، کە دانیشتوانی ئەو شارە (کۆچەری، پشتیوان، جولەکە و ئەوانی تر) بوون و بوونە یەك کۆمەڵگەی یەکگرتوو لەسەر بنەمای مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام و پرەنسیپە لێبوردەییەکانی، گرنگترینیشیان پرەنسیپی "مەدەنیبوونی دەسەڵات" لە دەوڵەت، مافی "هاووڵاتیبوون" و "پێکەوەژیانی ئاشتیانە"ی نێوان پێکهاتە و تائیفە کۆمەڵایەتی و ئایینییە جۆراوجۆرەکان بوو.

**یەکەم: ناساندنی بەڵگەنامەی مەدینە**

یەکەم کاری پێغەمبەر (د. خ) لەگەڵ هاوەڵەکانی لەکاتی گەیشتنی بە شاری یەسریب، دروستکردنی برایەتی نێوان کۆچەری و پشتیوانەکان بوو، پاشان ڕێککەوتنی نێوان موسڵمانان و جولەکەی نیشتەجێی شارەکەی واژۆ کرد، ئەمەش لەپێناو دەستەبەری پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامی.

ئەو ڕێککەوتننامەیەی پێغەمبەر (د. خ) واژۆی کرد ناونرا سەحیفە (الصحيفة)، یان (ڕێککەوتنی یەسریب)، کە بە یەکەم بەڵگەنامەی یاسایی "مەدەنی" لە بوونیادنانی دەوڵەتی ئیسلامی دادەنرێت، یەکەم گرێبەستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی بوو کە پەیوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخست، بناغەی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی یەسریبی دەستنیشان کرد، بۆیە ئەو بەڵگەنامەیە هەندێك لە توێژەرانی هاوچەرخ بە یەکەم "دەستوور" لە مێژووی عەرەب و موسڵمانان ئەژماری دەکەن، کە لەسەر بنەمای پێوەری سیاسی و ڕەوشتی نوێ دارێژراوە، کە بەهای دەمارگیری خێڵەکی و مەزهەبی ئایینی ڕیشەکێش کرد، بەهای هاووڵاتیبوون و دەوڵەتی مەدەنی تێدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئـەم بـەڵـگـەنـامـەیـە، دەقـێکـی ئـایـینی ئـاسـمـانیی نـەبـوو، بـەڵکـو بـە گـوزارشتی سـەردەم بـریـتییـە لـە گـرێـبـەستێکی یـاسـایی، یـان دەقـێکی دەسـتـووری کە پێغەمبەر (د. خ) لـەبـەر ڕۆشـنـایی دەق و مـەبـەسـتـەکانی قـورئـان دایـڕشـت، یەکەم گرێبەستی یاساییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان پێکهاتە و تائیفە جیاوازەکان لەسەر بنەما و نەگۆڕی نوێ، ئامانج لێی ڕێکخستنی ژیانی هاوبەش لـە شـاری یـەسـریـب بـوو، هیچ یـەکێك لـە دانیشـتـوانـەکـەی هـەڵـنـەگـۆسـتـووە (اسـتـثـنـاء)، جـا مـوسـڵـمـان بـن، یـان هەڵگری ئایینێکی دیکە بن وەك جولەکە و بتپەرست، بەپێی ئەم گرێبەستە هەمووان هاوبەش بوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی شارەکە لە دۆخی شەڕ و ئاشتی، هەمووان پابەندکران بە پارێزگاری لـە شـارەکـە بێ جـیـاوازی و جـیـاکاری، بۆیە دەتوانرێت بوترێت لە ڕێگەی ئەم گرێبەستەوە تەواوی پێکهاتەکانی شارەکە بوونە یەك گەل، پەیوەستی و سۆز بۆ دەوڵـەتی نـوێ کـۆی کـردنـەوە، ئـەمـەش لـەسـەر بـنـاغـەی ئـایین نـەبـوو، بـەڵکـو لـەسـەر بـنـەمـای پـەیـوەسـتـبـوون بـە زەوی هاوبەش، یاخود یەك نیشتمان بوو.

مەودای کات و شارستانی ڕێگە بە جیاکاری نێوان نەوەکان نادات، مەگەر لە ڕێگەی سیستمی ئاماژەی بەکارهاتو لە زماندا بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندییە واقیعیەکان وەك ئەوەی هەستی پێدەکەین، جۆرەکانی بیرکردنەوەی باو لەبارەی گشت، ئاماژەیە بۆ ئـەوەی کـە نـاتـوانـرێت تێگەیشتنێکی دروستی دیاردە پەراوێزخراوەکان بکرێت، مەگەر بڕوانرێتە تێکرای کۆمەڵگە و چوارچێوەیەکی گشتی مێژوویی، دەکرێت ئەو چوارچێوەیەش پێوەرێکمان بداتێ کـە بـە هـۆیـەوە بـتـوانین مـومـارەسـە و ڕووداوە لاوەکییەکان و ئەو توێژینەوانە هەڵسەنگێنین کە دوورەپەرێزانە و دوور لە چوارچێوە گشتییەکەی کۆمەڵگە و مێژووەکەی دەڕواننە ڕووداوەکان.

**دووەم: گـوتـاری بـەڵـگـەنـامـەکـە و مەبەستەکانی**

بە گەڕانەوە بۆ دەقی ئەو بەڵگەنامەیە، بە بڕوای ئێمە باشترین ڕێگەیە کە توێژەر بەهۆیەوە ئاماژە قوڵەکانی و مەبەستە ڕاستەقینەکانی تێبگات، بەوپێیەی گوتەزاکان و چەمکەکان پێبەپێی گەشەی مەعریفی لە دەمە جیاوازەکان، جیاوازی سیستمە فەلسەفییەکان، لەخۆگرتنی ناوەڕۆکی دەوڵەمەند و ئاڵۆز و تێهەڵکێش کە ئەو چەمکانە دەینوێنێت بە گشتی، یان بەشەکی گەشەی کردووە، ئەوەی وێنەی ڕاستەقینەی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر (د. خ) شێواندووە ڕاڤەکارانن کە ڕۆڵی نێوەندگیریان لە نێوان ئێمە و ئەو دەقانەدا بینیوە، پشتگوێخستنی تـوێـژیـنـەوە لـە مـەبـەسـتـەکـانی ئـەو بەڵگەنامەیە، ڕێگەخۆشکەربووە بۆ

دروستبوونی جۆرێك لە بیری توند، گەشەی ئاڕاستەی تەقلید، تەممەڵی و پشتگوێخستنی عەقڵ، زانینی مەبەستەکان پاڵنەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی لایەنەکانی حوکم و جێبەجێکردنەکەی.

گرنگی تویژنەوە لەم بەڵگەنامەیە، پێویستی بە تێپەڕاندنی ئەو تێکچڕژانەیە کە لە نێوان چێوە جیاوازەکانی ئەو مانایانەدا دروستبووە بەڵگەنامەکە لەخۆی دەگرێت، کە چەندین هەڵوێست لەسەر ئاستی درك پێکردن و ڕاڤەکردنی دروستبووە، بۆیە پێوستە لەبەردەم ماناکانی بەڵگەنامەکە پەیوەست بە مەبەستەکانی تێبگەین، هەروەك (ڕەمانی) لە کتێبی (الحدود في النحو) دەڵێت مەبەست دەتوانرێت بە قسەکردن دەربڕێت.

### لەگەڵ کۆچی پێغەمبەر (د. خ) بۆ مەدینە، قۆناغی مێژوویی کۆمەڵگەی عەرەبی کۆتایی هات و قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد

بەڵگەنامەکە بە دیاریکردنی ناسنامەی لایەنی یەکەم دەست پێ دەکات و دەڵێت: (بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، ئەمە نووسراوێکە لە نێوان محەممەد پێغەمبەر و باوەڕداران و موسڵمانانی قورەیش و یەسریب و ئەوانەی شوێنیان کەوتوون و پەیوەندییان پێوەکردوون، لەگەڵیاندا جیهادیان کردووە، هەموویان ئومەتێکن جیاواز لە خەڵکی. کۆچبەران لە قورەیش لەسەر ئەو حاڵەی کە لەسەرین، دەبێت ئەگەر خوێن کەوتە سەریان تۆڵەکەی پێکەوە بدەن و فیدیەی ئەسیرەکانیان بدەن بە باشی و بە دادپەروەرانە لە نێوان ئیمانداراندا)، پاشان ناوی خێڵە جیاوازەکانی نیشتەجێی مەدینە هاتووە، گرنگترینیان: بەنو عەوف، بەنو ساعیدە، بەنو نەجار، بەنو عەمر و هی تریش، لەو پرەنسیپانەی بەڵگەنامەکە جەختی لێ دەکاتەوە مامەڵەکردنی هاوشێوە و یەکسانە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە (هیچ موسڵمانێك پەیمان نابەستێ لەگەڵ غەیرە موسڵمان، باوەڕدارانی تەقوادار پێکەوە بەرەنگاری ئەوانە دەبنەوە کە لەنێویاندا یاخی دەبن، یان بیەوێت ستەم بکات، یان خراپە یاخود دوژمنکاری ئەنجام بدات، هەموویان یەکدەستن بۆ بەرپەرچدانەوە، با ئەگەر کوڕی یەکێکیش لەخۆیان بێت، هیچ موسڵمانێك موسڵمانێك لەتۆڵەی بێباوەڕێکدا ناکوژێتەوە، هیچ موسڵمانێك یارمەتی بێ باوەڕ نادات بەسەر باوەڕداردا، پەیمان و بەڵێنی خودا یەکە، جا بۆ هەموو مسوڵمانێکە (ئەگەر پلەشی نزم بێت) پەنای خەڵکی بدات، موسڵمانان هەموویان برای

یەکن جیاواز لە بێباوەڕان. هەرکەس لە جولەکەکان شوێنمان بکەوێت، ئەوا مافی سەرخستن و یەکسانییان هەیە و ستەمیان لێ ناکرێت و کەسیان بەسەردا سەرناخرێت، ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ناموسڵمانەکان ناکرێت بەبێ ڕەزامەندی هەموو موسڵمانان لەسەری بە یەکسانی و دادپەروەری، هەر کەسێك بەشداری غەزای کردبێت لەگەڵمان مافی لەپێشبوونی هەیە لەوانەی دوای ئەو هاتوون و بەرگرییان کردووە). لە سەرەتای ئەم بەڵگەنامەیەدا، دوای ناوهێنانی تەواوی خێڵەکانی یەسریب، گرنگی داوە بە حەرامکردنی کوشتار لە نێوان خەڵکی یەسریب و دانانی بنەمای بەرگری هاوبەش لە شارەکە، بۆ هیچ باوەڕدارێك نییە، کە دانی بەم بەڵگەنامەیەدا ناوە و باوەڕی بە خواو و ڕۆژی دوایی هەیە کەسێکی خراپ پەنا بدات و سەربخات، ئەگەر کارێکی لەو شێوە بکات نەفرەت و تووڕەیی خوای لەسەرە لە ڕۆژی دوایی. هەروەك ئەم بەڵگەنامەیە دانی بەوەدا ناوە کە چاکە لە خراپە جیاوازە، هەر کەسێك لەوە بەرپرسە کە خۆی دەیکات، کەس تاوانی کەس هەڵناگرێت، ئەوەی لە شارەکە بژی پارێزراوە، مەگەر ستەمێك، یان تاوانێك بکات، خوا پاڵپشتی چاکەکار و تەقوادارانە، محەممەدیش پێغەمبەری خوایە، هەر ناکۆکییەکیش لە نێوان خودی موسڵمانان، یان لەگەڵ ئەوانی تر دروست بێت، ئەوا پێغەمبەر (د. خ) مەرجەعە و دەبێت بۆی بگەڕێنەوە.

لە میانەی ئەو بڕگانەی خرانەڕوو، ئەوەی پێغەمبەر (د. خ) و هاوەڵانی دوای کۆچکردن بۆ مەدینە سەرقاڵ کرد، ڕێکخستنی ڕێگەکانی پێکەوەژیان لە نێوان کۆچەرییەکان کە مەککە و ماڵ و زێدی خۆیان جێهێشتبوو و پشتیوانەکان بوو بە پلەی یەکەم، بۆ ئەوەی ئامانجەکە، یان مەبەستە مرۆییەکە لە واقیعێکی هەستپێکراودا –کۆمەڵایەتی و سیاسی- بەرجەستە بێت، پێغەمبەر (د. خ) سیستمی "برایەتی" نێوان موسڵمانانی دانا و شوێنی برایەتی ڕەچەڵەکی گرتەوە، گەل شوێنی خێڵ و هۆزی گرتەوە، بەڵگەنامەکە بناغەیەکی نوێی پێکەوەژیانی دارشت، ڕێسای مەدەنی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ڕاگیرکرد، ئەویش لە چێوەی ڕێزی یەکتر و پارێزگاری لە تایبەتمەندی ئایینی و پابەندبوونی تێکڕای پێکهاتەکان بە دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتری، چونکە هەمووان یەك گەل پێکدەهێنن.

دیارترین ئەو ڕێنماییانەی ئیسلام کە لەم بەڵگەنامەیە بەرجەستە بوو، مەبەستەکانی لەسەر بوونیادنرا، دانانی نەریتی نوێ بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك، بڵاوکردنەوەی گیانی بەها مرۆییەکان، وەکو: لێبوردەیی، برایەتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی یەسریب، کێشەی ئوممەتی ئیسلام بە پلەی یەکەم و بەدیاریکراوی دەگەڕێتەوە

بۆ دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکەی، هیچ یەکێك لە فەقیهەکان گومانیان نییە لە دروستی سیستمی کۆمەڵایەتی، کولتووری و بەهای ئیسلامی لە هیچ سەردەمێکدا، بەڵکو ئەوەی گومانی لەسەرە و جێگەی تانە و ڕەخنەیە سیستمی سیاسییە، کە لە قورئان و شەرع لایدا و ئوممەتی ئیسلامی خستە ناو نەهامەتییەوە تا ئێستا لێی دەرباز نەبووە.

**سێیەم: بەڵگەنامەکە و بەهای مەدەنیبوونی دەوڵەت و هاووڵاتیبوون**

بڕوامان وایە کە بەڵگەنامەکە شۆڕشێکی ژیاری و ڕەوشتی بوو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیاسەتەکەی – لە سایەی بوونی خودی پێغەمبەر و مەزنێتی وەکو سیمبولێك- کە لە شارستانییەت و ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی لەوەوپێش نموونەی نەبووە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ئەم ڕاگوزەرییە بەشێوەیەی ئاشتی و بێ خوێنڕژان بووە، بەڵکو بازدانێك بوو لە بونیادی کۆمەڵایەتیی"کۆمەڵگەی خێڵەکی" کە بە "مەیلی دەمارگیری" دەناسرایەوە، بەرەو قۆناغی پەیوەستی بۆ "نیشتمان" و هەستکردن بە ئینتیما بۆ یەك کۆمەڵگەی فرە ئایین و ڕەگەز.

**١-مەدەنیبوونی دەوڵەتی ئیسلامی**

کاتێك پێغەمبەر (د. خ) کۆچی کرد بۆ مەدینە و ئەو دەوڵەتەی دامەزراند و دەستووری بۆ دانا، هەموو هۆزەکانی یەسریب نەهاتبوونە ناو ئیسلام، جولە و پێکهاتەی تری ئایینیش لەگەڵ "میللەتی ئیسلام" لە چێوەی هاووڵاتی ئەم دەوڵەتە مەدەنییە نوێیەدا بوون، هەموو پێکەوە "میللەت"ێکی نوێیان پێکهێنا، لە بڕگەکانی کۆتایی ئەم بەڵگەنامەدا، جەخت لەوە کراوەتەوە کە پێویستە پەیوەندییەکان لە یەسریب لەسەر بنەمای چاکە لە مامەڵە و پارێزگاری لە ئاسایش وەك سیفەتێکی هاوبەش بێت، جولەکەکانیش وەك موسڵمانان دەبەخشن، جولەکەکانی بەنی عەوف ئوممەتێکن لەگەڵ باوەڕداران، جولەکە ئایینی خۆیان هەیە، موسڵمانان ئایینی خۆیان و لایەنگرانیان هەیە، مەگەر کەسێك ستەم، یان خراپەکاری بکات، بەوەش تەنیا خۆی و خانەوادەکەی تووشی نەهامەتی دەکات، پاشان ناوی تائیفە جولەکەکانی تر دێت و جەخت لەوە کراوەتەوە کە "جولەکەکان خەرجیان لەسەر خۆیانە، موسڵمانەکان خەرجیان لەسەر خۆیانە، لە نێوانیاندایە یەکتر سەربخەن بەسەر هەر کەسێك دژایەتی بەشداربووانی ئەم بەڵگەنامەیە بکات.

دوای کۆچکردن بۆ مەدینە، دۆخی بوونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەهەندی نوێی بەرامبەر گواستنەوە لە چەمکی "کۆمەڵ" بۆ چەمکی "ئوممەت" وەرگرت، ئەم گۆڕانە لە گوتاری سیاسی پێغەمبەر (د. خ) دەرکەوت، چ لە چوارچێوەی

گوتاری بەڵگەنامەکە، چ لە چوارچێوەی وتەکانی تری، بە درێژایی قۆناغی مەککە گوتاری ناوەرۆك سیاسی یان ڕەهەندی یاسایی مەدەنی بوونی نەبوو، بەڵام بوونی دەقی ئایینی (قورئان و سوننەت) لە قۆناغی مەدینە، لە ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە و مەبەستەکانی ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەش هۆکارێکی ناڕاستەوخۆ بوو لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی کۆدەنگی سیاسی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی یەسریب سەبارەت بە دسپلینی سیستمی دەوڵەتی نوێ. بۆیە ئەم بەڵگەنامەیە بازدانێکی گرنگە لە بوونیادنانی ئەو دەوڵە مەدەنییە و چوونە ناو قۆناغی داڕشتی یاسای سیاسی مەدەنی، کە پێویستی بە سەربەخۆیی لە بڕیاردان دوور لە دەسەڵاتی ئایینی هەیە، ئەم گۆڕانکارییە لەو بەڵگەنامەدا بەتەواوی جێ پێ کەلتورێکی سیاسی مەدەنی نوێی قایم کردووە، کە لەسەر بنەمای "کەلتوری فرەیی" و ڕێزگرتنی "پرنسیپی ڕاجیایی" لە کۆمەڵگەدا لە سایەی پارێزگاریکردن لە ئینتیمای هاوبەش بۆ نیشتمان و بەکردەیی کردنی ئایەتی (ولا تُجادِلوا أهْل الكتاب إلا بالّتي هي أحسنُ إلاّ الذّين ظلموا منهم وقولوا آمنّا بالّذي أُنزِل إلينا وأنزل إليكم وإلهنا وإلهكم واحِدٌ ونحن له مُسلمون) العنكبوت ٤٦. واتە: دەمەقاڵێ و موجادەلە مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکاندا بە جوانترین شێوە نەبێت، جگە لەوانەیان کە ستەمیان کرد (لە ئێوە) و (بە خاوەن کتێبەکان) بڵێن باوەڕمان هێناوە بەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێمە و (بەوەش) نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێوە، خوای ئێمە و خوای ئێوە یەکێکە و ئێمە بۆ ئەو (خوا) گەردن کەچین.

**ئەم بەڵگەنامەیە، دەقێکی ئایینی ئاسمانی نەبوو، بەڵکو بە گوزارشتی سەردەم بریتییە لە گرێبەستێکی یاسایی، یان دەقێکی دەستووری**

لە سیماکانی سەرکەوتنی بوونیادنانی بنەماکانی پێکەوەژیان لە سایەی ئەو "دەوڵەتە مەدەنییە"، ئەوەبوو کە لە سایەی حوکمی پێغەبمەر (د. خ) و دوای ئەویش سنوورەکەی بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکور فراوان بوو، بەجۆرێك ڕەگەز، کەلتوور و ڕەچەڵەکی جیاوازی بێ دژایەتی، دەمارگیری و پێکهەڵپڕژان لەگەڵ یەك لەخۆگرت، خەسڵەتی "مەدەنیبوون" کۆکەرەوەی هەمووان و ڕەگەزێکی هێزی شارستانی ئیسلامی بوو، کە یارمەتی دەوڵەتەکەی پێغەمبەری (د. خ) دا لە پەرەگرتن و پێشکەوتنی و پشتنەبەستنی بە دەسەڵاتێکی سیاسی پشتئەستوور بە دەمارگیری خێڵەکیی یان ئایینی ڕەها هاوشێوەی هەندێك کڵێسای مەسیحی،

بـوزی و ئـەوانـی تـر، ئـەو دەوڵـەتـە لە سـەردەمی خـۆیدا بـووە "مـۆدێلـێك" بۆ كۆمەڵگە خێڵەكییەكان و تێیدا جیاكاری لە نێوان دانیشـتوانەكەی نەدەكرا، جا ئـەو جیاكارییە لـەسـەر بـنـەمای ڕەگـەز یان ئـایین بێت، بەڵكو پێغەمبەر (د. خ) لە یەكەم ڕۆژی گەیشتنیەوە بە مەدینە بـانگەشـەی پـێكـەوەژیـانی ئـاشـتیـانـەی لـەگـەڵ جـولـەكـە كـرد لـەسـەر بـنـەمای ئایەتی (لکُم دینکم ولِيَ دينِ) الكافرون ٦. واتە: ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆم بۆ خۆم. ئەو بەها ڕەوشتییە لە ڕێزگرتنی فرەیی، دواتر گۆڕا بۆ سیستمێكی سیاسی مەدەنی ملكەچ بۆ پێدراو و پێویستییەكانی واقیعەكە، بە تایبەت بۆ چەسپاندنی پـرەنسیپی هـاوسـەنگی نـێـوان خـەڵـك، مانای ئەو ئایەتە لە یاسادانانی مەدەنی بەرجەستە بوو، پرەنسیپی "مافی ڕاجیایی" لە بیروبـاوەڕی ئایینی و قبوڵكردنی ئەوی دیكە گۆڕا بۆ بواری یاسادانانی تەشریعی ئیجتیهادی، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە پەیوەندی نێوان ئـایین و سیاسـەت پەیوەندییەكی بیركارییـانـە و ژمێرەیـی دیاریكراوی ڕەها نەبووە، بەڵكو بەگوێرەی سیـاقی ئەزمونی كات و شـوێن و لـەبەر ڕۆشنایی پێدراوەكانی واقیعی كۆمەڵایەتی و گۆڕاوەكانی ڕەنگڕێژ بووە.

**چـوارەم: بەڵگەنامەكە و بوونیادنانی بەهای "هاووڵاتیبوون"**

گـومـانی تـێـدا نـیـیـە مـۆدێـرنـە "مـرۆڤی هـاووڵاتی" دروسـت دەكـات، لـە گـەشـەی مـرۆڤـایـەتـیـدا بـەو پـێـیـەی مـرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە جۆرێكی نوی لە پەیوەندی بوونیاددەنێت، بەڕای زۆرێك لە كۆمەڵناسان ئەوە دەبێتە جۆرێك لە بەرتەسككردنەوەی بیرۆكـەی یەكسانی لـەبـەردەم خـوا بە بیرۆكـەی یەكسانی بەرامبەر یاسا، هـەروەك ناتوانێت خۆی لەو دەرئەنجامە ببوێرێت كە پرۆسـەی بیركـردنـەوە و دووبـارە داڕشـتـنـەوەی بیركردنەوەمان لـەو چەمكانە و دووبـارە داڕشـتـنـەوەی نـاوەرۆكی ئـەو چەمكانە دەگۆڕێت.

**پشتگوێخستنی توێژینەوە لە مەبەستەكانی ئەو بەڵگەنامەیە، ڕێگەخۆشكەر بووە بۆ دروستبوونی جۆرێك لە بیری توند، گەشەی ئاراستەی تەقلید، تەممەڵی و پشتگوێخستنی عەقڵ**

ئـەگـەر لـە گـۆشـەنیگای سـیـاسـیـیـەوە بڕوانینە چەمكی هاووڵاتیی، ئەوا جۆرێك لە پێناسەی بەشەكی دەبینین، بەتایبەت لە ڕێبازە كلاسیكییەكانی زانستی سیاسی كە وای لێدەڕوانرێت "پێگەیەكی كۆمەڵایەتی كـۆدكـراوی یـاسـایـیـە"، بـەڵام لـە ڕێـبـازە كۆمەڵایـەتـیـیـە نـوێـیـەكان هـاووڵاتـیـبـوون

تەنیا چەمکێکی سیاسی، یان پێدراوێکی یاسایی نییە، بەڵکو بووەتە کۆمەڵێك بەهای کەلتووری کە لە ڕێگەی پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتییەوە و لە دووتوێی پەیوەستی کۆمەڵایەتی، ئابوری و مەدەنی دێتەدی، ئامانجیش لێی تێکەڵکردنی تاکە بە کۆمەڵگە، بە واتایەکی دیکە گوزارشتە لە میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پرەنسیپی بەشداری و هاوبەشی پێکردنەوە لە کاروباری گشتی ویستی گشتی بەرجەستە دەکات.

لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "جولەکەکان لەسەریانە بژێوی خۆیان دابین بکەن و ئامۆژگاری و چاکە بکەن لەنێوان خۆیاندا، بەبێ ئەوەی خراپەیەکی تێدابێ، هیچ کەس خراپە بەرانبەر هاوپەیمانەکەی نەکات، سەرخستن و حەق بۆ ستەملێکراوە لە دژی ستەمکار، جولەکەکانیش لەگەڵ باوەڕدارانـدا بەهۆی ئەوەی لە جەنگدان خەرجی شەڕیان دەکەوێتە سەر، یەسریب شوێنێکی ئارامە بۆ هەموو ئەوانەی بەشداری ئەم نوسراوەیان کردووە، دراوسێ وەك خۆت مافی لەسەرتە، مەگەر زیانی هەبێت یان خراپە بکات، پیشێلی حورمەتی ناکرێت بەبێ مۆڵەتی خاوەنی، هەر ڕووداو، یاخود ناکۆکی و پێکدادان لەنێوان بەشدارانی ئەم نوسراوەدا هەبێت و مەترسی خراپتربوونی هەبوو، ئەوا دەگێڕدرێتەوە بۆ لای خوا و لای محەممەدی پێغەمبەری خوا"،

ئەم دەقە، بە شێوەیەکی ڕوون جەخت لەسەر پرەنسیپی هاوبەشی و بەشدارییپێکردن لە خەرجی و بڕیاردان لە نێوان موسڵمانان و ئەوانی تر لە دانیشتوانی شارەکە دەکاتەوە، ئەو پرەنسیپە کە لە بەڵگەنامەی مەدینەدا هاتووە، جەختکردنەوەیە لەسەر بوونیادنانی سیستمێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەپێی پێوەری نوێی "هاووڵاتیبوون"، تەواوی پێکهاتەکان (موسڵمان، جولەکە، بتپەرست و ئەوانی تر)ی پابەندکردووە بە ڕێزگرتنی ئەم ڕێکەوتنە و پابەندبوون بە مامەڵەی باش، چاکە، دادپەروەردی و برایەتی نێوانیان.

وەك دەبینین پێغەمبەر (د. خ) لەم بەڵگەنامەدا سیستمێکی بەهایی بۆ بەدیهێنانی "هاووڵاتیبوون" داڕشتووە، بووتە پەیمانێکی جێبەجێکراو و ڕەفتارێکی گشتی، نەك تەنیا وشەیەکی بێناوەرۆك و پەیوەست بە خوێن و ماڵ، تەنیا دروشمیش نەبووە کە هیچ کاریگەریەکی لەسەر واقیع نەبێت، برایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە هاندەری خەڵکی یەسریب بۆ چارەسەرکردنی زۆرینەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبوویەوە چ لە مەدینە یان لە مەککە، هەروەك هۆکارێك بوو بۆ زاڵبوون بەسەر نەریتی باوی جاهیلی لە هەڵپە و ناکۆکی خێڵەکی و پشێوی ئایینی، بەو بەڵگەنامە جولەکە و بتپەرستەکان بوونە بەشێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامی

کە ئیسلام لە شارەکە بوونیادینا، ئەوان وەك یەك پێکهاتە لەگەڵ موسڵمانان ژیان، پێغەمبەر (د. خ) تەواوی مافی "هاووڵاتیبوون"ی پێدان کە هەر موسڵمانێك هەیبوو، جولەکەکانی وەك بەشێك لە میللەتی ئیسلام ئەژمار کرد، پرەنسیپی کەمینە و زۆرینە بوونی نەبوو، چونکە پەیوەندییەکان لەسەر بناغەی یاسای مەدەنی دارێژرابوو کە بەهایەکی بنەڕەتی ئایینە.

بە سەرنجدان لەو چەمك و دەستەواژانەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە و بە شیکردنەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی و سیاسییەکانی، ڕۆڵی لە بونیادی کۆمەڵی بۆ ژیانی خەڵکی شارەکە لە سیستمی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی کە پاڵپشتی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتین دەردەکەوێت، هەروەك لە گۆڕانی "کۆمەڵگەی بانگەواز"ی سەردەمی خێڵەکی بۆ سەردەمی "ئوممەت" و بوونیادنانی سیستمێکی مافگەرایی کە بەهای خودی مرۆڤ تێیدا باڵادەستە بێ جیاوازیکردن بەهۆی ئایین و بنەچەیان ڕوونتردەبێتەوە.

**پوختە**

سیستمی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە چوارچێوەی مانا و مەبەستەکانی بەڵگەنامەی مەدینە، بە ڕەهەندە ڕەوشتی و مەدەنییەکانی دەناسرێتەوە، کە لە سیستمەکانی پێش خۆی پێشکەوتوتر و تەواوتر بوو، کۆمەڵگەی یەسریب توانی لە سایەی ئەم بەڵگەنامەدا ئاستی ناکۆکی و پشێوییەکان لە نێوان پێکهاتە ئایینی و ڕەگەزییەکان و لەناوچوونی سیستمە ڕەوشتییەکەیان کەمبکاتەوە، ڕەهەندە سیاسی و مەدەنییەکانی ئەم بەڵگەنامەیە گرنگی زیاتری هەیە لە ڕەهەندە ماددی و ئایینییەکانی، لە سایەی ئەم بەڵگەنامەدا بەهاکانی فرەیی، لێبوردەیی و بەشداریپێکردن لە بەرگریکردن لە شارەکە بەرجەستە بوو، ئەم بەهایانەش هاندەربوون بۆ بوونیادنانی ڕێنمایی و پرەنسیپەکانی ئیسلام لەلایەن ناموسڵمانەکانەوە، ئەمە سەرەڕای جیاوازی ئایینی و پێگەیان لە تێکەڵبوون لە سایەی دەوڵەتەکەی پێغەمبەر (د. خ). دەتوانرێت بوترێت، ئەم بەڵگەنامەیە تەنیا پەیماننامەیەکی سیاسی نەبوو بۆ ئاشتەوایی لە نێوان دانیشتوانی شارەکە، بەڵکو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیی بە ناوەرۆکێکی شارستانی و ڕەهەندێکی مرۆییانە بوو، بەڵگەنامە دانرا تا کۆمەڵ لە جاهیلیەتەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغێك کە بە باشترین میللەت گوزارشتی لێبکرێت.

**سەرچاوە:**

سایتی (مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث)
https://www.mominoun.com

# گفتوگۆ

ئاپیناسی

# د. زرار سدیق: شانازیکردن بە ڕەمزەکانی کورد ئامادەسازییە بۆ نەتەوەسازی

**لەم گفتوگۆیەدا، د. زرار سدیق تۆفیق، پرۆفیسۆر و پسپۆڕی مێژوو لە زانکۆی دهۆك، باس لە بەشداری کورد لە شارستانییەتی ئیسلامی دەکات، ڕۆڵی کورد و جێبەنجەی کەسایەتییەکان لەو شارستانییەتەدا دەخاتەڕوو، داکۆکی لە شانازیکردن بە ڕەمزە مێژوویەکانی کورد دەکات و ئەمە بە بەشێك لە ئامادەسازی و خۆبەرهەفکردن بۆ نەتەوەسازی لەقەڵەم دەدات، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورد کاریان لەسەرکردووە.**

گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی

**ئایینناسی:** مەبەست چییە لە زاراوەی شارستانییەت و شارستانییەتی ئیسلامی؟

**د. زرار سدیق:** شارستانی هەر وەکو ئەزانین لە کوردی لە شارەوە هاتووە، (حضارة) لە عەرەبی لە وشەی حەزرەوە هاتووە، حەزەرە واتە پێچەوانەی بەداوە، هەتا لە ئینگلیزیش سڤیل واتە مەدەنی لە باژێڕەوە هاتووە.

شارستانییەت ئەزانین لە فەرهەنگەکان و لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد زۆر پێناسە و مەودا و واتای هەیە، تەنیا بەکورتیەکەی ئەو دیاردە و ئەو ڕواڵەتانەی لە ڕووی زانستی، ئەدەبی، هونەری و بیناسازی  میللەتێک، یا گەلێک پێشکەشی دەکات و دەبێتە ناسنامەی جیاکردنەوەی لە گەلانی دی.

ئەمە بە کورتی شارستانییەتە، ئینجا پێم خۆشە هەر کەسێک حەز بکات پتر پێزانینی هەبێت لەسەر شارستانییەت و چەمکی شارستانییەت و هۆکارەکانی دروستبوونی شارستانییەتێک و هۆکاری نەمان و لەناوچوونی، کتێبێک هەیە بە عەرەبی و کتێبێکی پوختە (حوسێن موئنیس – كتاب الحضارة) لەوێ زۆر باسی کردووە شارستانییەت چۆن بوو؟ مرۆڤ چۆن دەرکەوت؟ چۆن نیشتەجێ بوو؟ چۆن فێری چاندن بوو؟ خۆی لە سەرەتادا مرۆڤ فێری نێچیروانی بوو، ئەوە خۆی جۆرە شارستانییەتێکە دوایی فێری

چاندن و دەستەمۆکردنی ئاژەڵ و باڵندە بوو، ئەمانە هەر دەچێتە شارستانی دوای شۆڕشی کشتوکاڵی، زۆر کتێب هەیە هەتا کتێبێکی تر هەبوو ناومان بیستووە کتێبی (ویل دیۆران – قصة الحضارة) باسی شارستانییەتە دێرینەکان دەکات.

سەبارەت بە شارستانییەتی ئیسلامی، بۆ خۆمان دەزانین شارستانییەتی ئیسلامی واتە ئەو شارستانییەتەی لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام پەیدا بوو، دەرکەوت لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی، یان دەتوانین بڵێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی، بەردەوام بوو تا کۆتایی سەردەمی عوسمانیی، ئەوەش هەندێ جیاوازی هەیە، کەی سەردەمی ئیسلامی تەواو دەبێ؟ ئایا هەموو شتێک لەو سەردەمە هەمووی دەکرێ بە سەردەمی شارستانییەتی ئیسلامی دابنێین؟ ئەمەش بیر و بۆچوونی زۆری لە سەرە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەزانین شارستانی ئیسلامی ئەوەی وایە سەرچاوەکەی یەکەمی بڵێن قورئانی پیرۆز و سوننەتی نەبەوییە، ئەم شارستانییەتەش بێگومان یەکێک لە شارستانییەکانی جیهانییەکان یان دەتوانم بڵێم لە شارستانێتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، بێگومان شارستانییەتی ئیسلامی وەک هەر شارستانییەکی تر لە شارستانییەکەی پێش خۆی شتی وەرگرتووە، سوودی وەرگرتووە، بۆیە لە مێژووی شارستانییەت، هیچ شارستانییەتیەک نییە لە خۆیەوە سەر هەڵبدات و دابڕاو بێت لە شارستانییەکانی پێش خۆی، یان شارستانییەکانی هاودەمی خۆی و هاوسنووری خۆی، شارستانییەتی ئیسلامیش بێگومان سوودی بینەوە لە شارستانییەتی یۆنانی لە سەدی دوو کۆچی و سەرەتای سەدەی سێ کۆچی لە سەردەمی خەلیفە مەئموون، دەیان و سەدان کتێبی فەلسەفی و ئەدەبی و کتێبی هەتا نوژداری و پزیشکیش وەرگێڕدرا، هەروەها سوودی بینیوە لە شارستانییەتیەکانی ڕۆژهەڵات، هەتا لە دابونەریتەکانی عەرەبی پێشی ئیسلام، لەوانە وڵاتی یەمەن، بێگومان هەر شارستانییەتیەک بە شارستانییەتی ئیسلامیەوە شتی نوێی هەیە، داهێنانی نوێی هەیە، وەکو بڵێی تەواوکەرە، هەر شانستانییەک هەندێ شتی پێش خۆی دووبارە دەکاتەوە و شتی تری دەخاتە سەر، لەوانە هەندێ شتی تر لاببا، بۆیە دەکرێت هەر شارستانییەتییەک تەواوکەری شارستانییەکانی پێش خۆی بێت، لەوانە شارستانییەتی ئیسلامی لەم چوارچێوەیە و لەم پێناسەیە دەرناچێ.

شارستانییەتی ئیسلامی تایبەتمەندی خۆشی هەیە، یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەوەیە ئەم شارستانییەتە پێگیرە بە قورئانەوە، بە دەقی شەریعەوە، بۆیە دەبینین کە شارستانییەتی ئیسلامی بایەخ بە تەلارسازیی، بە وێنە نەدراوە، بایەخ بە موزیک کەم دراوە، چونکە

لە قورئان ئەم شتانە سنودار کراوە، ئەمانە نابێ بکرێ، ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کەوا دەتوانین بڵێین شارستانییەتی ئیسلامی سنوردار کردووە و لەم بوارانە پێش نەکەوتووە، ئێمە ئەگەر وێنە هەبوایە، نەخش و نیگار هەبوایە، هەندێ کۆشک هەبوایە، هەندێ وێنەی دەسەڵاتداران هەبوایە، هەندێ وێنەی جلوبەرگ هەبوایە، ئێستا بۆ مێژوو دەبووە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ، بەس خۆماندەزانین ئەم شتانە لە ئیسلام سنوردار بووە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەدا شارسانییەتی ئیسلامی زۆر بایەخی بە شتی تر داوە، بۆ نموونە بە نوژداری، بە ئەدەب، شیعر، مێژوو، سیرەی نەبەوی و بەم شتانە زۆر داوە، ئێمە لە نیوەی دووەمی سەدەی چواری کۆچی - دەهەمی زایینی مێژوونووسێکمان ناوی ئیبنولنەدیمە، کتێبێکی داناوە (الفهرست)، هەر ناوەکەی دیارە بۆیە ناوی فێهرستە یانی پێڕستی ئەو کتێبانەی تا سەردەمی خۆی دانراوە، ئەوجا دەزانی شارستانییەتی ئیسلامی چەند دەوڵەمەندە، هیچ بوارێک نییە کتێبی لێ دانەنرابێت، ئێمە دەزانین لە دەستپێکی سەردەمی عەباسییەوە و لە ساڵی سەد و چل و سێی کۆچی کاغەز گەیشتە جیهانی ئیسلامی، بۆیە دەسپێکی ڕاستەقینەی تۆمارکردنی سیرەی نەبەوی و تۆمارکردنی شعر و ئەدەبیات و مەغازی و ئەمانە لەو کاتەوە دەستی پێکرد، لە سەد و چل و سێوە تا دووسەد و سی چل ساڵێک، ئەمجا دەزانی شارستانی ئیسلام چەند زەنگینە، چەند کتێب دانراوە، بە دەیان هەزار کتێب، لە سەردەمی ئیسلامی کتێب لە بابەت شتی وا دانراوە ئێستا کەس بە خەیاڵی نەهاتووە، وردەکاری ژیانی کۆمەڵایەتی، وردەکاری لایەنەکانی مێژوو زۆر شتی کۆمەڵایەتی کە ئێستا ئێمەش بە بیرمان نەهاتووە شتی وا بنووسین، یان شتی وا بیرمان بێ کتێبی لەسەر دابنێین ئەوەندە دەوڵەمەندە، جا ئەمەش من پێشتریش وتوومە یەکێ لە تایبەتمەندییە باشەکانی، یەکێک لە لایەنە پرشنگدارەکانی شارستانییەتی ئیسلامی ئەوەیە زۆر بایەخی بە نووسین داوە، هەرچەندە لایەنی کردەیی وێنەکێشان، لایەنی بیناسازی، نیگارکێشان بەو ئاستە نەبووە، چونکە ئیسلام ڕێگەی پێ نادا، مەسەلەن کۆشك و مەعابید و نەخشونیگاری وا بکەی لە ئیسلام هەرچەند لە سەردەمی سەلجوقی بەتایبەتی فەندی سەلجوقی هونەری سەلجوقی پەیدا بوو بۆ دروستکردنی مزگەوت و شێوەی پەنجەرە، میحراب، دەرگا و دەروازەکانی، ئەمەش فەندی هونەری بیناسازی ئیسلامیە، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەوە بایەخی زۆری بە لایەنی ڕۆحیداوە، بە لایەنی دەروونی، وەکو گوتم ئەو کتێبانەی وا ئێستا ماون و تا ئێستا لەبەردەستن بەڵگەی ئەوەنە کە شارستانییەتی ئیسلامی تا ڕادەیکی

زۆر پێشکەوتوو بووە لە ڕووی نووسین و دانانەوە.

**ئايينناسى:** دەوترێت شارستانییەت لە نێوان وەرگرتن و بەخشینیدایە، لەو نێوانەدا کورد لە شارستانی ئیسلامی چی بەخشی و چی وەرگرت؟

**د. زرار سدیق:** ئەمە پرسیارێکی گرنگە وەک پێم خۆشە لەسەری ڕاوەستم و بابەتێکی زیندو و ناسکە. هەموو دەزانین ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە دوو نەتەوە یا دوو شارستانییەت یا دوو گەل ئەگەر هاودەمی یەک بن و بێگومان کارلێک دروست دەبێت، کار لەیەکدی دەکەن، پەیوەندی دروست دەبێت، تێکەڵی دەبێت، هەموو دەزانین لە سەردەمی خەلیفە عومەر موسڵمانەکان لە ڕێگای فەتحەوە گەیشتنە کوردستان و ئیتر ماوەی دووسەد ساڵ کورد بەرە بەرە بووە موسڵمان و کاریان لەیەکتری کردووە، بەڵام جێی داخە لەم ڕۆژگارەی ئێمە کەسانێک هەن ئیحتیمالە دیندار، بن بەڵام لێکۆڵەر نین، مەسائلی پرسی مێژوویی زۆر سەریان لێ دەرناچێت، دەڵێن سەربەرزیی کورد هەموو لە ئیسلامایە، هەندێکیان دەڵێن ئیسلام لە کورد دەربێنی کورد هیچی نامێنێتەوە، بە ڕای من ئەمە قسەیەکی زۆر نابەجێیە شتی وا نییە، بێگومان هەموو دەزانین ئیسلام هەندێ شتی بە کورد بەخشیوە، هەندێ شتیشی لە کورد وەرگرتووە، کورد ئەگەر پێشی ئیسلام هیچی نەبووایە ئەوا بە هۆی فتوحات و بە هۆی هەژموونی عەرەبەوە وەک میللەتانی دی لەناو دەچوو، ئێمە دەزانین لە عێراق نەبەتی هەبوون، ئارامی هەبوون، لە شام چەند میللەتی دی هەبوون، لە میسر و باکووری ئەفریقیا میللەتانی دی هەبوون، ئەم میللەتانە یان نەمان یان زۆر زۆر لاواز بوون، تەنیا کورد تا ئێستاش ماوە، هەرچەند هەژموونی عەرەبی لەسەر بوو، دوای هەژموونی تورک و غەزوی تورکی سەلجووقی و پاشان مەنگۆلەوە، بەڵگەی ئەوەیە کورد خاوەن مەرجەکانی مانەوە بووە، ڕەگی قووڵ بووە، پێگیری بە دابونەریتی خۆیەوە کردووە بۆیە ماوەتەوە، بەڵام کە ئیسلام هات بێگومان ئیسلام کاری تێکرد ئەو خەڵکەی بەرە بەرە بوونە موسوڵمان، بۆ نموونە بزاوتی بیناسازی دروست بوو لە کوردستان، بە شێوەیەکی ئیسلامی، دروستکردنی مزگەوت، لێرە پێویست ناکا بەڵگەی زۆر بێنم، چەند بەڵگەمان هەیە لە خورماڵ لە شوێنەکانی تر، ئیتر لە دەینەوەر لە سەرەتای ئیسلامەوە مزگەوت دروست کراوە، ئەمە لە ڕووی بیناسازییەوە، هەروا لە ڕووی هەندێ دابونەریتی دینی و هەندێ عیبادات و هەندێ ڕێوڕەسم و دابونەریت و پەروەردەی ئیسلامی کورد بووە موسڵمان بێگومان ئەم ڕێنمایی و ئەم یاسا و ئەم شەرعەی کە لە ئیسلام هێنایی ئەمە ئەکید کورد کاریگەر بووە و بە گوێرەی ئەو شتە نوێیانە، ئەو یاسا

و ڕێسا نوێیانە ژیانی خۆی ڕێکخستووە، هیچ گومانی تیا نییە ئەمە.

## شارستانییەتی ئیسلامی وەک هەر شارستانییەکی تر لە شارستانییەکەی پێش خۆی شتی وەرگرتووە

بەڵام لە هەمان دەمدا کورد زۆر خزمەتی ئیسلامیشی کردوە، کورد شتی بەخشیوە بە ئیسلام، ئێمە زانایانی کوردمان هەیە چەند ئەم بەشدارییە سەرەتا نییە، لە سەدەی یەک و دوو و سێ و چواری کۆچی نییە، یا زۆر کەمە، پاشتر دەردەکەوێ، ئێمە زۆر زانای کوردمان هەیە خزمەتی ئیسلام و شەرع و فیقهی ئیسلامی و زبانی عەرەبییان کردووە، بۆ نموونە ئیبن حاجب ئەوە باشترین زانایە لە زمانی عەرەبی، (الکافی والشافی)، یان ئیبن سەلاحی شارەزووریمان هەیە، دەینەوەریمان هەیە، کتێبی لەسەر نەبات هەیە، خەڵکی دەینەوەرە، خەڵکانی دیمان هەیە، کورد زۆر خزمەتی ئیسلامی کردووە، وەکو بڵێی خانەی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی زانستە دینیەکان، زانستە فیقهیەکان هەتا زانستەکانی زمانی عەرەبی.

باشە وا خۆمان دەزانین ئێمە کوردستان و گەلی کورد پێش ئیسلامیش خاوەن شارستانییەت بووە، خاوەن دابونەریت و هونەری مۆزیکی هەبووە، جلوبەرگی خۆی هەبووە، زمانی خۆی هەبووە، لە ناوچەکانی هەورامان یا چیایەکانی هەکاری، جۆرێکی بیناسازی کوردی هەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە شێوەیەک دروست کراوە لەگەڵ کەشوهەوای ساردی کوردستان بگونجێت، دەتوانین بڵێین ئەمە هونەری بیناسازی کوردییە، پەیوەندی نە بە مەسیحییەت و نە بە ئیسلام و نە بە میللەتانی دیکەوە نییە، ئەمە شارستانییەکی خۆڕسکی کوردیە، لە لایەنیکی دیەوە بزانی کورد چەند دەوڵەمەندە بە مۆزیک، بە فولکلۆر، بە ڕەگەزەکانی تری ئەدەبی ئەو دەمە، ئەدەبی میللی داستان، بەیت و بالۆرە، هۆرە، یەکێك لە داهێنانەکانی کوردە ئیتر نازانرێ ئەمە کەی بووە، پێش ئیسلام بوو یا پاشی ئیسلام بووە، سەرچاوە ئیسلامیەکان باس دەکەن زوڕنا یا دوودەگ جووزەلە، ئەمە داهێنانی کوردە، سەرچاوە عەرەبیەکان وا دەڵێن، دەڵێن کاتی خۆی شوانە کوردەکان ئەم ئامێرەیان داهێنا، ئەم مۆزیکەیان لێ دەدا، ئەم دوودەگ یا جووزەلە، یان زوڕناش شتێکی لەو بابەتە بوو، ئامێرێکی هەوایی بووە، بە فوکردن دەنگی لێوە دەرچووە، دەڵێت شوانە کوردەکان ئەم ئامێرەیان بەکارهێنا بۆ کۆکردنەوەی مەڕەکان، بۆ گازکردنی مەڕەکانیان، جا هەر لە شارستانییەتی کورد پێش ئیسلام کورد داهێنانی کردووە لە جلوبەرگ، لە حەدیسێکدا هاتووە

کە لە سونەنی ئەبی داود هاتووە جلێک هەبووە بە ناوی (الکوردی)، جا هەندێ خەڵکی نەزان و نەشارەزا وا ئەزانن ئەم جلە جلی کوردی ئێستا بووە، ئەمە جلی کوردی ئیستا نەبووە، ئەمە جلێک بوو ناوی کوردی بووە، چۆن کە ئەم جلە کورد دروستی کردووە و بە ناوی کوردەوە ناسراوە و دیارە بێجگە لە کورد ئەم جلە بەرهەم هێنراوە و بازرگانی پێ کراوە و ڕەوانەکراو بۆ وڵاتانی دەوروبەر و گەیشتووەتە حیجاز و تا حەدیسەکە دەڵێت ئەو کوردییە پێغەمبەر داوای کردووە یان جلێکی بوو بەو ناوە، ئەوە پەیوەندی بە جلی کوردیی ئێستاوە نییە، جلەکەش وەکو پاڵتۆ بووە خراوەتە سەر، قەمسەڵە بووە، جلی دەرەوە پۆشاک بووە جلی ناوەوە نەبووە، ئیتر لە کوردستان جۆرە جلێکی تر هەبوو ناوی تاڵەشان بوو بە عەرەبی تەیلەسان، ئەوە زۆر بڵاو بوو لە دوورگەی عەرەبی، لە دەرەوەی کوردستان، لە کتێبە فیقهیەکان، لەو کتێبانەی باسی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن ئەم ئاڵوگۆڕیە چەند حەلاڵە و چۆن سەردەری لەگەڵ ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕە بکرێت، باس دەکرێت تەیلەسانی کوردی، یان باسی زۆر زانا و فەقیهو تابیعی و کەس زۆربەیان مەوالین لە سەدەی یەکی کۆچی و دوو کۆچی باسی ئەمانە دەکەن دەڵێن تەیلەسانێکی کوردی لە شان بوو، ئەمەش یەکێکە لەو شتانەی بەناوی کوردەوە تۆمار کراوە، شتی دی هەیە من لە کتێبەکەم کۆمەڵگای کوردەواری باسم کردووە، قەدیفەی کوردی هەیە، عەبای کوردی هەیە، زۆر جلوبەرگ هەبووە کە بە ناوی کوردەوە ناسراوە و بڵاوبوەتەوە بە جیهانی ئیسلامی.

**یەکێک لە لایەنە پرشنگدارەکانی شارستانییەتی ئیسلامی ئەوەیە زۆر بایەخی بە نووسین داوە، هەرچەندە لایەنی کردەیی وێنەکێشان، لایەنی بیناسازی، نیگارکێشان بەو ئاستە نەبووە، چونکە ئیسلام ڕێگەی پێ نادا**

**ئایینناسی:** دیوێکی تری شارستانییەت بابەتە هزری و بەهاییەکانە، کەسایەتییە کوردییە دیارەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا پێگە و جێدەستیان چۆن بووە؟

**د. زرار سیدق:** بەشداری و پشکداری کورد لە بابەتە هزرییە ئیسلامیەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست لە شارستانییەتی ئیسلامی چەند قۆناغێکە، قۆناغی یەکەم: سێ سەد تا سێ سەد و پەنجا ساڵی یەکەم، لەم سەردەمە بەشداری کورد زۆر سنووردارە زۆر کەمە. ئەگەر بڕوانین لەناو دەیان و سەدان موفەسیر، خاوەنی ئیسحاحەکان و خاوەنی سەنەدەکان، هەروەها لەو کتێبانەی کەوا شرۆڤەی قورئانیان کردووە، یان زاناکانی

موعتەزیلە، زاناکانی گرووپەکانی دی ئیسلامیەکان دەبین لەناو ئەمانە تاک و تەرا کورد هەیە، زۆر دەگمەن کورد هەیە، ئەو کوردانەش هەبن ڕۆڵیان لاوەکییە و ئەوەندە نەناسراون و نازانین کێن، ئەمە بە ڕای من هۆکەی بە پلەیەک ئەوەیە کە لەم دەمە کوردیش تا بوو بە موسوڵمان ئێمە وتمان لە دووسەد ساڵی یەکەم تا سەد و پەنجا ساڵ ئەم قۆناغە قۆناغی بوونی پلەبەندی کوردە بە موسوڵمان پاشان کورد بوونە موسوڵمان بەڵام هێشتا هەر نەیاری خیلافەی عەباسین، دەیان بزاڤ هەن، نابینی کوردێك مەسەلەن چووبیتە بەغدا زۆر کەم بەشداری کردبێت، تاکو تەرایەک هەن، ئەمانە مەوالی بوون چوونەتە کوفە، چوونەتە بەسرە، چوونەتە بەغدا، چوونەتە شارەکانی تر، ناویان هاتووە وەکو موحەدیس، یەکێک لەوانە بەناوبانگترینیان مەهدی کوڕی مەیموونە، موحەددیسێکی زۆر بەناوبانگە، ناسراوە، جێی باوەڕە، جێی متمانەیە، یەکێ بووە لەو کەسانەی کەوا ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل گوێی لێ ڕاگرتووە، پەسنی کردووە و دەڵێت یەکێک لە مامۆستا خۆشەویستەکانم، ئەمە لە کوردستان نەبووە، لە کوفە و لە بەسرە و هەتا هەندێکیان لە واست بوون، واست، کوتی ئێستا نزیکە لە کوردستانەوە، بۆیە لەم قۆناغە ڕۆڵ و ئامادەبی کورد لە بزاڤی هزری و بزاڤی تەنانەت ئەدەبی و بزاڤی ڕۆشنبیری و بایەخدان بە زانستەکانی قورئان و حەدیس و زانستە ئیسلامیەکانی دی، زۆر سنورداره و کەمە.

قۆناغی دووەم دەتوانم بڵێم لە قۆناغی میرنشینە کوردییەکانەوەیە، لە ناوەڕاستی سەدەی چواری کۆچی - دەهەمی زانییەوە تا دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەیووبی و لەناوچوونی میرنشینەکان بە دەستی سەلاجیقەکان و دواتر بەرپابوونی جەنگی سەلیبی و دەرکەوتنی بنەماڵەی ئەیوبی، لەم سەردەمەدا کورد بە تەواوەتی بووە موسوڵمان، میرە کوردەکان ناوی ئیسلامی هەڵدەگرن، پەیوەندیان خۆشە لەگەڵ خیلافەی عەباسی، بە برا گەورە و ڕێبەر و ڕەمزی خۆیان دەزانن، خەلیفەی عەباسیش نازناویان دەداتێ، نەسر دەولە، ناسر دەولە، عیسمەت دەولە، سەمسامت دەولە، عیسامەت دەولە، ئەم ناوانە زۆرە، بە بۆیهیەکان و دواتریش بە میرە کوردەکان دراوە، لەم سەردەمە بەرە بەرە ڕۆڵی کوردیش دەرەکەوێت، بەتایبەت لە زانستە ئایینییەکان، هێشتا کورد لەم سەردەم هەر لە زانستە هزری و فەلسەفی و عەقلیەکان، بە عەرەبی (العلوم العقلية) کەمە، زیاتر زانستە ئایینییەکان (العلوم النقلية) لە زانستەکانی گێڕانەوە و هەڵسەنگاندنی فەرموودەکان، لێکدانەوەی قورئان، ئەو زانستانەی پەیوەندی بە عەقیدە و بە ئوسوول و بە فیقهو ئەوانەوە هەیە، ئەم میرنشینانە پایتەختیان هەبوو، لە پایتەختەکانیش (دار الامارة)

دەبێــت و دەبێــت مـزگـەوت هـەبێـت، لـەم مزگەوتانـە مـەلا هـەبـوو، خـەتیب هـەبوو، قـازی هـەبـوو، موئەزین هەبوو، خـەڵک بـەرەبـەرە لـەو مزگەوتانـە نوێژی دەکـرد، لە مزگەوتەکان حوجرە هەبوو، زمـانی عـەرەبی دەخـوێـندرا، بـەشێک لە ڕۆڵـەی بنەماڵـە دەسـەڵاتدارەکانی کورد فێری خـوێـنـدەواری بـوون، هـەندێکیان دەرەچـــوون لـە کـوردسـتـان، زانـایـەکی شـــارەزوویـــمـــان هـــەیـــە گـەیـشـتـۆتـە ئـەنـدەلـووس، لـەوێ کـەوتـە کـەمـینی قەراسینەکانەوە و کوژرا، ئیتر دەرچوون لە بەغدا، شارەزووری زۆرن، دەینەوەری، الـقرمـسینی، قـرمـسـینی واتـە کرماشـانی، هەتا ئەشنەهیی، عەبدولعەزیزی شنۆیی هـەیە، الـفرائید الاشـنویە، ئـەوە خـەڵکی شنۆیە، من چوومە ئێران سەردانی گۆڕ و مەزارەکەیم کرد و باخچەکەی لە شاری شـنـۆ زۆرن، ئـیتر ئـامـەدی هـەیـە، هـەتا هـەنـدێک بـاژێـڕی تـر هـەیـە، مەسـەلـەن جـەزەری هـەر زۆرن، بـەرە بـەرە ئەمانە دەردەکــەون و دەبـنـە دەسـتـەی دووەم، ئەمانە من باوەڕناکەم هیچیان پلە یەک بـن، زۆر نـاسـراو بـن، بـەڵام تـا ڕادەیـەک نـاسـراون، کـتێبیـان هـەیە، هـەندێکیان خاوەن هەڵوێستی خۆیانن، لێکدانەوەیان هـەیە بۆ زانستـەکان، بۆ هـەندێ پرسی شـەرع، بۆ لێکدانەوەی هەندێک ئایات، بۆ لێکدانەوە و سەر ڕاستکردنی هەندێک فـەرمـوودەی پێغـەمبـەر، ئـەگـەر مێژووی هەولێر بخوێنی (تاریخ اربل ابن المستوفی) بزانە چەند کەس هەن لەو بابەتە کە لە سـەدەی پێنجەوە دەرکـەوتـوون، کتێبیان نـووسـیـوە و کـۆبـوونـەتـەوە، گـفـتـوگۆی زانستی و ئەدەبییان کردووە، هەڵوێستیان دەربڕیوە، حەدیسیان گێڕاوەتەوە.

**کورد ئەگەر پێشی ئیسلام هیچی نەبوو ایە ئەوا بە هۆی فتوحات و بە هۆی هەژموونی عەرەبەوە وەک میللەتانی دی لەناو دەچوو**

قـۆنـاغی سێـیـەمیـش دەتـــوانین بـڵـێین سـەردەمـی ئـەیـوبیـیـە، کـە نـزیـکـەی سـەدەیـەک فـەرمـانـڕەوایـی میـسـر و پـاشـانیش شـامیـان کـرد، ئەمانە کوردن ماوەی سەدەیەک ڕێبەرایەتی بەشێکی زۆر و پانتایەکی گـەورەی جیهانی ئیسلامیان کـردووە، ئاڵای شـەڕی جیهادیان هەڵکرد دژی خـاچپـەڵـگرەکان بۆیە وێـڕای چینی چـەکـدار و سـەرۆک هـۆزەکان و لایـەنی لەشکری، دەیـان زانـا و فـەقـیـهی کورد بەشـدار بـوون، چوونە ئەوێ، لە سایەی دەوڵـەتـی ئـەیـوبی خـۆیـان پێشخـسـت، بوونە زانـا، بوونە نـاودار، بوونە خـاوەن قـوتـابخـانـە، دەسـەڵاتـدارانی ئـەیـوبی و میرە کـوردە دەسـتـڕۆیـشـتـووەکـان دەیـان مزگـەوت و قـوتـابخـانـەیان لـە شـارەکانی شـام و میـسـر دروسـت کـرد کـە زۆرتـریـان لـەسـەر مـەزهـەبی شـافـیعییە، لێرە ڕۆڵی

شارستانییەتی کورد پتر پێشکەوت، ئیبن حاجب وەکو پێشتریش باسم کرد ئەو (کافیە و شافیە) یەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکانی نەحو سەرفی عەرەبی، نزیکەی دوو سەد شەرح و تەکمیلە و زەیل و لێکدانەوە و وەرگێڕانەوە و کورتکردنەوەی هەیە ئەوەندە بەناوبانگە. کتێبی کافی هەتا مێژوونووسێکی میسریمان هەیە ناوی (کافی جییە)، کافیەچی ئەوەندە ئەو کتێبی کافیەی بەدەستەوە بوو ناوی بۆتە کافی چی، جا ئەگەر سەیر بکەی بزانە ئەو کتێبە چەند دەنگدانەوەی هەیە، چەند بایەخی پێدراوە، لێك دراوەتەوە، کورت کراوەتەوە، تەکمیلە کراوە، هەتا وەرگێڕدراوە. یەکێکی دی لەوانە ئیبن سەلاحی شارەزووری، خاوەنی موقەددیمە، موقەددیمەی ئیبن سەلاح لە زانستی فەرموودە کە چەند بایەخی پێدراوە، فەتاواکانی ئیبن سەلاح، ئیبن خەلەکانمان هەیە، قازی بووە، خاوەن کتێب و (وفیات الاعیان)، قازی سەدرەدینی عەبدولمەلیک کوڕی دەربازی مارانیمان هەیە، قزی قوزات بوو، زیائەدین عوسمانی برای، دەیان و سەدان زانا و مامۆستا و تەنانەت مێژوونووس و ئەدیب و شاعیری کورد لە میسر و شام هەبوون و وڵاتانی دیش و پێشکەوتن، لە لایەکی دییەوە هەر لەو سەردەمە بەتایبەت ماوەیەک حیجاز کەوتە دەست ئەیوبییەکان، زۆر زانای کوردمان هەیە لە مەکە و مەدینە، لە حیجاز ئەمانە حەجیان کردووە و لەوێوە ماونەتەوە بە عەرەبی پێ دەڵێن مجاوەرە، مجاوەرە ئەوەیە حەج بکەیت پاشان لە مەکە بمێنیتەوە پێی ئەڵێن مجاوەرە، زۆر لەوێ ناویان دێت، ڕۆڵیان گێڕاوە، هەروەها لەو سەردەمە کورد لە بزاوتی سۆفیگەریش زۆر پێشکەوت، دەیان کەڵە سۆفیمان هەیە، تا ڕێبازێکی سۆفیگەریمان هەیە دەتوانم بڵێم لە سەدەی شەش دەرکەوت، هەر ئەو ڕێبازە تەواو ڕێبازێکی کوردیە، ڕێبەرەکەی ئەبوبەکری هاوارییە، دوای ئەوە ئەبو محەممەدی شەنبەکی، ئەمجا ئەبو فایح لوانی، ئەم تەریقەیە تا عەبدولقادری گەیلانی بۆ خۆی درێژەپێدەر و دەرچووی ئەو قوتابخانەیە و پاشتر درێژی پێداوە، جا بۆیە لەو سەردەمە کورد ڕۆڵ و پشکداری زۆرترە و بەرچاوتریشە چونکە لە سەرچاوەکانی تریش زیاتر باس کراون، لە سەردەمی ئەیوبی بزاڤێکی مێژوونووسی دەرکەوت، زۆر کتێبی مێژوویی دانران، لە سەردەمی ئەیوبی کتێبی (طبقات) دانرا، زیاتر بایەخی پێ درا، بە زانایان بە قازییەکان بە فەرموودەناسان، (طبقات شافعی) لە پاش سەردەمی ئەیوبی ئەم کتێبانەی لەسەر تەبەقات دانران، تەبەقات مەبەستی ئەوەیە توێژی خوێنەران، توێژی موفەسیرین، توێژی قوراء، ئەم کتێبانە زۆر دەرکەوتن، هەروەها کتێبی (تاریخ دمشق) و (تاریخ حلب) و مێژووی قاهیرە دەرکەوتن، دەتوانم بڵێم سەدان کورد

هەن شارەزان لە زانستە جۆربەجۆرەکانی ئیسلامی.
لە دوای سەردەمی ئەیوبیەوە، زانست پاشەکشی کرد، لە سەردەمی مەنگۆل و جەلائیری و تورکمانی قەرەقۆینلۆ ئاقۆیلی و لەم سەردەمە ڕۆڵی شارستانییەکی کورد دەکشێتەوە نەک ئیسلامی هەر بە گشتی بزافی زانستی و ڕۆشنبیری و هەتا ئەدەبی لەو وڵاتانەی کەوتە ژێر دەستی ئەم دەوڵەتە پاشەکشەی کرد، هەتا پێی ئەڵێن بە عەرەبی (العصور المظلمة) سەردەمە تاریکەکان، ڕاستە ئەدەبی فارسی پێشکەوت، کەڵە شاعیرانی فارس دەرکەوتن، بەڵام مەبەستم ئێمە بێینە کوردستان و عێراق، زانست پاشەکشەی کرد، لە میسریش پێشکەوتن هەبوو بێگومان، میسر نەکەوتە ژێر چنگی مەغۆلەکان، قاهیرە بووە مەڵبەندێکی زانستی بەناوبانگ، لەسەر ئاستی هەموو جیهانی ئیسلامی، بەڵام پاش سەردەمی عوسمانی جارێکی تر بزاوتی ڕۆشنبیری و خوێندەواری لە کوردستان پێش دەکەوێت، دەتوانم بڵێم لە سەردەمی عوسمانی زۆر زۆر پێشکەوت، چونکە بێجگە لە شارەکان قوتابخانە چووە دێکان و شارۆچکەکانیش، دەیان زانامان هەیە بۆ نموونە ئەبوبەکری موسەنیف بەناوبانگە، هەرچەند ئەو زیاتر لە ئێران بووە لە گوندی چۆڕی مەریوان، یا ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی گۆرانی شەهرەزووری ئەوە لە مەدینە ژیاوە، نزیکەی سەد نامیلکەی هەبووە، ئەو زۆر بەناوبانگە، دەیانی دیکەمان هەیە، لە کتێبەکانی سەردەمی عوسمانی ناوی هاتووە، لە کتێبی (کشف الظنون) ی حاجی خەلیفە، لە عوسمانلی موئەلەفلەری ناوی هاتووە، لە کتێبی بابا مەردۆخ ڕوحانی، مەشاهیری کورد، هەتا لە کتێبی ناودارانی کورد، مەشاهیری کوردی محەمەد ئەمین زەکی، لە قاموسی ئەعلامی زەرکەلی، لە موجمەل موئەلفینی عومەر ڕەزا فەحالە، لە دەیان کتێبی دی، ناوی چەندین زانا و ڕۆشنبیر و خوێندەوار و مامۆستا و ئەم جۆرانە هاتووە.

**جۆرێکی بیناسازی کوردی هەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە شێوەیەک دروست کراوە لەگەڵ کەشوهەوای ساردی کوردستان بگونجێت، دەتوانین بڵێین ئەمە هونەری بیناسازی کوردییە، پەیوەندی نە بە مەسیحییەت و نە بە ئیسلام و نە بە میللەتانی دیکەوە نییە**

**ئایینناسی:** زۆرجار کەسایەتییە مێژووییە کوردییەکانی ناو دونیای ئیسلام بە کەمتەرخەم و تەنانەت هەندێك تۆمەتی نارەواش دەدرێتە پاڵیان، دوور لە خوێندنەوەی ئایدۆلۆجی، سەرنجی

بەڕێزتان وەك مێژوونووسێك لەوبارەوە چییە؟

**د. زرار سیدق:** بەڵێ ئەو دیاردەیە هەیە کە چەند کەسایەتی مێژوویە کوردەکانی ناو دنیای ئیسلام کەمتەرخەم و تەنانەت هەندێ تۆمەتی ناڕەوا دەدەرێتە پاڵیان، بێگومان ئەو کەسانەی ئەم شتە دەکەن هیچ ئاگایان لە میتۆدو لە مێژوو و لە ڕێڕەوی گۆڕانکاری مێژووی کورد و کوردستان و ناوچەکە نییە، ئەمانە کەسی ئایدۆلۆژین، بە مەبەستی جیاواز، بیروباوەڕیان لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکە هەر کەسێ وەکو ئەوان نەبێ تەخوینی دەکەن، دەیشکێنن، کەمی دەکەنەوە، لەم ڕۆژانە زۆر کەسی ناشارەزا و بێ ئاگا و بەس بۆ ئەوەی خەڵک لێی بڕوانێت و ببێتە ترێند دەیان قسەی ناشرینیان بە سەلاحەدینی ئەیوبی و بە شەرەفخانی بەدلیسی و بە هێماکانی کورد دا، ئەمانە شایانی ئەوە نین وەڵام بدرێنەوە، ئەمانە کەسانی ئایدۆلۆژین، کورد خزمەتی کردووە، زانایەک ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە، بەڵام لە سەردەمێک هەستی نەتەوایەتی نەبووە مەلایەکی کورد چۆن دەتوانێ کوردایەتی بکات، هەتا کۆتایی سەردەمی عوسمانی محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت: نەمان ئەزانی ئێمە کوردین، دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەو خەوش و ئەو ڕەخنە و ئەو دواکەوتەی لێ دەنرێ هەرگیز دەوڵەتێکی نەتەوەی نەبووە، دەیان کورد لە سەردەمی عوسمانی پۆستی گەورەیان وەرگرتووە، هەموو دەزانین ئەم شتانە ئەمە خۆ لەبەر ئەوە نەبووە ئەمە لەبەر ئەمە و کوردن یا کورد نین ئەمە لەبەرئەوە کەسانی بەتوانان موسوڵمانن، با ئەو پۆستەیان بدرێتێ، مەلایەکی کورد بە فارسی نووسیویەتی یا بە عەرەبی، ئەمە ئەوە نەبوە کەسێک بێ خیانەت بکا لە کورد، یان ڕقی لە کورد بێ، زمانی خوێندەواری وابووە، ئەو کاتە خەڵکی چینی دەسەڵاتدار لە کۆشك و لە کۆشکی ئاغاکان فارسی باو بووە، لە ناو تورکیش وابووە، خۆ دەوڵەتی عوسمانی پێشتریش دەوڵەتی سەلجووقی دواتر دەوڵەتی ئەتابەگی هەتا دەگاتە جەلائیری ئەمجا عوسمانی، ئەمانە سەدان ساڵ دەسەڵاتدار بوون، خاوەن فەرمانڕەوایی بوون، هەموو شتێکیان بە دەست بوو، زمانی فارسیان بەکاردەهێنا، بڕۆ لە هەموو سەردەمی سەلجوقی و ئەتابەگی کە تورکن کتێبێك بە تورکی نابینی، هەمووی زیاتر بە فارسییە، ئەمجا بۆیە کوردێک کە بە کوردی نەینووسیوە ئەوە کە خوێندەوار کەم بووە لە لادێکان، ڕێژەکە وانەبووە، بە زمانی کوردی بڵێن بە کوردی بنووسێ، کەم کەس دەیخوێنێتەوە، خۆمان دەزانین تا سەد ساڵ پێش ئێستا ڕێژەی خوێندەواری لەناو دەوڵەتی عوسمانی بە گشتی و لەناو کورد و بڵێن عارەب و ئەمانە ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەم بوو، جا ئەو کەسانەی وا دەڵێن ئەمانە ئاگایان لە دنیا نییە و

دنیای مێژوونووسی و زانست و ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ڕەچاوکردنی ئەو قۆناغە مێژوویە و لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە ژیان و سەربوردوو بەسەرهاتی کەسێک بە پێی ڕۆژگار و سەردەمەکەی خۆی، نەک تۆ بە کەیفی خۆت پاڵت داوەتەوە هێرش بکەیتە سەر هەموو، ئەو تاوانبار بکەی و ئەو بەکەم بزانی و هێرش بکەیتە سەر ئەوانە، ئەو شتانە لە لای مێژوونووسان و ئەکادیمان و کەسانی زانا هیچ بەهایەکی نییە و بە توندی ڕەدەکرێتەوە.

گیانە وەڵای شکاندن و لێدان لەو کەسایەتییانە تەنیا کوردی نەزان و نەیارانی کورد سوودی لێ دەبینن، تۆ بڕوانە میللەتان کەسێکیان هەیە خوێنڕێژ بووە، داگیرکەر بووە، شانازی پێوە دەکەن، پەیکەریان بۆ کردووە، زیارەتی دەکەن، بۆ نموونە بڕوانە ئەوە پەیکەری جەنگیزخان ئەو داگیرکەرە و ئەو خوێنڕێژەی مەنگۆل، چی لە جیهانی ئیسلامی کرد و چەند کەسی کوشت، ئێستا لە مەنگۆلیای داخلی کە دەکەوێتە کۆماری چینەوە لە باکووری چینە، پەیکەریان بۆ کردووە، بە هەزاران خەڵک زیارەتی دەکات وەکو هێمایەکی گەلی مەغۆل، هەر لەم ڕۆژگارە سەدان عەرەب هەن، عەرەبی سوننی، سەدام وەکو نیمچە خواوەندێک سەیردەکەن، وەك وەلییەک سەیری دەکەن، هەموو میللەتان وایە، ئەم کوردەی ئێمەش پیاوێکی بەرێز و دڵسۆز و خەمخۆر و خاکی و دادپەروەری وەکی سەلاحەدین چی پێ دەکەن، ئەمە خوێنڕێژە و ئەمە جاشە و ئەمە بەکرێگرتەیە، ئەم شتانە زۆر زۆر، بە داخەوە ئەمە هیچ ناچێتە خزمەتی گەلی کوردەوە و هیچ چارەسەرێک نییە و هیچ دەرمانێک نییە بۆ کێشەی کورد و بزافی ڕزگاریخوازی کوردی و مێژووی سەروەریمان، بەڵکو ئەمە تانەدانە، گومانکردن و تەخوینکردنی باوو باپیرانمانە، سەلاحەدینێك کە دوژمنان پێش دۆستان چەند ستایشی دەکەن، چەند پەسندی دەکەن، بڕۆ ئەو کتێبانە بخوێنە، مەسەلەن (النوادر السلطانیە والمحاسن الیوسفیە)، تا کتێبی (موفرەجل کوروبی ئیبن واصڵ) کتێبی (ڕەوزەتەین) و دەیان کتێبی دی، چۆن باسی لێبووردەیی و مەردی و ئازایی و بەخشندەیی ئەو پیاوە ئەکەن.

ئەم کەسانە بە داخەوە ئەم شتانە دەکەن و ئیتر لە سۆشیال میدیاوە بڵاودەکرێتەوە، ئەم خەڵکەی ئێمە هەمووی بەتاڵە، زۆر کەس هەیە خۆی سەرکەوتوو نییە، لە ژیانا فاشل بووە، ڕق هەڵەڕێژێ، بە دار و بەرد جوێن دەدا، باسی کەسێک بکەی بەس حەزی بە شکاندنەوەیە بە داخەوە لەوەش ناخۆشتر لە سۆشیال میدیاکان، لەم پەیجەکان و تەلەفزیۆنەکان زیاتر دەچن چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانە دەکەن، ئەو جنێوفرۆشانە دەیان ڤیدیۆیان بڵاوبووەتەوە، دەیان چاوپێکەوتیان لەگەڵ کراوە، من لە پیشانگەی هەولێر

پێشماوەیەک چوومە هەولێر، ئەمەی وا ئەم کێشەی وا لەسەر یوسف زێدان، هات و دێت و نایەت و ئەو هەموو خەڵکە قسەی کردووە، ئەو هەموو جوێنە ناشرینەیاندا من لەگەڵ یەک دوو تەلەفزیۆن وتم هەر ڕوونکردنەوە بدەم نەیان کرد، من خۆ لەو کەسانە نیم یەخەی خەڵک بگرم بۆ قسەکردن، بەڵام ئەوە زۆر پێم ناخۆش بوو، حەزمەکرد قسەیەك بکەم بۆ تەلەفزیۆن، داوای لێبوردنیان کرد، بەڵام یەکێک جوێن بدا بۆ ئەوەی بێتە ترێند، بۆ ئەوەی خەڵک لایک بکا و خەڵک گوێ ڕابگرێ و ئەمەش وەکو بزنس هەموو دەزانین، بۆ ئەوەی سوودمەند بن، بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک بیبینێ و سەیری بکات و پارەی زیاتریان دەست بکەوێ، ئیتر ئەم شتانە دەکەن، ئینجا ئەم شتانە زۆر دیاردەیەکی ناشرینە، من دواتر سمینارێکم کرد هەندێکم وەڵام دایەوە و پێم خۆشە ئێوەش ئەم پرسیارەتان کردووە، دەستان خۆش بێ، لێرەش هیوادارم بڵاوی بکەنەوە و خەڵك بیخوێنێتەوە، ئەم شتانە دوورە لە زانستییەوە و بێ بەڵگەن، ئینحا شتێکی تر، ئەم کەسانە فریان بە مێژووەوە نییە، نازانن، ئەگەر لێیان بپرسی سەلاحەدین لە چ سەردەمیکی ژیاوە؟ نازانێ، پێیان بڵێ سەلاحەددین کێیە، کەی حوکمی کردووە؟ نازانن، یا بڵێ بێزەحمەت ناوی سێ چوار سەرچاوەمان بۆ باسکە، بۆ بنووسە، کە باسی سەردەمی سەلاحەدینیان کردوە نازانن، ئەمانە تەنیا کەوتونەتە دوای هەڵا، تەنیا جوێن فرۆشە، بەردەوام لەو کۆمەڵگایە ئەوانەی ڕەخنە ئەگرن هەموو بۆ ئەوەیە، خۆ هیچ شت لە بابەتەکە نازانن.

**دەسەڵاتدارانی ئەیوبی و میرە کوردە دەستڕۆیشتووەکان دەیان مزگەوت و قوتابخانەیان لە شارەکانی شام و میسر دروست کرد کە زۆرتریان لەسەر مەزهەبی شافیعییە**

**ئایینناسی:** چی بکرێت بۆ تەوزیفکردنی ڕەمزە مێژوویەکانی کورد بۆ خزمەتکردن بە دۆزەکەی؟

**د. زار سدیق:** ئێمە هەموومان شانازی بە ڕەمزەکانەوە دەکەین، بە سەلاحەدینی ئەیوبیەوە دەکەین، بە بە مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بە نالی شارەزووری، بە فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و ئەم شاعیرانەمان، ئەمانە زمانی کوردیان پاراستووە، دەبیت یادیان بکەینەوە، جێگای دەستخۆشییە لەم ساڵانە زۆر یادی ئەمانە دەکرێتەوە، ئەوە پار بوو یادی مەولانا خالید کرایەوە لە سلێمانی، ئەمساڵ لە هەریر یادی فەقێ تەیران کراوە، ئێمە دەبێت ئەو کەسایەتییانە بێنینەوە بیری خۆمان، کۆڕیان لەسەر بگێڕین، شتیان لەسەر بنووسین،

پەیکەریان بۆ بکەین، جا ئەمانە هێمای ئێمەن، شانازی ئێمەن، بەردەوام یەکێک لە مەرجی ئەوەی تۆ نەتەوەیەکی بەهێز بی دەبێت شارستانییەتێکی بەهێز بێ، دەبێ مێژوویەکی بەهێزت هەبێت، ئەمجا بۆیە دەبینین لە سەرەتای سەدەی بیست و پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ڕۆشنبیرانی کورد زۆر تەوزیفی مێژووی کوردیان کرد چونکە زانییان پاشخانێکی باشیان هەیە، مێژوویان هەیە، کەریم خانی زەندیان هەیە، مەولانا خالیدیان هەیە، سەلاحەدینی ئەیوبیان هەیە، ئەمانەیان تەوزیف کرد، نەورۆزیان هەیە، مەم و زینیان هەیە، ئەگەر بڕوانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی سەردەمی شێخ مەحمود یا ئەوانەی ئەستەنبول بۆ نموونە گۆڤاری ژین و ڕۆژی کورد و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، ئەمانە زۆر زۆر باسی کورد دەکەن، ڕەمزەکانی کوردی دێننەوە بیر، یادی نەورۆز دەکەنەوە، مەم و زین چاپ دەکەن، لە گۆڤارەکان مەسەلەن لە (ڕۆژی کورد) یەکەم ژمارە وێنەیەکی سوڵتان سەلاحەدینی پێوەیە، ئەمە هەمووی ئەوەیە هەمووی ئەو مێژوو تەوزیف کراوە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، ئێمەش دەبێ ئەمانە وەکوو حەقیقەت لێیان بڕوانین و شانازیان پێوە بکەین و ئەمانە ئامادەسازین و خۆبەرهەفکردنە بۆ نەتەوەسازیی، ئەمە ڕەگە، ئەمە بناغەیە بۆ شانازیکردن بۆ کورد.

# مێزگرد

ئایینناسی

# کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا

ئامادەکردنی: ئایینناسی

کورد وەکو نەتەوەیەکی زیندووی ناو شارستانییەتی ئیسلامی ڕۆڵی گرنگ و دیاری هەبووە، بە درێژایی مێژووی ئیسلام و لەناو هەناوی ئەم شارستانییەدا، سەدان و هەزاران کەسایەتی و زانا و پسپۆڕی تێدا هەڵکەوتووە، کە خزمەتی گەورەیان بە ئایین و شارستانییەتەکە کردووە، هەڵبەتە نەتەوەی کوردیش وەکو بەشێك لەم شارستانییەدا، پشکی شێری بەرکەتووە و هەمیشە بووەتە جێگەی بایەخی ناوەند و دەزگا ئایینی و ئیسلامییەکان، مێژووی کورد لەناو پانتایی جیهانی ئیسلامیدا سەنگ و پێگەی خۆی هەیە و بەدەیان کەسایەتی دیاری کورد لەناو ئەم شارستانییەتەدا هەڵکەوتووە و وەکو ڕەمز و سەرکردە ناوی دەهێنرێت و یادیان دەکرێتەوە، تەوەری ئەمجارەی ئایینناسی قسەکردنە لە ڕۆڵی نەتەوەیی کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، بەوەی کە هەم ئیسلام و هەم کورد چیان بەیەکتر بەخشیوە و چۆن خزمەتی یەکتریان کردووە، بە میوانداری هەر دوو پرۆفیسۆری مێژوو، دکتۆر حەکیم ئەحمەد و دکتۆر قادر پشدەری.

سەرەتا، د. حەکیم لە ڕۆڵ و پێگەی کورد لەرووە مێژووییەکەیەوە لەناو شارستانییەتی ئیسلامیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئایینی ئیسلام هەر لە دەیەی دووەمی کۆچییەوە گەیشتووەتە کوردستان و لە ماوەیەکی کورت خەڵکی ئەو ناوچانە بە تێپەڕبوونی کات موسڵمان بوون و دواتریش فەتح کران، هاتنی ئایینی ئیسلام تەنیا پێشهاتێکی سەربازی و دواتر سیاسی نەبوو، تەنیا گۆڕانکاری نەبوو لە نەخشەی سیاسی ناوچەکە، بەڵکو لەوە زیاتر و گەورەتر و فراوانتر بوو، ئەو گۆڕانکارییە بوو کە لە نەخشەی شارستانی ناوچەکەدا کردی، لە نەخشەی هێزەکان، گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێزەکان دروست

بوو، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەورەترین گۆڕانکاری بووە لە ڕووی لێکەوتەکانی و شوێنەوارەکانی کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە.

کورد کە ئیسلام بووە، هەمووی بە یەکجار ئیسلام نەبووە، بەڵکو لە قۆناغی جیاواز، یاخود لە ماوەی چەند سەدەیەکدا و دەتوانن بڵێن ئەم پرۆسەیە کۆتایی هاتووە، بەڵام لە ڕووی فەتحەوە بە ماوەیەکی کورت و تا ڕادەییەک ئاسان لە چاو ناوچەکانی دیکە فەتح کراوە.

کورد کە ئیسلام بووە، بە تێپەڕبوونی کات سەرەتا ڕۆڵی سەربازی هەبووە، دواتر لە سەدەی سێیەمەوە ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی دەست پێ دەکات لە ناو دەوڵەتی عەباسی، دواتر دەچێتە ناو هەندێک ڕەوتی سیاسی و ئیتر وەکو ئۆپوزسیۆنی دەوڵەتی ئومەوی و دواتر عەباسیش دەردەکەوێت، هەروەها لە ناو دامودەزگای ئیداری، یاخود سەربازیی دەوڵەتی عەباسی بوونی هەبووە، ئەم ڕۆڵە وردە وردە گەشە دەکات و بەرەوپێشەوە دەچێ تا وای لێدەت لە ڕووی کولتووری، فەرهەنگی، زانستی و هزرییەوە هەست دەکەین ڕۆڵی کورد زۆر زیاتر دەبێت، ئەو ڕۆڵەش بەراستی بەراورد ناکرێت لەگەڵ پێش ئیسلام، ئەوەی کە زۆر دیار و بەرچاوە ئەو ڕۆڵەیە کە لە دوای هاتنی ئیسلام کورد دەیبینی کە لە سەرچاوە مێژوییەکان، ئەدەبییەکان و ئەدەبیاتی ئیسلامی بە گشتی یادداشت و تۆمار کراون، بەڵام پێش ئیسلام ئەو ڕۆڵە ڕوونە نییە، ئەگەرچی ئێمە دەزانین کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنی ڕەگوڕیشە داکوتراوی ناوچەکەیە، بە سەدان و هەزاران ساڵ پێش ئیسلامیش بوونی هەبووە بە ناوی دیکەوە و حکومڕانی دیکە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە، ئەوەیە کە لە دوای هاتنی ئیسلام زۆر بەزەقی ڕۆڵی کورد دەبینین کە جۆرێک بوو لە وەرچەرخان لە ژیانیدا بەتایبەتی ئەوەی کە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا هەستی پێ دەکەین، دواتر ئەو ڕۆڵە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کورد بناسرێت وەکو نەتەوەیەك، حسابی بۆ بکرێت و ببێتە جێگای مشتومڕ لە نێوان نووسەران و مێژوونووسانی سەردەم لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ئایا کورد کێیە، چییە؟ ئەوە وەکو پێشهاتێك بۆ دیاریکردنی شوناسێک بۆ کورد، هەرچەندە ئیشکالات لەسەر ئەو شوناسە دروست بووە بە حوکمی ئەو باردۆخ و ڕەوشە ناهەموار و سەختەی کە کورد پێش ئیسلام پێیدا گوزەری دەکرد، وەکو دەزانین، کە خاوەن ئیرادە و شوناسی سەربەخۆی خۆی نەبوو، بەڵکو لە پەراوێزی مێژوو شارستانییەتی ئەو کاتە و لە سەروبەندی هاتنی ئیسلامدا دەژیا، ئێستا کورد بووەتە ژمارە یەک، بە حوکمی ئەوەی کەوا لە سەرەتای ئەو ناوچانەی کە فەتح کران دیارە کوردستانە بە حوکمی جوگرافیا،

ئـەوەش وای کـرد کـە کـورد حـسـابی بۆ بکرێت و ببێتە مایەی مشتومڕ کە ئایا کورد کێیە و چییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کورد وەکو ناو دەرکەوت، وەکو ناساندن و وەکو حساب بۆکردن لەو کاتەوە.

ڕۆڵی کورد لە شارستانییەتی ئیسلامی و لـە سـەردەمی عـەبـاسی گەشـەی کـرد و دواتریش بەردەوام لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەم و تا شەشەم و تا حەوتەم، تا ئەو کاتەی کە لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی گەیشتە لوتکە، لە ڕووی سیاسی و سـەربـازی و شـارسـتـانییـەتـەوە کورد ڕابەرایەتی جیهانی ئیسلامی دەکـرد لەو کاتـەدا، ئـەوەش گـەورەتـریـن دەسکـەوت بـوو بۆ کـورد، بـە شێوەیەکی زۆر گـەورە دەنـگـدانـەوە و ڕەنـگـدانـەوەیـەکی بـوو لەسەر هەموو بوارەکاندا.

لـەبـارەی ئـەوەی کـە کـورد چی بە شارستانییەتی ئیسلامی بەخشیوە و چی لێ وەرگرتوە، د.حەکیم دەڵێت: کورد زۆری بـەخشی بـە شـارسـتـانییـەتی ئیـسلامی، ئەگەر لە ڕووی کەسایەتیشەوە بڵێین، کورد سەدان کەسایەتی گەورە و ناوداری بـەخشی بە شـارسـتـانییـەتی ئیسلامی لە بوارە جیاوازەکاندا، لە بوارە هزری و فکری و لە زانستەکانی دیکەشدا، ئیبن تەیمیە و ئیبن خەلەکان، ئەبولفیدا، ئیبن سەلاحی شـــارەزوری، ئـیبـنـولحـاجـب و سـەدانی دیکـەی بـەخـشـیـوە بـە شـارسـتـانییـەتی ئیسلامی.

دەشـڵێـت، چی بـەخشی و چی وەرگـرت، هـاوکێـشـەیـەکی تێـکـهـەڵێشـە، بێگـومـان ئـەوەی کـە کـورد یـەکێکـە لـە پێکـهـاتـە بـنـەڕەتی و سـەرەکی و بـنـچـیـنـەیـیـەکانی شـارسـتـانییـەتی ئیسلامی، هـاوبـەش بـوو لـە دروسـتـکـردنی ئـەو شـارسـتـانییـەتـە دەوڵـەمـەنـدەی کـە شـارسـتـانییـەتی ئیسلامییە.

لەشارستانییەتی ئیسلامیدا هاوکێشەیەك هـەیـە، (الـوحـدة والـتـنـوع) یـەکـبـوون و فـرەیی، فـرەڕەنگی لـەگـەڵ یـەکـبـوون و یـەکگـرتـوویی، ئـەو دوانـە هـەردووکـیـان تـەواوکـەری یـەکترن و دوو ڕووی یـەک دراون، کـورد لـەگـەڵ پـارێـزگـاریـکـردن لە شـونـاس و تـایـبـەتمـەنـدییـەکانی خـۆی، لە ڕووی کـولـتـوور و دابـوونـەریـتـە ڕاسـت و دروسـت و ئـەوانـەی کە لـەگـەڵ ئـایـینی ئیسلام دەگـونـجێن پـارێـزگاری لێ کـردووە، لـەگـەڵ بـەرگریـکـردن لە شـونـاسی خـۆی، لـەگـەڵ نـەتـەوەکانی دیکـەش بـەیـەکـەوە هـەمـوویـان شـتـێکـیـان پێـشـکـەش کـرد لـەپێـنـاو یـەکـبـوون، کـە پێی دەوتـرێت شـارسـتـانییـەتی ئیـسلامی، هـەر یـەک لـەوانـە، ئـەگـەر شـارسـتـانییـەتی ئیسلامی وەکو ڕووبارێك لێکچواندن بکەین، ئەوە هـەر یـەک لـە نـەتـەوە و ڕەگـەزەکانی دیکە وەکو لقێك ڕژاونەتە ناو ئەو ڕێژگەیەی کە شارستانییەتی ئیسلامییە، بە هەموویان پێکەوە ئەوەیان دروست کـردووە، ئاییـنی ئیسلام ئازادی بە کورد بەخشی، دەرفەتی پێبەخشی بۆی کە یەکسان بێت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، بتوانێت بەپێی توانای

خۆی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و ئەسپی خۆی تاو بدات لەو بوارەدا، کە پێشتر وتمان ئەو جۆرە یەکسانییە لە دەرفەت نەبووە، یاخود ئەوە نەڕەخساوە، بەڵام ئێستا دەبینین کە کورد لە سایەی ئایینی ئیسلام و شارستانییەتییە بەرفراوانە و ئەو لێبوردەیی و قبوڵکردنە هەمەجۆرییە و فرەییە و جیاوازییانە وای کرد کە کورد بتوانێت ببێتە ژمارە و ژمارەیەك لە سەردەمی خۆیدا تاکو ئیمڕۆیش ئاماژەی پێ بکرێت، یاخود دەیبینین ئێستا شوێنەوار و ئاسەوارەکانی زانا و کەسایەتییە گەورەکانی کورد لە بوارە جیاوازەکاندا دیارە کە چیان پێشکەشی شارستانییەتی ئیسلامی کردووە.

سەبارەت بەوەی کە چۆن بکرێت سوود لەو بەشدارییەی کورد لە مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا وەربگیرێت، بەتایبەت ڕۆڵی کەسایەتییەکانی وەکو سەڵاحەدین و ئەبو فیدا و ئیبن سەڵاحی شارەزوری، د. حەکیم دەڵێت، بێگومان ئەگەر بێتو سەیری مێژوو بکەین وەکو ڕابردوو، وەکو ڕابردوویەکی مردوو، کەواتە ئێمە مێژوو نەخوێنین باشترە، بەڵام گرنگترین شت کە کاری لەسەر بکەین ئەوەیە کە مێژوو بە زیندوویی بمێنێتەوە، یاخود ڕۆحێکی زیندووی بە بەردا بکەینەوە، ئەوەیە کە بتوانین تەوزیفی بکەین، وەبەرهێنانی تێدا بکەین و بە کاری بهێنین بۆ بەرژەوەندی خۆمان، بۆ ئەمڕۆ و داهاتووی خۆمان، نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی لێ ئاگادار بکەینەوە کە ئێمە خاوەنی چین و کێین، بۆ ئەوەی دانەبڕێین لە ڕابردوو، لەو کەسایەتییانە. زۆر پێویستمان بەوە هەیە ئێمە لە پرۆگرامەکانی خوێندن و لە قۆناغە جیاوازەکاندا، لە قۆناغی بنەڕەتی تا قۆناغی کۆلێج، هەتا لە بەشە زانستییە پەتییەکانیش، نەک تەنیا لە بەشە مرۆڤایەتییەکان، زۆر گرنگە نەوەکانی ئەمڕۆمان لە ئاستە جیاوازەکاندا ئەو کەسایەتییە ناودارانەی باوباپیرانی خۆیان بناسن، شانازییان پێوە بکەن، ئەوە یەکێك لە هاندەرەکان بەوەی کە بەرەو پێشەوە بڕۆن، تموحیان هەبێ بۆ باشتر بوون، بەڵام کاتێک ئێمە دابڕێین و ڕابردوو نەخوێنینەوە، باوباپیرانمان، ئەو کەسایەتییە گەورانە، ئەوە دابڕانێکە لە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی خۆمان. بەڕاستی کارەساتێکی زۆر گەورەیە کە ئێمە ئێستا هەستی پێدەکەین، کەسانێکی زۆر لە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆمان سەعیدی نورسی بە تەواوی نەناسن، کە لە قەدەر دوێنێ بووە، هێندە دووریش نییە، نەزانن کێیە، نەزانن بەرهەمەکانی چییە، نەزانن چی کردووە، چ خزمەتێکی کردووە، چ کەسایەتییەک بووە لە سەر ئاستی هزری جیهانی ئیسلامی، نەزانن سەڵاحەدین ئەیوبی کێ بوو، زانیاری سەرەتای لەسەر نەزانن، یاخود دایببڕن لە ئەسڵ و بنەچەی ڕاستەقینەی خۆی، ئەوانە کارەساتن، بەڕاستی تا ئەمڕۆ

نەک لە بەشە زانستییەکان، تەنانەت لە کۆمەڵایەتییەکانیش، زۆر بەخێرایی بەسەریدا تێدەپەڕن و حەقی خۆیان نادەنێ.

**هاتنی ئایینی ئیسلام تەنیا پێشهاتێکی سەربازی و دواتر سیاسی نەبوو، تەنیا گۆڕانکاری نەبوو لە نەخشەی سیاسی ناوچەکە، بەڵکو لەوە زیاتر و گەورەتر و فراوانتر بوو**

زۆجار دەوترێت کورد نەما، خاوەنی هیچ نین و هیچمان نەکردووە، هەرگیز نابینە هیچ ئەوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ لە نەناسینی ڕابردووی خۆمان، لە نەناسینی مێژووی خۆمان، لە نەبوونی ئاگاییمان لەسەر شارستانییەتی خۆمان، ئەگەرنا کورد زۆری کردووە، زۆریشی پێشکەش کردووە، زۆر پێویستمان بەوە هەیە، کە ئێمە سوود لە ڕابردوو وەربگرین، تەوزیفی بکەین، بەکاری بهێنین، نەوەکانی ئەمڕۆی پێ گۆش بکەین، ڕابردووی خۆمانیان پێ بناسێنین، بزانن ئێمە لە چ ئاستێک بووین و ئێستا لە چ ئاستێکداین، ئەوە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردن و گفتوگۆکردنی زیاترە لە سەری.

پاشان دکتۆر قادر ڕۆشنایی خستە سەر ڕۆڵی کەسایەتییە کوردەکانی ناو مێژوو و دنیای ئیسلام و ئاماژەی بەوە کرد کە لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتییەکان لە مێژووی کورد و لە مێژویی میللەتانی دیکەشدا، دیدگای جیاواز هەیە، بۆ نموونە ئەو نەوەیەی کە ئێستا دەژیت، یان نەوەی هاوچەرخ، کاتێك ئاوڕ لە مێژووی خۆی دەداتەوە هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتییەکانی پێشووی دەکات، حەتمەن دید و تێڕوانینی جیاوازی هەیە، بەڵام لەنێو کورددا حاڵەتەکە تارادەیەکی زۆر ئازاربەخشە، من وای دەبینم کە دوو هۆکاری لە پشتە کاتێک تۆ گلەیی لە کەسایەتییەکانی پێشووی مێژووی خۆت دەکەی و دەتەوێ شتێک بۆ تۆ بکات، یان شتێکی بۆ میللەتەکە کردبێت، کە لە سەردەمەکەدا ئەو بابەتە لە ئارادا نەبووە، یان تۆ دەتەوێ شتێکی کردبا بۆ میللەتەکەی تۆ کە تۆ ئێستا بۆ خۆت پێت ناکرێ، دەتەوێ باری شکستەکەی خۆت بخەیتە سەر شانی ئەو، دوو هۆکاری گەورە لە پشت ئەو بابەتەن یەکێکیان؛ لەڕاستیدا تێنەگەیشتنە، نەزانینە، بۆ نموونە بە واقیعی مێژوویی، کاتێک باسی هەلومەرجی کەسایەتییە مێژوویەکان دەکەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا ناگەڕێتەوە سەردەمەکە، شتێکمان هەیە پێی دەڵێن ژیان لەگەڵ مێژوو،

واتە لێکۆڵەری مێژوو کاتێک کار لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان و هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکان و هەر بابەتێکی مێژوویی دەکات، پێویستییەکی زۆری بە ژیان لەگەڵ مێژوو هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە بگەڕێتەوە سەردەمەکە بۆ ئەوەی ئاگادار بێت سەردەمەکە چی تێدا بووە، بارودۆخەکەی چۆن بووە و چ شتێک لەو کۆمەڵگەیەدا پێویست بووە بکرێت، ئایا ئەو کەسایەتییانەی کە لەو سەردەمەدا هەبوون لەناویاندا کێ توانیویەتی لە هەمووان باشتر وەڵامدەرەوە بێت بە داخوازییەکانی سەردەم، ئێمە دیدگایەکمان هەیە لە لێکدانەوەی پاڵەوانانە، یان قارەمانانە بۆ مێژوو ئەویش ئەوەیە هەمیشە قارەمانی مێژوویی کەسێکە کە لە ڕۆحی سەردەمەکەی خۆی دەگات، واتە دەزانێ ڕۆحی سەردەم ئەوەی کە تێیدا ژیاوە، کۆمەڵگە و سەردەمەکەی چی پێویستە وەڵامدەرەوەی ڕۆحی سەردەمەکەیەتی ئەو کاتە وەکو کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بلیمەت لە کۆمەڵگا دەردەکەوێ و دەتوانێ سەرۆکایەتی کۆمەڵگا بکات، ئەوە لایەك لە لایەکەوە هۆکارێکی زۆر گرنگ بریتییە لە تێنەگەیشتن لە واقیعی مێژوویی سەردەم، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە بریتییە لە هەوڵدان بۆ لێدان و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەو کەسایەتیانە لە مێژووی کۆمەڵگادا، چونکە لەلایەن هەندێك لە ڕۆشنبران یان ئەوانەی کە بانگەشەی ڕۆشنبیری و زانستخوازی و مەدەنییەت و سەردەمگەرایی دەکەن، پێیان وایە ئەوەی پێشوو شتی لابەلایە، شتێکە کە ڕوویداوە و بڕاوەتەوە و ئەگەر ئەوان نەبان کۆمەڵگای ئێمە باشتر دەبوو، لێدان لەوەیە، ئەو لێدانە زۆرجار من وای دەبینم لە ڕاستیدا لە سەکۆیەکی بە دیدگایەکی دژە دینییەوە بۆی دەچن و ڕەخنە لە کەسایەتییەکانی پێشوو دەگرن، پێیان وایە ئەو کەسایەتیانەی بەتایبەتی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و ئیسلامی ئێمەدا ئیتر ئەوانە نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن، ئەگەر تۆ لەو کەسایەتیانەت دا، واتە هەوڵت داوە لە مێژووی موسڵمانان و لە مێژووی ئیسلام بدەی و بەشێکی زۆری بەرپرسارێتی نوشوستی و کەم و کورتی و کێشەی کۆمەڵگای ئێمە، لەڕاستیدا بەوانەوە هەڵواسی، ئا ئەمە ئەو دوو هۆکارە بوو وەکو وتم، یەکێکیان تێنەگەیشتن لە واقیعە و لە سەردەمەکەیە و ئاگادارنەبوونە لە هەلومەرجی مێژوویی، ئەوەی تریان مەبەستدارە، دەزانێ سەردەمەکە چۆن بووە و تێشدەگات چۆنە، بەڵام بە ئەنقەست ڕەخنە دەگرێ و کەسایەتییەکان دەشکێنێت بۆ ئەوەی کە پێی وایە لە ڕێگەی لەوتاندن و شکاندنی ئەو کەسایەتیانەوە هەم ڕەخنەی گرتووە لەو بووونیادە شارستانییە

کـە بـووەتـە هـۆی دەرکـــەوتنی ئـەو کەسایەتیانە کە مەسەلەکە ئیسلامە و هـەم لـەلایەکی دیکـەشـەوە لـە سۆنگەی ڕەخنـەگرتن لـەو کەسـایـەتیانـە خـۆی لە کەسێکی بێناو و بێنازناو و بێناونیشان و لـەڕاستـیـدا بێ دەورەوە کـردووەتـە کەسێک خەڵک ناوی دێنێ و باسی دەکات و فلان کـەس ڕەخـنـەی لـە سـەلاحـەدین گرتـووە و ئـەوەی دیکە ڕەخنـەی لە فلان کەس گرتـووە و قسـە و بـاسی دەوروژێنێ و دەبێتـە بـاس و خـواس، ئەوانـە وایـان کردووە کە ئیتر ڕەخنەگرتن بە شێوەیەک لە شێوەکان لـەو کەسایەتیانە بکرێت، کە ئـەو ڕەخـنـەگـرانـەی کـە ئـاڕاسـتـەی ڕەخنـەی لێگیراوەکان دەکرێن لە لایەن ئـەو جـۆرە کـەسـانـەوە زۆرتـر وەکـو وتم لـەو دیدگایەوەیە، بۆ نموونە هەندێك کـەس پێـیـان وایــە کـە کاتێك ڕەخـنـە دەگـرن لـەو کـەسـایـەتیـانـەی مێژووی ئێمە و قسـەوبـاسی جیاجیان لـەبـارەوە دەوروژێنن، پێـیـان وایـە بابەتگـەلـێک بـاس دەکـەن کە ئـەوان یـەکـەم کەسن و کـەسی دیکە پـەی پێ نـەبـردووە، ئەمە لە حاڵێکدا هەموو ئەو ڕەخنە و قسـە و باسانـەیـە کە لـەسـەر کەسایەتییەکانی کوردییـەکان دەوروژێنرێـت، بەتایبـەتی کـەسـایـەتیـیـەکی وەکـو سـەلاحـەدینی ئـەیـوبی، ئـەوا پێـشتر بـاس کـراوە، هیچ شتێکی نـوێی تێدا نییـە، مەسـەلـەن تۆ تەماشا مێژوونـووسێکی بەناوبانگی وەکو (ابـن الأثیر) بکە کـە کۆمەڵێک بابـەتی بـاس کـردووە، مێژوونـووسـانی سـەردەم هـەنـدێك بابـەتیـان وروژانـــدووە قسـە و باسیان لەسەر کردووە، ئەو هاتووە، ئەو شتانەی کە لەناو دووتوێی ئەو کتێبانەدا بینیوێتیەوە و خەڵکی دیکە وەکو پێویست نـەیـانـورژانـدووە، چونکە زانیـویـانە ئەو بابەتانە دروسـت نین بـەڕاستی دروسـت کــراون، هـەڵـبـەستراون، لـە سـۆنگـەی لـێـدان لـە کـەسـایـەتیـیـەوە دروســت کــراون، بـاس نـەکـراون، ئـەو هـاتـووە زیاتر دەریـانـدەخـات و دەیـانخاتـە ڕوو و قسەوباسی جیا جیان لەبارەوە دەوژێنێ وەکو ئەوەی کە بڵێین داهێنانێکی کردووە، جـا بـۆ ئـەوەشـە کـەواتـە دادگاییکردنی کەسایەتییەکان لـە مێژوودا بـەدەر لە ڕەچاوکردنی هەلومەرجە مێژووییەکەیان هەڵەیەکی گەورەیە، مەسەلەن تۆ گلەیی و ڕەخنـە دەگـری لە شتێک کە نە ڕاست دەکـرێـتـەوە، نـە کـەسـەکـە مـاوە تـا تۆ دادگایی بکەیت و داکۆکی لە خۆی بکات، نە هیچی لێ شین دەبێتەوە، تەنیا دەچێت بـۆ لـەکـەدارکـردنـی مێژووی خـۆت، لە پێناوی هیچدا، لێدان لە کەسایەتییەکانی مێژووی خـۆت لـە پێنـاوی هیـچدا، واتـە تـێبـینی بـکـەن هـەمـوو میللـەتێک لە قۆنـاغـە مێژوویـە جیاجیاکان پێویستی بە هێما هەیە، ڕەمزە مێژووییەکان هێما مێژووییەکان کارێکی زۆر گرنگ، دەورێکی زۆر گـرنـگ دەبــینن لـە کـۆکـردنـەوەی

خەڵک لە دەوری شوناسێکی دیاریکراو، لە هاندانی خەڵک یان لە دروستکردنی جۆرێک لە کۆمەڵبوونی خەڵک لە دەوری هێمایەک بۆ هەستکردن بە ئینتیما و شوناسی بەهێز و هەستکردن بە شانازی بە مێژووی خۆی، کاتێک ئەو کەسایەتییە مێژووییانەی ئێمە دەویسترێت لەکەدار بکرێن، ئەوە لەو سۆنگەیەوەیە کە دەیانەوێ کۆمەڵگای ئێمە لە هێما باڵاکانی داببڕن. ئەو هێمایانەی کە دەبێتەوە هۆکارێک لە هۆکارەکانی کۆبوونەوەی بەشێکی زۆری ئێمە لە دەوری کەسایەتییەک کە گرنگە بۆ بەهێزکردنی ئینتیمای ئێمە بۆ کۆمەڵگای خۆمان، بۆ نەتەوەی خۆمان، بۆ زمان و مێژووی خۆمان، ئەو سەرەودەری کردنە لەگەڵ کەسایەتییەکان من وایدەبینم سەرەودەر کردنێکی هەڵەیە و هیچی لێ سەوز نابێت، ڕەخنەگرتن ڕەخنەی مێژوویی لە سەردەمە مێژووییەکان و لە کەسایەتییە مێژووییەکان جا یا دەکرێ مێژوونووسی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی ئەکادیمی و زانستخوازێکی دیار - سەردەم قسە لەسەر سەردەمەکە بکات، بەڵام نەک بە ئامانجی لەکەدارکردن، نەک بە ئامانجی لێدان لە کەسایەتییە مێژووییەکان و نابووتکردنی پێش چاوی خەڵک، بەڵکو زۆر جار قسە و باسی جیاجیا هەتا لە لای مێژوونووسە گەورەکانی پێشووش هەیە، ئەوانەی ئەمە پێیان دەڵێین سەرچاوە ڕەسەنەکان لە تەبەری هەیە، لە ئیبن ئەسیر و لای ئیبن خەلەکان هەیە، لای ئەبولفیدا هەیە، لای ئیبن کەسیر هەیە، لای ئەو مێژوونووسە جیاجیانەش هەیە جاری وایە کە باسی کەسایەتییەك دەکات، دەڵێ (لو فعل هذا لو قام بهذا)، یانی شتێکی کردبا، ئەگەر وای کردبا وادەبوو، خۆ بریا وای کردبا، یان بریا وای نەکردبا ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام هەوڵدان بۆ لەکەدارکردن و سوکایەتی پێکردن ئەمە وەکو وتم لە ڕاستیدا مەسەلەیەکە و بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمەش تێیەوە ئاڵاون، ئەو بابەتانە ڕەنگە ئەگەر لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا لەو کۆمەڵگانەی کە جێگیرن، کێشەی قەوارە و کێشەی مەترسی بوون لەسەر شوناس و ئینتیما و زمان و کولتووریان نییە هێتا شتێکی ئاسایی بێت و هەموو شتێک بخرێتە بەرباس و قسەوباسی جیاجیای لەسەر بکرێ، بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە کە کۆمەڵگایەکی دابڕاوین لە مەسەلەی شوناس و ئینتیما و پەرتکردن و ستەمکارییەکی گەورەی لە مێژوودا لە لایەن داگیرکەرانەوە بەرامبەرمان کراوە، تۆش بێی وەکو ڕۆشنبیرێکی سەر بەو نەتەوەیە، یان وەکو کەسایەتییەکی سەر بە ئەو نەتەوەیە، بە هەمان شێوە و بە ئاوازی ئەو کەسانە هەڵپەڕی کە دەیانەوێ کەسایەتییە مێژووییەکانی تۆ لەکەدار بکەن و وات لێ بکەن کە تۆ کاتێک ناوی

ئەو کەسانە دێت هەست بە شانازی نەکەی، بەڵکو پێت وابێ کە ئەو کەسانە کەسایەتی ستەمکار و خراپەکارن، ئەمە بە بۆچۆنی من ڕەنگە شتی دیکەشی لە پشت بێ بەدەر لە خۆهەڵنان و خۆڕانان، لەوانەیە هەندێک جار بابەتگەلی سیاسی جیاجیای دیکەشی تێبکەوێت، جا ئەوە پوختەی مەبەستەکەیە.

**لە دوای هاتنی ئیسلام زۆربەزەقی ڕۆڵی کورد دەبینین کە جۆرێک بوو لە وەرچەرخان لە ژیانیدا بەتایبەتی ئەوەی کە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا هەستی پێ دەکەین**

هەروەك د.قادر لەبارەی ئەو مشتومڕەی لەم دوایییەدا لەسەر کەسایەتی سەڵاحەدینی ئەیوبی دروست بوو، دەڵێت: لەڕاستیدا من پێم باش نییە جارێکی دیکە سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی بکرێتەوە تەوەر و باس، گفتوگۆی ئێمەش کە زیاتر تایبەتە بە ڕۆڵی کورد و پشکداری کورد لە شارستانییەتی ئیسلامی، با بداتەوە سەر ئەم بابەتە، وەلێ دەشڵێت: پێم وایە کە ڕۆشنبیری کورد لە هەستکردن بە قەیران و تا ڕادەیەک بێ شوناسیدایە کاتێک پەنا دەبات بۆ ڕەخنەلێگرتن لە هەندێک لە کەسایەتییە مێژووییەکان، هەموو کەسایەتییەکی مێژوویی کە لە مێژوودا هەبووە، بەتایبەتی کەسێک کە کاری سیاسی کردبێت و کاری سەربازی کردبێت بەدەر نییە لە هەڵەوپەڵە، ئەو کەسایەتی مێژووییانە بە سەڵاحەددینیشەوە کەسایەتییەکی پێغەمبەرانە نین، چاکەخوازی کۆمەڵایەتی نین، کەسایەتییە کە کاری سیاسی کردووە کاری سەربازی کردووە، ئەو کارانەش حەتمەنە کوشت و کوشتاری تێ دەکەوێ، ستەمکاری تێ دەکەوێ، ئەگەر خودی سەرکردەکە خۆشی نەیکا دەستە و دەوروبەرەکەی و کەسەکانی دەوروبەری ڕەنگە بیکەن، سوپایەکەی یان سەرکردەکانی بیکەن کە هەر ئەو لێی بەرپرسە، بۆیە من پێم وایە وروژاندنی ئەو بابەتانە و قسەکردن لەسەریان بۆ ڕۆشنبیری کوردی تێناگەم چ دەسکەوتێکی تێدایە، کە سەڵاحەدین، یان کەسایەتی وەکو سوڵتان سەڵاحەدین ئەگەر کەسایەتییەکی زۆر مەزنی جیهانی نەبا، کەم میللەت هەیە هەوڵی نەدابێت بیکاتە هی خۆی، بە عەرەبەوە بە تورکەوە بە فارسەوە، هەموویان ویستویانە، هەتا تێبینی بکە خەڵکانی ناموسڵمان کردوویانە بە هی خۆیان، تێبینی بکە لە ئەدەبیاتی سەردەمی شەڕی خاچییەکاندا و دواتر لە شیعرە فەڕەنسییەکان لە شیعری شاعیرانی ئەوروپادا و لە ئەدەبیاتی ئەواندا هەتا زۆر بە ڕوونی ناوی

هاتووە، لاپەڕەکانی مێژوو پڕیەتی لە باس و خواسی ئەو، لاپەڕەی مێژووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئێمە هیچ کەسایەتییەکمان نییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هێندەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی لە لایەن دوژمنەکانیشییەوە خۆشەویست و ویستراو بێت، هەزاران منداڵی بەناوکراوەتەوە، من هەموو جارێ دەڵێم کەسێکی وەکو سوڵتان سەلاحەدین ئەگەر هەموو سەرچاوەکانیش لەسەر ڕەچەڵەکەکەی ببڕین، خودی ئاکار و مەردایەتی و جوامێرییەکەی کوردانەیە، سیفەتەکە کوردانەیە.

هاوکات د. حەکیم لەبارەی ئەوەی کە بۆچی ئەو کەسایەتییە کوردیانە لە ڕابوردوودا باش نەناسێندراون، یاخود بڵێن نەتوانراوە وەسف بکرێن و بخرێنە ڕوو، کەسانی تر تانەیان لێ دەدەن، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەی کەوا باسکرا، ڕاستەوخۆ خۆدەرخستنە، کەسانێک دێن کە پڕوپاگەندەی ڕۆشنبیری و سەقافەت و سەردەمیەت دەکەن دەیانەوێ خۆیان بە دیار بخەن، باشترین ڕێگە و ئامراز بۆ خۆدەرخستن ئەوەیە تۆ ڕەمزێکی گەورە بهێنی کە زۆر ناسراو و گەورەیە تۆ بێی تانەی لێ بدەی، بۆ ئەو کەسە دەبێتە باسکردن و کەرەستەیەکی ڕاگەیاندنی باش، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەو کارە دەکات وادەزانیت خۆی لە ئاستی خۆی بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانەکەی دروستە، ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێ بکەم مەبەستم ئەوەیە لەبەر چی کەسێک کە نووسەرە، ڕۆمان نووسە، هونەرمەندە، ئەکتەرە، گۆرانیبێژە، باسی مێژوو بکەن و شیکردنەوە بۆ مێژوو بکەن، بۆ ڕابردووی ئێمە، بۆ چارەسەری ئێمە، بۆ ڕەمزەکانمان، بۆ کەسایەتییەکانمان، بۆ ئەوان بێن تانەیان لێ بدەن، ئەوان بە چ مافێک کە لە پسپۆڕییەکەی ئەوان دوورە، کەسانێک لە بابەتێکدا قسە دەکەن کە لە پسپۆڕی ئەواندا نییە، ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی پسپۆڕی زۆر وردە، مەبەستم ئەوەیە چۆن کەسێک بۆی نییە فەتوا بدا لە بابەتێکی ئایینی، کەسێك کەوا پسپۆڕ نییە لە بوارێکدا لە زانستێکدا، دکتۆرێک بۆی نییە کەوا حوکم بدا و چارەسەر بۆ کەسێك بنوسێ، بەهەمان شێوە لە زانستەکانی دیکەش، کەسێک مێژوونووس نەبێ، لێکۆڵەری مێژوو، توێژەری مێژووی نەبی، بۆی نییە باس لە سەلاحەددین و مێژووی ئێمە بکات، دەشڵێت: ڕاستە لە پرۆگرامی خوێندن گۆڕانکارییەک هەیە، بەڵام هێشتا زۆر کەمە لەچاو پێویستیدا نییە، لە هەر کەسێک بپرسە کە دەرچووی هەر قۆناغێکی زانستی کۆمەڵایەتی بێت، بزانە چەند کەسایەتی کورد لە شارستانی ئیسلامیدا دەناسێ، پێویستە لە هەموو ناوەندەکان، بەتایبەتی لە گوتاری ئایینی گرنگی بەو بابەتە بدرێ بە تایبەتی

ئەوانەی کە لە کاری بانگخوازی کار دەکەن، لایەنە ئیسلامییەکان پێویستە ئەو ڕۆڵەیان هەبێ بۆ ناساندنی ئەو کەسایەتییانەی ڕابردوو.

**کورد زۆری بەخشی بە شارستانییەتی ئیسلامی، ئەگەر لە ڕووی کەسایەتیشەوە بڵێین، کورد سەدان کەسایەتی گەورە و ناوداری بەخشی بە شارستانییەتی ئیسلامی لە بوارە جیاوازەکاندا**

هەروەها د. قادر وتی، لە ڕاستیدا لە بواری دانانی بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، کاری باش کراوە، شتی زۆر هەیە ئێمە ناتوانین داوا لە قوتابی ناوەندی، یان ئامادەیی بکەین، بڵێین تۆ دەبێ هەموو شتێک لەسەر کورد و کەسایەتییە کوردییەکان و ئەوانە بزانی، مەسەلەن تۆ تێبینی بکەن ئێمە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتی بنەڕەتی کە ئێستا دەخوێنرێت، دانەری کتێبەکەین، دکتۆر حەکیمیش هەر لەگەڵمان بوو، لەوێدا زۆر بە باشی باسی ئەو بابەتانە کراوە، باسی کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین کراوە، هەروەها ئەگەر باس لەسەر ڕۆڵی کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بیت، ئەمە لە مێژووی شارستانییەکان لە پۆلی دەی وێژەیی دەخوێنرێ، یەکێکم لە دانەرەکانی ئەو کتێبە، بیست ساڵە ئەو کتێبە دانراوە لە دوو هەزار و پێنجەوە لە دام و دەزگاکانی ئێمە لە پەروەردەی ئێمە دەخوێنرێت، زۆر بە باشی باسی ڕۆڵی کورد لە شارستانییەتی ئیسلامی و کەسایەتییە کوردییەکان و ئەوانەی تێدایە، بەڵام وەکو وتم مەنهەج، یان بابەتەکانی خوێندن هی ئەوە نییە تۆ هەموو شتێک بتەوێ تێیبخزێنی، یان هەموو شتێکی لێ داوا بکەی، زەرووره خەڵکیش بۆ خۆی هەوڵ بدا و تێبگات.

وتیشی، لەڕاستیدا مێژوو مەیدانێکی زۆر فراوانە، مەیدانێکی کراوەیە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مێژوو ئەوەیە تا ڕادەیەک پانتایەکی فراوان و مەیدانێکی کراوەشە، خەڵکی جیاجیای ڕۆژنامەوان و سیاسی و وەکو وتمان هونەرمەند بەشێوەیەك لە شێوەکان بیەوێت قسەی لەسەر بکات، یان دەبینی کەسێکی ئەکادیمییە لە بوارێکی دیکەی دیاریکراوی زانستە مرۆڤایەتییەکان کە ڕێگە بە خۆی دەدات بێتە سەر هەندێک بابەتی گرنگ لە مێژوودا قسە بکات و دادوەریش بکات، جاری وا هەیە کە بێی باسی بکەیت ئەگەر لە شوێنێک لە دانیشتنێك پێت بڵێن تۆ پسپۆڕێکی فەلسەفەی، یان پسپۆڕێکی توێژینەوەی ئیسلامی، یان زمانی عەرەبی، یان هەر بابەتێکی دیکە، یان ئابووری، یان یاسایی، شتێک لەسەر مێژوو بۆمان

باس بکە، وەکو باسکردن لە شوێنێک باسی دەکەی و ئەوانە ئاساییە، بەڵام بێی دادوەری بکەی، بێی بڵێی فلان کەس باش بوو، فلان کەس خراپ بوو، کاتێک تۆ پسپۆڕ نیت لە بوارەکە و لێی نازانیت کاتێك شتێکت دەست دەکەوێ لەتۆ وایە داهێنانێکت کردووە، کە زوو هاوار دەکەی و لە ڕۆژنامە بڵاوی دەکەیەوە، یان لە تەلەفزیۆنەکان قسەی لەسەر دەکەیت و ئیتر دادوەریش دەکەی و خۆشت بڕیار دەدەیت، ئەوە باش بوو، ئەوە خراپ بوو، ئەوە دەکەوێتە هەڵەی زەقەوە.

**هەموو میللەتێک لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکان پێویستی بە هێما هەیە، ڕەمزە مێژووییەکان هێما مێژوویەکان کارێکی زۆرگرنگ، دەورێکی زۆرگرنگ دەبینن لە کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری شوناسێکی دیاریکراو**

مەسەلەیەکی تریش کە دەچێتە خانەی بواری بە ئایدیۆلۆجی کردنی مێژوو، کە ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، یانی بێیت مێژوو خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژیانەی بۆ بکەیت، ئەوەم بە دڵە و ئەوەم بەدڵ نییە، هەتا لەنێو ئەو گرووپ و دیدگا جیاوازانەی ناو ڕەوتە ئیسلامییەکانیش، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، مێژووی ئیسلامی کێشەی ڕەوتە ئیسلامییەکان بەشێکیان ئەوەیە کە جیاوازی ناکەن لە نێوانی ئیسلام و مێژووەکەیدا، زۆر جار مێژووی ئیسلام وەکو بەشێک لە دین تەماشا دەکەن، کاتێك باسی هەڵەیەکی وەکو کەسایەتی خەلیفە هاروونە ڕەشید، یان معاویە، یان یەزید، یان عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان دەکەی، زۆر جار خۆیان دەبوێرن لەوە، پێیان وایە ئەمە نابێ باس بکرێ، یان ئەوە وا نییە، یان ڕەتی دەکەنەوە، ئەمە یەعقوبی باسی کردووە، مێژوونووس تەبەری باسی کردووە، دینەوەری باسی کردووە، ئەوانەی لە من و تۆ بە تەقواتر و بە دینتر بوون، پێشیان نەنگی نەبووە کاتێک باسی هەڵەی خەلیفەیەک، یان لادانی، یان هەڵەوپەڵەیەک بکەن کە لە مێژووی ئەودا هەیە، جا بۆیە خراپترین دیدگا ئەوەیە کە مێژوو بە ئایدۆلۆجی بکەیت، ئەمە هەڵەیەکی زەقە و تووشی خراپ تێگەیشتنت دەکات و تووشی ئەوەت دەکات کە مێژوو وەکو خۆی نەبینیت، ئێمە هەمیشە لەڕاستیدا ئامانجمان ئەوەیە کە مێژوو وەکو خۆی نیشان بدرێ و مێژوو وەکو خۆی هەوڵ بدرێ بگوێزرێتەوە.

# بیرمەندان

ئایینناسی

# مەلا ئەبوبەكری موسەنیف
# پێشەوای فیقهی ئایینزای شافعی

د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا

**پێش باس:**

زانایانی كورد، لە خزمەت بە زانست و شارستانێتی ئیسلامی، بەشداری كارایان هەبووە، لەو مێژووە شكۆدارەیدا كە هەیانە شایەتی زیندوو زۆرن كە ئەم ڕۆڵەیان لەو بوارە جۆراوجۆرانەی زانیاری و شارستانێتیدا جەخت لەسەر دەكاتەوە، ئەوان لە هەموو بوارەكانی: سیاسەت، كۆمەڵایەتی، سەربازی، هونەر، زانست، و... ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و خاوەنی سەدان زانای ئێجگار دیارن لەم بوارانەدا، بەدرێژایی مێژووش پەڕتووكی چەندین زانای كورد، پرۆگرامی خوێندن بوون لە زۆربەی خوێندنگەكانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەر لە بەغداوە تا قاهیرە و حیجاز و ئەسفەهان و مەراغە و بەدلیس وئامەد و دیمەشق و شارەزووری جاران و تەنانەت وڵاتانی (ما وراء النهر)یش.

بۆیە هیچ جێی دوو دڵیی نییە كە زانایانی كورد، ئەگەر لە زانایانی عەرەب و گەلانی تر زیاتر نەبوبن، كەمتر نەبوون، ئەم كورتە توێژینەوەیە دەریدەخات كە (مەلا ئەبوبەكری موسەنیف)، لە نموونەی زانایانی بەرجەستەی كوردە، وئەو چەندە كەسێكی زیرەك و بە توانا و خاوەن زانست بووە، بەجۆرێ كە توانیویەتی ئەو ژمارە زۆرەی كتێب بنووسێت، تا بە (مصنف : دانەر) ناوزەد بكرێت و لە چەندەها بواری جیاوازیشدا بنووسێت، هەرچەندە ئەم توێژینەوەیە زیاتر باس‌وخواسی ڕۆڵی (مەلا ئەبوبەكری موسەنیف) و پەڕتووكی (الوضوح)ە، لە خزمەت بە فیقهی ئیسلامیدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا، ئەوەشمان بۆ دەردەخات كە گەشتە زانستییەكانی مەلا ئەبوبەكر بۆ ناوچە جیاجیاكانی جیهانی ئیسلام و سەردانیكردنی زانایانی شوێنە پیرۆزەكان، فاكتەری سەرەكی بوون بۆ زیاتر ناسرانی لە جیهانی ئیسلامی و بەرچاوبوونی خزمەتەكانی بە زانست و شارستانێتی ئیسلامی.

**بەشی یەکەم**
**ڕۆڵی (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) و پەڕتووکی (الوضوح) لە خزمەت بە فیقهی ئیسلامیدا**

باسی یەکەم: پەڕتووکی (الوضوح)، لە (فیقه - شەریعەت)ی، ئیسلامی و لەسەر مەذهەبی پێشەوا محەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی:

پەڕتووکی: (الوضوح)، ڕاڤەی: (المحرر) ی، (ئیمامی ڕافعی)یە، ئەو ئەبولقاسم عەبدولکەریمی کوڕی محەممەدە، خەڵکی شاری قەزوینە، لە وڵاتی ئێستای ئێران، (عەجەم، واتە: غەیرە عەرەب بووە)، لە دەوروبەری ساڵی (٥١٣)، یان (٥١٤)ـی، کۆچی و هەندێکیش دەڵێن: ساڵی (٥٥٥ کۆچی) لەدایکبووە، وساڵی (٦٢٣) یان (٦٣٢)ـی، کۆچی.. ژیانئاوایی کردووە، لەسەر لەدایکبوون و کۆچی دواییشی ڕاجیایی هەیە. (١)

(پێشەوا ڕافعی)، پێشەوایەکی گەورەی فیقه بووە، لە سەردەمی خوێندندا، (بەغدا) و (نیشابوور) و (توس)، (ئامول) و زۆر شوێنی تر.. کە ئەو سەردەمە مەڵبەندی زانست بوون.. گەڕاوە، یەکێکە لەو زانا گەورانەی کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ بەرفراوانکردنی مەزهەبی پێشەوا شافیعی و لەم پێناوەدا ئینسکلۆپیدیای (ئەلموحەڕەڕ)ی، نووسی و هەر لەو کاتەدا بە وڵاتانی جیهانی ئیسلامدا دەنگی دایەوە، ئەمە بووە هەوێنی ئەوەی زانایەکی گەورەی کورد، واتە: (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، خەڵکی گوندی (چۆڕ)ی، نزیك شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت و ئەلموحەڕەڕ ڕاڤە بکات، تەنانەت بیداتە بەر نەشتەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و دەیان باس‌وخواسەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە فیقهیانەی تەنها تایبەتن بە وڵاتی کوردەوارییەوە.. تێکەڵی کتێبەکەیان بکات. (٢)

نوسخەی دەستنووسی کتێبی: (الوضوح)، چوار بەرگی گەورەیە، لە سەدەکانی (یازدەهەم) و (دوازدەهەم) و (سێزدەهەم) ی، کۆچیدا، ئەم پەڕتووکە پڕۆگرامی خوێندن بووە لە حوجرەکانی کوردستان و هەندێ شوێنی جیهانی ئیسلامدا، بە ئێستایشەوە – کە تەنها دوو : سێ ساڵە چاپکراوە- لەلایەن زانایانی ئایینییەوە بە دەرس دەوترێتەوە و وانەکانیشتۆمارکراون و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردنەوە و بەردەستن. (٣)

ئەم پەڕتووکە، گەورەترین و بەسوودترینی کتێبەکانی مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕییە، لەسەر شەریعەتی ئیسلام - سەر بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی، شێخ محەممەدی خاڵ، لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "مەلا ئەبوبەکری خاوەنی (الوضوح)، کە ڕاڤەی (المحرر)ی، ئیمامی ڕافعی یە لە فیقهی ئیسلامیدا لە سەر مەزهەبی شافیعی و لە چوار بەرگی گەورەدایە" و مامۆستا مەلا

عەبدولکەریمی مودەڕیس، هەر لەم بارەیەوە دەفەرموێت: "لە مزگەوتی (سوور)ی، نزیک شاری مەریواندا، پەڕتووکی (الوضوح)ی، نووسیوە، کە تا ئێستایش دەستنووسە و چاپنەکراوە و وێنەیەك لەم کتێبە لە کتێبخانەی ناوەندیی ئەوقاف، لەبەشی دەستخەتەکان لە سلێمانیدا هەیە".(٤) ئەم پەڕتووکە بە نرخە کە زیاتر لە چوارسەد ساڵە لە لایەن ئەم زانا مەزنەی کوردەوە نووسراوە، بە داخەوە زۆر لە چاپکران دواکەوت و دواجار ساڵی (٢٠٢٢ ز) چاپکرا، جاران و پێش نووسرانی: (الوضوح)، لە حوجرەکاندا فەقێی کورد زیاتر (توحفەی ئیبن حەجەر)ی، لە فیقهدا دەخوێند، لە کاتێکدا کە زۆربەی زانایانی کورد – وەك شێخ نەجیبی قەرەداغی - ڕایان وابووە کە (الوضوح) بۆ وڵاتی کوردەواری گونجاوترە تا توحفە، چونکە باسە پەیوەندیدارەکان بە ژینگەی وڵاتی کوردەواری تیایدا باسکراوە، لە کاتێکدا کە توحفە وانییە! بەڵام بە داخەوە هەر بە هۆی چاپنەکرانییەوە – بەشێوەیەکی بەربڵاو- نەکراوەتە پرۆگرامی خوێندن(٥).

هەر لەبەر ئەم گرنگیەش، زانا و شەرعزانی گەورەی کورد: (مامۆستا مەلا باقری بالك) فەرموویەتی: لە بەدواداچوونی زۆر لە بابەتە فیقهییەکاندا بۆم دەرکەوتووە ڕای (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) لە کتێبی: (الوضوح)دا، لە پێشترە و زیاتر پێکاویەتی.. لە زاناگەلی تری، وەك: (ئیبن حەجەری هەیتەمی)! (٦)

**باسی دووەم: هۆکاری دانانی کتێبی: (الوضوح):**

(مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، لە پێشەکی کتێبی: (الوضوح)دا، ئەوەی نووسیوە کە ژمارەیەك لە دۆستەکانی داوای ئەوەیان لێکردووە هەڵسێت بە ڕاڤەکردنی: (المحرر)ی، (ئیمامی ڕافعی)، لە ناو ئەو دۆستانەیشیدا ناوی دوو کەسیانی بردووە، یەکێکیان: (مەلا حەسەنی زێباری)یە، کە نازانرێت کەی ژیانئاوایی کردووە و بیۆگرافیای لە سەرچاوەکاندا بەردەست نییە و دووەم کەسیش تەنها بە خەسڵەتی: (الأخ الشفیق) بڕاندۆتەوە، مەبەستی لەم (الأخ الشفیق - برا خۆشەویستەی).. لەوانەیە هەر برای شیری خۆی بێت، دیارە ئەویش مەلاباشێکی سەردەمی خۆی بووە، چونکە لە ناو کتێبی: (الوضوح)دا، باس لەوە دەکات لەگەڵ ئەو (برا خۆشەویستەی) دا، چۆتە شاخی (گنجۆیە) بۆ ڕاوکردن، تووشی ورچێك بوون و بەسەرهاتەکەی گێڕاوەتەوە!(٧).

**باسی سێیەم: لە تایبەتمەندییەکانی کتێبی: (الوضوح):**

(١). کتێبی: (الوضوح)ی، (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، یەکێکە لە کتێبە فیقهیە

بەڵگەدارەکان و بەپێی بوونی بەڵگە.. جا فەتوا و بڕیاری شەرعیی دەرکردووە. (٨)
(٢). هەرچەندە کتێبی: (الوضوح)، لەسەر ئاینزای مەزهەبی ئیمامی شافیعی نووسراوە، بەڵام جۆرێك لە بەراوردکاری لەگەڵ مەزهەبەکانی تریشدا کردووە و خۆی لە تاووتوێی ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی ئەو مەزهەبانەی تریش نەدزیوەتەوە. (٩)
(٣). (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، لە ناو کتێبی: (الوضوح)دا، ناوی پەڕتووکی فیقهیی زۆری هێناون، کە ئەو کتێبانە بە ئێستایشەوە لە هیچ شوێنێکی دەستنووسخانەکانی جیهاندا دەست ناکەون! مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کە ئایا ئەم هەمووە سەرچاوەیە چۆن لە گوندێکی دوورە دەستی وەك گوندی (چۆڕ) دا، دەستی (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) کەوتوون، ئایا دواتر ئەم ژمارە زۆرە سەرچاوەیە.. چییان بەسەرهاتووە؟(١٠)
(٤). لە کتێبی: (الوضوح)دا، نەخشەی نووسینەکی بەشێکی کوردستان و ناوهێنانی ناوچەیەکی بەرفراوانی وڵاتی کوردەواری بوونی هەیە و هەر لەم ڕوانگەیەوە (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، ڕایەکی جوانی لە (شەریعەتی ئیسلام – فیقهی ئیسلامی)دا، هەیە سەبارەت بەزەویوزارەکانی کوردستان، کە ئەم باسە جێگای ڕای جیاوازی شەرعزانەکان بووە بەدرێژایی مێژوو، بەڵام مەلا ئەبوبەکر سنوری زەوییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا، کە بە (سواد العراق) ناسراوە دیاری دەکات، دەفەرموێت: زەوییەکانی (سواد العراق) کە پێش ( عومەری کوڕی خەتاب) خوا لێی ڕازی بێت، تایبەتی کردوون بۆ گەلی عیراق، سنورەکەی لە کوردستانی خۆماندا بریتییە لە: (زەهاو - قەڵاکانی جوانڕۆ – دودان - سازان – تشلا – نەوسود و بەشی ڕۆژئاوای کێوی سورێن- ئالان – سیوەیل - گوندی بێژوێ)، ئەمە سنوری (سواد العراق)ە، لە هەرێمە شاخاوییەکانی کوردستاندا و دەبێت خەڵکە کوردەکەی خۆیان سودیان لێوەربگرن و حەڵاڵ و زەڵاڵیانە. (١١)

**زانا و شەرعزانی گەورەی کورد: (مامۆستا مەلا باقری بالك) فەرموویەتی: لە بەدواداچوونی زۆر لە بابەتە فیقهییەکاندا بۆم دەرکەوتووە ڕای (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) لە کتێبی: (الوضوح)دا، لە پێشترە و زیاتر پێکاویەتی.. لە زاناگەلی تری، وەك: (ئیبن حەجەری هەیتەمی)!**

## باسی چوارەم: چاپبوونی کتێبی: (الوضوح):

وەك وتمان، بەهۆی گرنگی و بایەخی ئەم پەڕتووکەوە، هەرچەندە چاپیش

نەکراوە، بەڵام بە دەیان نوسخەی بە دەستنووس لەبەر نووسراوەتەوە و بەم هۆیەوە بە حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبۆتەوە، ئەم نوسخە زۆرانە هۆکاربوون بۆئەوەی کتێبەکە نەفەوتێت و بمێنێتەوە، تا خۆشبەختانە لەم دواییانەدا قوتابیانی خوێندنی باڵا لایان کردەوە لەم پەڕتووکە مەزنە، زیاتر لە بیست خوێندکار نامەی ماستەر و دکتۆرایان تایبەت بووە بە لێکۆڵینەوەی بەشە جیاجیاکانی ئەم پەڕتووکە، یەکێك لەوانە: (دکتۆر مەلا عەبدوڵڵا چوارتایی)یە، کە تێزی ماستەر و دکتۆراکەیشی هەر لە سەر ئەم کتێبەیە و دوای کارەکەی خۆیشی زۆر لێبڕاوانە دەستی کردووە بە کامڵکردنی سەرجەمی کتێبەکە.. بە لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە، دواتر ئامادەکردنی بۆ چاپ، دوای تەواوبوونی کارەکەیش زۆر سەرکەوتووانە لە هەشت بەرگی گەورەدا (ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئیحسان – لە شاری تاران) چاپ و بڵاوی کردەوە، ئەم کتێبە لە چاپی یەکەمیدا و لە کەمترین ماوەدا.. نوسخەکانی تەواوبوون، گەیشتە وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامیش.. زانایانی عەرەب زمانیش لە کەناڵەکانیانەوە.. چەند بەرنامەی ستایش و پێزانینیان بۆ ئەم کتێبە و چاپبوونی سازدا. (١٢)

**باسی پێنجەم: میتۆدی (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، لە کتێبی: (الوضوح)دا:**

هەموو نووسەرێك لەکاتی نووسینی پەڕتووکدا، میتۆدێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە نووسینی تەواوی دانراوەکەیدا پێوەی پابەند دەبێت، کە دواجار توێژەران لەڕێی بەدواداچوونەوە دەتوانن ئەو میتۆدەی هەر نووسەرێك لە نووسینی ئەو کتێبەیدا بدۆزنەوە و خاڵ بە خاڵ دیاری بکەن، بەم هۆیەوە (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)یش، لە کتێبی (الوضوح) دا، میتۆدێکی تایبەت بە خۆیی هەیە، کە دەکرێت لەم چەند خاڵانەدا کورت و پوختی بکەینەوە.

(١). (مەلا ئەبوبەکری موصەنیف)، لە کتێبی: (الوضوح)دا، هەوڵی زۆری داوە لەو بابەتانەیدا کە (فەقیهەکان - شەرعزانەکان) ڕاجیاییان هەیە، خاڵێکی هاوبەش لە نێوان قسە و دیدگەی هەموویاندا بدۆزێتەوە و بەڵگەداری بکات و بیچەسپێنێ، بۆیە دەبینی زۆرجار کاتێك دوو ئاڕاستە پێچەوانەی یەکتر.. بڕیار لەسەر بابەتێك دەدەن، ئەو نووسیویەتی: (والأفضل الجمع بينهما خروجا من الخلاف)، واتە: باشترین چارەسەر.. کۆکردنەوەی هەر دوو ڕاکەیە – لەسەر ئەو بابەتە-، تا بەم هۆیەوە دەرچەیەك بدۆزینەوە بۆ ڕزگاربوون لە ڕاجیایی. (١٣)

(٢). لە کتێبی: (الوضوح)دا، زۆرجار ڕەخنەی لە ڕای زانایان و شەرعزانانی تر گرتووە و زۆر بوێرانە – بە بەڵگەوە- بەرەنگاریان

بۆتەوە و دیدگەی خۆیی نیشان داوە، ئەمە لە چەندین شوێنی ئەو کتێبەوە زۆر بە ڕوونی نومایان بووە، بۆ نموونە زۆرجار ڕەخنە لە کتێبی (منهاج)ی، (پێشەوا نەواوی) دەگرێت و بە پەڕتووکێکی کەموکورپداری لە قەڵەم دەدات، شتێکی ڕوونیشە لەدوای (پێشەوا شافعی)، (پێشەوا نەواوی)، مەزنترین پێشەوای ناو مەزهەبی ئیمامی شافعییە! (١٤)

(٣). (مەلا ئەبوبەکر)، چیرۆکەکانی ژیانی خۆی و ئەو ڕووداوانەی بیستوونی و دەشێن لەگەڵ تیۆرە فیقهییەکاندا، تێکەڵی ناو کتێبی: (الوضوح)ـی، کردوون، وەك باسی ورچەکە لە بابەتی: (ئەحکامەکانی ڕاوکردن)دا، باسی شایەتیدان، ئەو شایەتییانەی بۆ بابەتە فیقهییەکان لە مەجلیسی ئەودا دراون، ئەم چیرۆك و بابەتانەیشی بە شێوە دەق و نووسینێکی ئەدەبی زۆر باڵا تۆمار کردوون. (١٥)

**بەشی دووەم**

**بیۆگرافیای کەسایەتی (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)**

**باسی یەکەم: ناو و ڕەچەڵەك و نازناوی:**

مەلا ئەبووبەکری موسەنیف، ناوی سەیید حەسەنی، کوڕی سەیید هیدایەتوڵڵای کوڕی سەیید بیدایەتی، کوڕی سەیید یوسف جانی، کوڕی سەیید یەعقوب جانە، کە لە ناو خەڵکدا، بە (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) ناو دەبرێت، بە هۆی زۆری کتێب و نووسراوەکانییەوە لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا، بۆیە بە "مصنف - دانەر" ناوی دەرکردووە و ناو دەبرێت، کە ئەمەش ڕای نووسەری بەناوبانگی تورك (موحەمەد تاهیری بروسەوی)یە و مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، لە وەچە و بەرەبابی سەیید بایەزیدی، کوڕی سەیید موحەممەد زاهیدی ناسراو بە: "پیرخدری شاهۆ"یە.(١٦)

**کتێبی: (الوضوح)ی، (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، یەکێکە لە کتێبە فیقهیە بەڵگەدارەکان و بەپێی بوونی بەڵگە.. جا فەتوا و بڕیاری شەرعیی دەرکردووە**

**باسی دووەم: لەدایکبوونی:**

تا ئێستا بە تەواوەتی.. مێژوو و جێگای لەدایکبوونی ئەم زانایە یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە لە وەچەی "مەلا بیدایەت"ە و ئەمیش برای (مەلا ئیلیاسە)، کە خاوەنی گوندی (کەلاتێ) بووە، لە ناوچەی (کەلاتەرزان)ی، پارێزگای "سنە"ی، ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەمەدا وادیارە کە لەوێ لەدایکبووە، لە مێژووی ژیانئاوایی کردنییەوە دەردەکەوێت کە لەدوای ساڵی: (نۆسەد و ئەوەندەی کۆچییەوە لەدایك بووبێت)، دەگوترێت کە "مەلا ئەبوبەکری

موسەنیف"، لە ساڵێ (٩٠٣)ی، کۆچیدا لەدایکبووە، لە گوندی (چۆڕ)ی، سەر بە شاری مەریوان، بەم هۆیەشەوە زۆرجار بە نازناوی (مەلا ئەبوبەکری چۆڕ)ی، ناوبراوە، ئەم ڕایەش جیاوازی لە سەرە و گێڕانەوەی جۆراوجۆری لەسەر هەن. (١٧)

## باسی سێهەم: گوندی چۆڕ:

گوندی (چۆڕ) گوندیکی بچووکە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری مەریوان و نزیکەی (دە) میل لێیەوە دوورە، لەڕووی ئیدارییەوە هەر سەر بە شاری مەریوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆڕ، دەورە دراوە بە گوندەکانی: (ئەڵمانە – نەنە – دەری – هەڵوژان – نشکاش – مرگ- شێخە کوێرە – بالك)، ولەوبەریشیەوە، (دەرزیان – نژمار - سەرنژمار) هەن، ئەو گوندە تا ئێستایش ئاوەدانە، خەڵکەکەی زیاتر بە کشتوکاڵ و باخدارییەوە سەرقاڵن، گڵکۆی (مەلا ئەبووبەکری موسەنیف) لەوێیە. (١٨)

## باسی چوارەم: پێگەیشتن و گەشتەکانی مەلا ئەبووبەکری موسەنیف:

ئەم زانایە لە ماڵێ باوانیدا بە زانستخوازی و خواپەرستی و مەزنایەتی پەروەردە بووە، دواتر خراوەتە بەر خوێندن، تا گەیشتوەتە ئەو پلەیەی کە توانیویەتی زانستی باش بە دەست بهێنێت، وەك تێکڕای زانستخوازان بە حوجرە و زانستگاکاندا گەڕاوە و دواتریش گەشتی کردووە بۆ وڵاتە ئیسلامییە دوورە دەستەکان، بەو نیازەی کە زانستی زیاتر فەراهەم بکات، ئەو وڵاتانەش، بریتین لە: (میسر و حیجاز)، هەروەك لەو ژیاننامەیەیدا ئاماژەی پێکراوە، کە وەك پێشەکی نووسراوە، بۆ کتێبی (طبقات الشافعیة) ی، مەلا ئەبوبەکر، کە ئەم کتێبەیش لە لایەن مامۆستا (عادل نوەیهض)ەوە، لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و پەراوێزی لە سەر نووسراوە و لە چەندەها سەرچاوەی تریشدا ئاماژە بەوە دراوە کە مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، گەشتی شاری (دیاربەکری) کردووە لە باکوری کوردستان، بە مەبەستی بە دەستخستنی زانستی شەرعی و تەمەسوككردن بە شێخ و خواناسە مەزنەکانی ئەو سەردەمە(١٩).

## سەردەمی وانەگوتنەوەی مەلا ئەبووبەکری موسەنیف:

دوای ئەم گەشت و گەڕانانە بە دوای بەدەستهێنانی زانستدا، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بووەتە وانە بێژی ئەو قوتابخانەیەی کە لکاوە بە مزگەوتی (سوور)ەوە، کە "ئەمیر حەمزەی بابانی" پێش هەزارەی دووهەمی کۆچی دروستی کردبوو و مەلا ئەبوبەکر ماوەی (هەژدە ساڵ) لەو حوجرە و قوتابخانەیەدا، وەك "وانەبێژ" ماوەتەوە. (٢٠)
مەلا ئەبووبەکر، لە ساڵی (٩٣٧)ی کۆچی، وانەبێژی زانستگەی مزگەوتی (سوور)

بووە لە ناوچەی مەریوان و ئەم مێژووەش نووسەری پەڕاوی (بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیف) کە بە (زمانی فارسی) نووسراوە، بە چەندەها بەڵگەی مێژوویی بایەخدار پشت ڕاستی کردۆتەوە و جەختی لەسەر کردۆتەوە. (٢١)

سەردەمی ئەم وانە وتنەوەیەی مەلا ئەبوبەکر لە مزگەوتی(سور)دا، هاوشان بووە، لە گەڵ سەردەمی دەسەڵاتی "هەڵۆخانی ئەردەڵانی"دا، هەر ئەم هەڵۆخانە مزگەوتەکەی بۆ نوێ کردووەتەوە، کردوویەتی بە وانەبێژ تیایدا و بەبۆنەی خواناسی و مەزنی (مەلا ئەبوبەکر)ەوە، "هەڵۆخان" زۆر خۆشی ویستووە.. دەگێڕنەوە شەوێکیان هەڵۆخان سەردانی مەلا ئەبوبەکری کردووە، دەبینێت بە بێ چرا شت دەنووسێت و لە جیاتی چرا ئەو بەردەی کە چراکەی لە سەر داناوە ڕۆشنایی داوەتەوە و سوودی لێ وەردەگرێت! ئیتر لێرەوە هەڵۆخان زیاتر بڕوای بە کەراماتی ئەم پیاوە دەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەلا ئەبوبەکری موسەنیف زۆر دڵخۆش بووە بەو مزگەوتە و بەو حوجرەیە و کتێبی زۆریشی لەو مزگەوتەدا نووسیوە. (٢٢)

سەیید عەبدولعەزیزی کوڕی سەیید ساڵح، لە کتێبە فارسییە دەستنووسەکەیدا بە ناوی (نور الأنوار)، کە لە ساڵی (١٠٤٦ك - ١٦٣٦) زایینی، دایناوە، نووسیویەتی: مەلا ئەبوبەکری موسەنیف وانەبێژ بووە لەو زانستگایەدا کە (ئەمیر حەمزەی بابان) لە سەر چیای (بەرقەڵا) لە نزیك شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆی دروستکردووە(٢٣).

### لە کتێبی: (الوضوح)دا، نەخشەی نووسینەکی بەشێکی کوردستان و ناوهێنانی ناوچەیەکی بەرفراو انی وڵاتی کوردەواری بوونی هەیە

هەر لەو جێگەیەدا و پێش سەد و چواردە ساڵ (مەلا کابل) لەوێ وانەبێژ بووە، کە بە (مەلا کابلە سورە) ناسراوە، دواتر مەلا ئەبووبەکر باری کردووە و گواستویەتییەوە بۆ گوندی (وشکێن) هەر لە هەمان ناوچە و لەوێ "هەڵۆخان" و "وەڵەد خان" کە لە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی کوردستان بوون، سەردانیان کردووە، نیوەی گوندی (چۆڕ)یان، بە دیاری پێداوە، کە گوندێکە هەر لە هەمان ناوچە، ئیتر لێرەوە (مەلا ئەبوبەکر) گواستویەتییەوە بۆ (چۆڕ)، لەوێ مزگەوت و زانستگەی تێدا دروستکردووە، جگە لەم ئەو دەسەڵاتدارانە نیوەی گوندی (نەنە) شیان، پێداوە، کە دراوسێ دێی (چۆڕ)ە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری (گردەڵان)ەوە. (٢٤)

دوای دابەشکردنی زەوی و زارەکان، مەلا

ئەبوبەکری موسەنیف لەو زەویيانەی بەرکەوتووە کە لکاون بە شاخەکەوە، لەوێدا سەرچاوەیەکی ئاو هەبووە کە ئاوەکەی زۆر کەم بووە، ئاوی کەمیش بە کوردی پێی دەڵێن: (چۆڕێ ئاو)، ئیتر لەو جێگایەدا گوندێکی بنیاتناوە، لێرەوە ناوی (چۆڕ)ی، بە سەردا براوە، هەر بە هۆی ئەوەشەوەیە بە (مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕی)یش، ناوی دەرکردووە. (٢٥)

دەگێڕنەوە، کە (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ و دووبەرەکیدا، بە تایبەتی لە کاتی هێرشی (قزڵباشەکان) و (عوسمانییەکان) بۆ سەر ناوچەی مەریوان، لە ناوچەکەی خۆی گواستویەتییەوە، ماوەیەك دانیشتووی ناوچەی (قەرەداغ) بووە لە باشوری کوردستان، لەم کاتەدا بە هۆی هێرشی بێگانەوە بۆ ناوچەی مەریوان زیاندمەند بووە، هەر دوو هێزە شەڕکەرەکە.. دەریاچەی (زرێبار) هێڵی تەماسیان بووە، جا لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە هۆکاری لەناوچوونی زۆرینەی بەرهەمەکانی "مەلا ئەبووبەکر"، ئەو شەڕ و ماڵوێرانییانە بوون. (٢٦)

بە گوێرەی قسەی وەچەکانی، کە لە شەجەرەنامەکانیاندا دەرکەوتووە، ئەوە دەزانین کە "مەلا ئەبوبەکر" چوار کوڕی هەبوون، کە بریتی بوون، لە: (مەلا عەبدولکەریم) و (مەلا یوسف جان) و (مەلا مەحموود جان) و (مەلا موحەمەد)، لێرەدا (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)، فەرموویەتی: گوێم لە زانای مەزن: (حاجی مەلا حەمە ئەمینی کانی سانان) بووە، کە گوتویەتی: کوڕی پێنجەمیشی هەبووە، بە ناوی (حوسێن)، لە نێو کۆڕبەند و ڕیزبەندی کوڕەکانیدا بەردەوام کەسێك یان دووان، یان چەند کەسێکیان لە "ئەهلی عیلم – مەلا" بوون. (٢٧)

لە دەرئەنجامی ئەو زانیارییانەی لەم بارەوەیەوە دەستکەوتوون ئەوە دەردەکەوێت، کە کوڕەکانی "مەلا ئەبوبەکر" ئەوانەی کە باسیکردوون، گەورەکەیان: "مەلا عەبدولکەریم"ی، ناو بووە، کە باوکی (مەلا جامی) بووە، ئەم مەلا جامییە، باوك و باپیرەی سەییدەکانی ناوچەی (سابڵاخی موکریان)ە، لە شاری مهاباد، کە تا ئێستاش هەن و بڵاوبوونەتەوە، هەروەها سەییدەکانی (قەڵاچوالان و چوارتا) لە ناوچەی قەڵەمڕەوی جارانی  بابانەکان، هەر سەر بەم بەرە بابەن، ولە "مەلا جامی" یەوەن، هەروەها کوڕێکی تر لە کوڕەکانی (مەلا ئەبو بەکر) سەیید حەسەنی چۆڕییە، هەروەها "مەلا محەممەدی کوڕی مەلا ئەبوبەکر" باوە گەورەی سەییدەکانی (چنارەیە) لە قەزای دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، هەروەها سەییدەکانی گوندەکانی (کەسنەزانی) دەوروبەری شاری (سەقز)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەر بەم مەلا موحەممەدەن و ( شێخ نەجمەدین شەمسەدین) لە ناودارەکانیانە. (٢٨)

"مەلا یوسف جان"، باپیرە گەورەی سەییدەکانی تاوەگۆزییە، کە سەیید عەبدولڕەحیمی شاعیری ناسراو بە (مەولەوی) لە بەرەبابی ئەم پیاوەیە و کوڕێکی تری مەلا ئەبوبەکر، ناوی "مەلا مەحموود جان"ە، کە لە باپیرانی (مەلا مورادی بازیانی)ە، کە لە گوندی (ڕەشەکانی) ناوچەی (سیوەیل) ژیانئاوایی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە. (٢٩)

لەم ڕەچەڵەکەش: (عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولقادری مودەڕیسی بیارە) و (شێخ محەممەدی خاڵ)، لە باشوری کوردستان، وەك زانای بە توانا دەرکەوتوون و مامۆستا قانیع و شاعیری گەورە - مامۆستا هێمن موکریانی و مامۆستا مەلا سەیید محەممەدی موسەنیفیش هەر لەوەچەی ئەم زانا گەورەیەن، مەلا حسەینی کوڕی مەلا ئەبوبەکر، باپیری بەشێکی سەییدەکانی گوندی چۆڕە، کە هەر لە گوندی (چۆڕ) نیشتەجێ بوون و سەرقاڵی جووتیاری و کشتوکاڵ و باخداری بوون. (٣٠)

**"شێخ محەممەدی خاڵ"، نوسیویەتی:** (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) کوڕ و کوڕەزا و وەچەیەکی زۆری خستوەتەوە، لە هەر دوو بەشی کوردستانی لکێنراو بە ئێران و عێراقەوە بڵاوبوونەتەوە و زیاتر ئاڵا هەڵگری زانست و زانستخوازی بوون، نزیکەی(٥٠٠) ساڵ، مەشخەڵی زانستیان لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە بووە، وەچەی ئەم زانا مەزنە، هەرگیز زانای گەورە و پیاوچاکی ڕاستەقینەیان تا ئەمڕۆ تیادا نەبڕاوە، هەر لە درێژەی ئەم قسەشدا "شێخ محەممەدی خاڵ" نوسیویەتی: منی نووسەری ئەم چەند دێڕەیش شەرەفی ئەوەم پێ بڕدراوە، کە لە نەوەی ئەم زانا بەرزە و فەقیهە بەرجەستەیەم. (٣١)

**باسی هەشتەم: (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) لە دیگەی زانایانی سەردەمی خۆی و دوای خۆیدا:**

(١). ئیسماعیل پاشای بەغدادی بابانی، لەبارەی (مەلا ئەبوبەکر)ەوە، نووسیویەتی: سەیید ئەبوبەکر محەممەد، کوڕی سەیید هیدایەتوڵڵای حوسێنیی گۆرانی شاهۆیی کوردی شافیعی، ناسراو بە: (موسەنیف)، دواتر ناوی پەڕتووکە گرنگەکانی دەهێنێت. (٣٢)

(٢). (خیرالدین الزرکلي)، نووسەری پەڕتووکی: (الأعلام) نووسیویەتی: مەلا ئەبوبەکر کوردە و لە شەرعزانە مەزنە شافعییەکانە، مێژوونوسیشە، لەبەر زۆری بەرهەمەکانی بە (موسەنیف) ناوزەد کراوە، ماوەیەك لە شاری مەدینەی پیرۆز نیشتەجێ بووە، دواجار لە گوندی (چۆڕ) لە کوردستانی ئێران ژیانئاوایی کردووە. (٣٣)

(٣). (محمد الأمین بن فضل الله الحنفي الحموي )، نووسەری پەڕتووکی: (خلاصة الأثر) نووسیویەتی: لەبارەی مەلا ئەبوبەکرەوە هەر ئەوە دوبارە دەکەمەوە

کە (ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوردی) لە زانایانی شاری مەدینە لە پەڕتووکەکەیدا: (الأمم لإيقاظ الهمم) نووسیویەتی: (إمام علامة له مؤلفات كثيرة)، واتە: پێشەوایەکی فرە زانا بووە و بەرهەمی نووسراوی زۆر بوون و نیشتەجێ شاری مەدینەی پیرۆز بووە، خۆم زانستم لێوەرگرتووە و بەناوبانگترین کتێبی ئەو، پەڕتووکی: (الوضوح)ە، کە خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆر سودیان لێوەردەگرت، جگە لە زانایەتی، زۆریش لە خواترس بوو، مەبەستی ئەوەیە ئەهلی تەسەووف بووە. (٣٤)

**لە کتێبی: (الوضوح)دا، زۆرجارڕەخنەی لە ڕای زانایان و شەرعزانانی ترگرتووە و زۆر بوێرانە – بە بەڵگەوە- بەرەنگاریان بۆتەوە و دیدگەی خۆی نیشان داوە**

(٤). (علي أكبر دهخدا)، نووسەری پەڕتووکی: (لوغەتنامە) نووسیویەتی: (أبوبكر الگۆراني ابن هداية الله، أحد العلماء الإيرانيين من القوم الأكراد، ملقب بالمصنف). (٣٥)

**باسی نۆیەم: ژیانئاوایی مەلا ئەبوبەکری موسەنیف:**

مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، لە ساڵی (١٠١٤ ك – ١٦٠٥ ز) ژیانئاوایی کردووە و هەر لە گوندی (چۆڕ)ی، ناوچەی مەریوان ئەسپەردە کراوە و لەدوای خۆی مەلا عەبدولکەریمی کوڕی لە جێگاکەیدا دانیشتووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایان و ئەدیبانی کورد و عەرەب، و.. سەبارەت بە زانایەتی و خواناسی مەلا ئەبوبەکر.. بۆ ماتەمی ژیانئاوایی کردنی.. شیعریان نووسیوە. (٣٦)

**بەشی سێهەم**

**پەڕتووکەکانی (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا**

**کتێبەکانی مەلا ئەبوبەکری موسەنیف:**

مەلا ئەبوبەکری موسەنیف کتێب و نوسراوی زۆری هەبووە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان ماونەتەوە و دەست ئێمە کەوتوون، زۆر لە سەرچاوەکان بەکورتی و پوختی لەسەر کتێبەکانی (مەلا ئەبوبەکر) قسەیان کردووە، وەك کتێبەکانی: ( خلاصة الأثر ) و (كشف الظنون) و (الكاتب العثماني) و (مشاهير الأكراد) و چەندەهای تریش، نووسەر (حاجی خەلیفە)، - لەبارەی فرە بەرهەمییەوە- بەم جۆرە باسی (مەلا ئەبوبەکر) دەکات: (پیاوێکی خاوەن پایەی کوردە و زانایە لە چەندەها زانستدا)، هەروەها (محەممەد تاهیر بروسەوی) دەڵێت: (مەلا ئەبوبەکر)، کتێب و نووسراوی زۆرن.. دواتر (شێخ محەممەدی خاڵ) کە هەر لە نەوەی (مەلا ئەبوبەکر)ە و زانایەکی بەرزی کوردە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو کتێبە

دەستخەتانەیدا کە لە کتێبخانەکەیدا هەبوون، گوتویەتی: ئەم کتێبانەی من پاشماوەی کتێبی بنەماڵەکەی خۆمن، کە بنەماڵەکەم سەر بە (مەلا ئەبوبەکری چۆڕی)یە، بەڵام بەهۆی شەڕ و ماڵوێرانییەکانی سەردەمی خۆی زۆربەی کتێبەکانی سووتاوە و فەوتاون و لەدوای هێرشی بێگانەکان بۆ سەر کوردستان لەو سەردەمەدا، کتێبەکانی (مەلا ئەبوبەکر) بوونەتە قوربانیی بارودۆخەکە، تەنها کەمێکیان بەدەست ئێمە گەیشتوون، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

(١). (الوضوح) شەرحی (المحرر)ی، ئیمامی ڕافعی، بەدرێژی لەبارەیەوە نووسیمان.

(٢). سراج الطريق: دووەم کتێبی مەلا ئەبووبەکری موسەنیفە، لەو کتێبانەی کە ماوون و لە تیاچوون ڕزگاربوون، دەربارەی تەسەوف و پاککردنەوەی دڵودەرون نوسیویەتی، ئەم کتێبە ساڵی (١٣٧٨ هەتاوی – ١٩٩٨ زاینی)، بە لێکۆڵینەوەی: مامۆستا مەلا محەممەدئەمینی میرزایی، لە تاران چاپکراوە.

(٣). کتێبی (رياض الخلود)، ئەم پەڕتووکەیش هەر دەربارەی تەسەوف و پاکژکردنەوەی دڵودەرون نووسراوە، ساڵی (١٣٨٧ هەتاوی – ٢٠٠٣ زاینی)، بە لێکۆڵینەوەی: مامۆستا مەلا عارفی مودەڕیسی و مامۆستا سەیید محەممەدی موسەنیفی چۆڕی، لەدووتوێی: (٢٩٠) لاپەڕەدا چاپکراوە. (٣٧)

(٤). کتێبی (طبقات الشافعية): ئەم کتێبەش یەکێکی ترە لە دانراوەکانی مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، کە تایبەتە بە بیۆگرافیای شەرعزانەکانی مەزهەبی ئیمامی شافعی و ناوی ئەو زانا و کەڵەپیاو چاکانەی تێدایە کە لەسەرجەم سەدەکاندا، تا سەردەمی دانەر دەرکەوتە بوون و سەر بە مەزهەبی شافیعی بوون، ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار ساڵی (١٩٣٦ ز) لە چاپخانەی (نعمان الأعظمي) لە بەغدا چاپکراوە و جارێکی تریش ساڵی (١٩٧١ ز) بە لێکۆڵینەوەی: (د. عادل نويهض) لە لوبنان چاپکراوەتەوە، ئەم پەڕتووکە لەلایەن (د. سوهێلا ڕۆستەمی)یەوە، مامۆستای (زانکۆی کوردستان - سنە) پەرچڤە کراوەتە سەر زمانی فارسی و لە تاران چاپکراوە. (٣٨)

**مەلا ئەبووبەکر، لە سالی (٩٣٧)ی کۆچی، وانەبێژی زانستگەی مزگەوتی (سوور) بووە لە ناوچەی مەریوان**

(٥). کتێبی ( سراج التاريخ): هەروەك بەناوەکەیدا دیارە کە ئەم کتێبە تایبەتە بە بواری مێژوو و باسێکی تایبەتی کردووە بە مێژووی دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام و بە زمانی فارسی نوسراوە و بە ژیانی پێغەمبەر (د.خ)

دەست پێدەکات، ئینجا دێتە سەرباسی فەتحی وڵاتان لەسەردەستی سوپای ئیسلام، هەروەها باسی ڕزگارکردنی کوردستان دەکات، لەلایەن سوپای ئیسلامەوە و پاشان باسی دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکان دەکات.. هەر لە سەدەی یەکەم تا سەدەی حەوتەمی کۆچی، ئەم کتێبە سودی مەزنی زۆری تێدایە و تا ئیستا چاپنەکراوە! (٣٩)

(٦). کتێبی ( (تذکرة السلاطین): ئەمیش یەکێکی ترە لە کتێبەکانی مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، باسی ژیان و دەسەڵاتدارێتی سوڵتانەکانی هەورامان دەکات و لە بواری مێژوودایە، تا ئێستا دەستخەتە و چاپنەکراوە، مێژوونوس: (مەلا عەبدوڵلا قاضی مەردۆخی - شەیدا) پێی وایە ئەم کتێبە باشترین سەرچاوەیە بۆ مێژوووی نوێی هەورامان، هەروەها نووسەر: (موزەفەر بەهمەن سوڵتانی) لە پێشەکی کتێبەکەیدا بە ناوی: (مێژووی هەورامان) نووسیوێتی: ئەم کتێبەی مەلا ئەبوبەکر لەلایەن کەسێکی ناپاکەوە فرۆشراوە بە ئینگلیزەکان، هەروەها ئەوەشی درکاندووە کە ئەم کتێبە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەلا ئەبوبەکری موسەنیف زانا بووە بە مێژووی هەورامان، هەر لەسەردەمی (بەهمەنی کوڕی ئیسفەندیار ئەمیر جیا شای یەکەم) تا سەردەمی خودی مەلا ئەبوبەکر و ئەم ڕاستییە لە سەرچاوەی تریشدا دووپاتکراوەتەوە. (٤٠)

(٧). نامیلکەی (آفتاب عالم): ئەمیش نامیلکەیەکی شیعرییە بە زمانی فارسی، لە پیاهەڵدان و کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، ئەم هۆنراوە نامەیە لە ئێران لەساڵی (١٣٧٩)ی، هەتاوی، (١٩٩٨)ـی، زاینی چاپکراوە، مامۆستا مەلا محەممەدئەمینی میرزایی پێشەکی بۆ نووسیوە، ئەم چاپەی لەلایەن بڵاوکەرەوەی کوردستان لە شاری (سنە) کراوە و لە (٦٤) لاپەڕەی مامناوەنددایە، ئەم کتێبە بە کۆششی (مامۆستا سەیید موحەممەدی موسەنیفی) چاپکراوە، کە نەوەی مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕییە. (٤١)

(٨). هەڵبەستنامەی: (وجوب الإیمان بالسؤال)، ئەم پەڕاوۆچکەیە دەربارەی بیروباوەڕی ئیسلامیە، لە بابەتی سزای ناو گۆڕ و بەرپەرچدانەوەی گروپی موعتەزیلە.. کە نکۆڵی لەم بابەتە دەکەن، نوسخەیەك لەم هەڵبەستنامەیە لە دەستخەتخانەی میللی ئێران، بە ژمارە: (٢ - ٤٠٣١) پارێزراوە و (د. نادر کەریمیان سەردەشتی) لەبارەیەوە زانیاری نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە.

(٩). نامیلکەی: (مولد النبي – مەولوونامەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، ئەمیش پەڕاوێکە لەبارەی مەزنایەتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و یادکردنەوەی لەدایکبوونی و چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە کەسایەتی ناسی ئەوەوە، نوسخەیەك لەم نامیلکەیە لە دەسخەتخانەی میللی ئێران، بە ژمارە: (٣ - ٤٠٣١) پارێزراوە. (٤٢)

**دەرەنجام:**

(١). لەم پوختە توێژینەوەیەدا، دەردەکەوێت زانایانی کورد خزمەتێکی گەورەیان بە زانست و کەلەپوری ئیسلامی کردووە، جیا لە وڵاتی کوردستان.. چوون لە شارەکانی نیشتیمانی عەرەبیشدا نیشتەجێ بوون و زانستەکەیان پەخش کردووە، نموونەیش وەك نیشتەجێبوونی (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، لە شاری مەدینەی پیرۆز و تەدریسکردنی.

**(خیرالدین الزرکلي)، نووسەری پەڕتووکی: (الأعلام) نووسیویەتی: مەلا ئەبوبەکر کوردە و لە شەرعزانە مەزنە شافعییەکانە، مێژوونووسیشە، لەبەر زۆری بەرهەمەکانی بە (موسەنیف) ناوزەد کراوە**

(٢). (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف) لەڕێی کتێبی (الوضوح)ەوە، توانیویەتی ئاستی زانایەتی خۆی بە هەموو جیهانی ئیسلامی – تەنانەت لە سەردەمی خۆیشیدا- نیشان بدات، هەرچەندە بابەتەکە فیقهی ئیسلامیە، بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە کە هەوێنی کوردەواری بوون، لە ناو ئەم کتێبەدا بپارێزێ، وەك لە توێژینەوەکەدا نموونەمان هێنایەوە.

(٣). (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، ئەوەندە زانایەکی زیرەك، وبە توانا و خاوەن زانست و قەڵەم ڕەوان بووە، توانیویەتی ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر کتێب بنووسێت، تا بە (مصنف: دانەر) ناوزەد بکرێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی شڵەژانی بارودۆخ و ناهێمنایەتی کوردستان.. زۆربەی بەرهەمەکانی تیاچوون و تەنها کەمێکیان بەردەستن.

(٤). لەڕوانگەی جۆراوجۆرێتی بەرهەمەکانیەوە، دەکرێت.. (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، هەم وەك (فەقیە - شەرعزان) و هەم وەك (موتەسەویف و عاریف) و هەم وەك مێژوونووس و تەنانەت شاعیر و هەڵبەستڤانیش دیاری بکرێت.

(٥). (مەلا ئەبوبەکری موسەنیف)، تەنها مەلایەکی کوردە.. کە دوای خۆی زۆرینەی وەچەکانی زانا و مەلا و شاعیر و پیاوی هەڵکەوتوو بوون و تا ئێستاش بەردەوامن و هەن، بەهۆی زۆری وەچەکانیەوە، نەوەی (مەلا ئەبوبەکر) ئێستا لە وڵاتی یەمەندا ماون و نیشتەجێن!

**ژێدەر، وپەڕاوێزەکان:**

(١). بڕوانە: عمر رضا کحالة، معجم المؤلفین، ب٢، ل٢١٠، (الناشر: مکتبة المثنی – بیروت، ١٩٩٨)

(٢). سعد ملا حامد ژیواری، مدخلی بر أحوال و آثار علامة: (مصنف چۆڕی)، ل٢٣٥ بەدواوە، چاپی یەکەم، تاران، (١٤٠٠ هەتاوی – ٢٠٢٠ ز)

(٣). الملا عبدالکریم المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدین، ل٣١٥، چاپی یەکەم، دار الحریة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٣

(٤). هەمان سەرچاوە

(٥). مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، ل٢٩٩، چاپی بەغدا، ١٩٨٣

(٦). هەمان سەرچاوە

(٧). الملا أبوبكر المصنف، حياته و مؤلفاته وآراؤه - مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، (ژیان و کتێب و بیروڕاکانی)، نووسینی: عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد-ئەحمەدئاوا، لێکۆڵینەوەی دەرچوون – ٢٠٠٥، زانکۆی سلێمانی – بەشی توێژینەوە ئیسلامییەکان، سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوە: د. سەباح بەرزنجی.

(٨). هەمان سەرچاوە

(٩). هەمان سەرچاوە

(١٠). مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، ل٢٧٧، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤

(١١). الملا أبوبكر المصنف، حياته و مؤلفاته و آراؤه - مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، (ژیان و کتێب و بیروڕاکانی)، نووسینی: عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد-ئەحمەدئاوا، (٢٠٠٥، زانکۆی سلێمانی)، ل٢٨

(١٢). مەحموود موصەنیفی، بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی، چاپی یەکەم، مەریوان – ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٣٨١ هەتاوی.

(١٣). بڕوانە: دەسنووسی کتێبی: (الوضوح)، ب١، ل١٥٥

(١٤). هەمان سەرچاوە

(١٥). سعد ملا حامد ژیواری، مدخلی بر أحوال و آثار علامة: (مصنف چۆڕی)، ل٢٢٥

(١٦). مەحموود موصەنیفی، بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی، ل٩

(١٧). مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، ل٢٨١

(١٨). مەحموود موصەنیفی، بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی، ل٧

(١٩). الملا أبوبكر المصنف، حياته و مؤلفاته و آراؤه - مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، (ژیان و کتێب و بیروڕاکانی)، عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ل٢٣

(٢٠). مەحموود موصەنیفی، بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی، ل١١

(٢١). سعد ملا حامد ژیواری، مدخلی بر أحوال و آثار علاّمة: (مصنّف چۆڕی)، ل١٨٧

(٢٢). هەمان سەرچاوە

(٢٣). هەمان سەرچاوە

(٢٤). الملا عبدالكريم المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، ل٣١٨

(٢٥). هەمان سەرچاوە

(٢٦). هەمان سەرچاوە

(٢٧). سعد ملا حامد ژیواری، مدخلی بر أحوال و آثار علامة: (مصنف چۆڕی)، ل١٨١

(٢٩). مەحموود موصەنیفی، بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی، ل١٨

(٣٠). هەمان سەرچاوە

(٣١). هەمان سەرچاوە

(٣٢). سعد ملا حامد ژیواری، مدخلی بر أحوال و آثار علامة: (مصنف چۆڕی)، ل١٧٧

(٣٣). هەمان سەرچاوە

(٣٤). الملا أبوبكر المصنف، حياته و مؤلفاته و آراؤه - مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، (ژیان و کتێب و بیروڕاکانی)، عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ل٢٦

(٣٥). هەمان سەرچاوە

(٣٦). مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، ل٢٧٥

(٣٧). مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، سراج الطريق و راهنمای اهل تحقیق، چاپی یەکەم، سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٣٧٨ هەتاوی.

(٣٨). محەممەد عەلی قەرەداغی، بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، بەغدا – ١٩٩٨

(٣٩). محەممەد ساڵح ئیبراهیمی - شەپۆل، ژیناوەری زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامەتیی، یان گەنجینەی زانست و فەرهەنگ، چاپی یەکەم، سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(٤٠). الملا أبوبكر المصنف، حياته و مؤلفاته و آراؤه - مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، (ژیان و کتێب و بیروڕاکانی)، عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ل٢٦

(٤١). مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، آفتاب عالم و نور خدا، ئامادەکردنی بۆ چاپ: مامۆستا مەلا سەیید محەممەدی موصەنیفی، چاپی یەکەم، سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٣٧٧ هەتاوی.

(٤٢). سعد ملا حامد ژیواری، مدخلی بر أحوال و آثار علامة: (مصنف چۆڕی)، ل٣٣٩ و٣٤٥

# ئایین و ئایینزاکانی کوردستان

ئایینناسی

# جووەکانی کوردستان لە سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلامیدا

د. یاسین تەها*

**دەسپێك:**

بەر لە کۆچی بە کۆمەڵیان، جووەکان پێکهاتەیەکی بەربڵاوی دێرین و ناسراوی کوردستان بوون. وەك پەیڕەوانی ئایینە سەرەکییەکانی دیکە، نیشتمانی دێرینی ئەوان زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەری شام بووە، دواتر هەر لەم جوگرافیایەدا بەرەو چەند ناوچەیەکی دیکە کشاون لەوانەش شار و دەڤەرە کوردییەکان. سۆراغکردنی سەرهەڵدان و گەشەکردنیان لە پانتایی کوردیدا و گرنگترین مەڵبەندەکانی بڵاوبوونەوەیان لە سەردەمی ئیسلامیدا، تەوەری سەرەکی ئەم بابەتەیە:

**شوناسی جووەکان**

جوو وەك ئایین و هەروەها فەلسەفە و شێوازی ژیان بۆ پەیڕەوانی پێناسەکراوە. ئەم ئایینە بەرجەستەکردنی پەیوەندی "بەنی ئیسرائیل" و خودایە لە ڕێگای کۆمەڵێکی زۆر دەق و سرووت و هەڵوێست و ڕەوێ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە (Jewish Encyclopedia, ١٩٠٦). لە سەرچاوە هاوچەرخەکانی ئەم ئایینەدا "جوو" وەك ئایینێکی یەکتاپەرستی دێرین و ئیبراهیمی هێمای بۆ دەکرێت کە لەسەر دەقەکانی کتێبی پیرۆزی تەورات بنەڕەتە، هەروەها پەیڕەوی لە شەریعەتی تایبەت دەکات (هلاخاە) کە سەرچاوەکانی جگە لە تەورات لە دەقی حاخامەکانی پاش دەرکەوتنی تەورات پێکدێت دەربارەی ئەو شتانەی لە کتێبی پیرۆزی تەوراتدا نەهاتووە (My Jewish Learning, n.d).

لە قورئاندا جووەکان بە "قەومی موسا" و "ئەهلی کیتاب" و بەنی ئیسرائیل" و "جوو" ناویان هاتووە، بەڵام هەن دەیاندەنە پاڵ "یەهوذا" کە لقێکە لە "بەنی ئیسرائیل" یان

دەوڵەتی "یەهوذا" لە فەلەستین (بڕوانە: الشهرستاني، ١٩٩٢: ٢/ ٢٣٠).
هەر دەربارەی شوناس، کەسی جوو، لە ڕووی ئایینییەوە مەرجە دایکی جوو بێت و شوناسی باوك بەس نییە، یان دەبێت بە تەواوی سرووتەکانی بە جوو بوونی جێبەجێ کردبێت بەپێی شەریعەتی ئایینەکە (البخ، د.ت: ٦٨)، بەڵام لە سەردەمی نوێدا و لە ئیسرائیل بۆ نموونە ئەمە گۆڕانکاری تێدا کراوە و هەر کەس لە باوانیدا جوو هەبێت، یان ئایینی دیکەی نەبووبێت و چووبێتە سەر ئایینی جوو، ڕەگەزنامە و مافی هاووڵاتی بوون و نازناوی جووی پێدەدرێت، ئەمەش لەگەڵ خوێندنەوەی ئاراستە نوێیەکانی ناو ئایینی جوو بۆ شوناسی خۆیان تەبا و کۆکە.
بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت جوو تێکەڵەیەکن لە ئایین و نەتەوە و کۆ یادەوەری کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز تێکچڕژاون و بەهۆی دابەشبوون و پەرتەوازەیی مێژوییانەوە سیماو تایبەتمەندی جیا جیان وەرگرتووە کە یەکێك لەوانەش جووەکانی هەرێم و دەڤەرە کوردییەکانن.

### جووە کوردەکان

جووەکانی نیشتەجێی شار و هەرێمی کوردییەکان لە مێژوودا بە "جووە کوردەکان" دەناسرێن، زمانی ئاخاوتنیان زیاتر ئارامی بووە (عبدالسلام، د.ت: ١٢)، جلوبەرگ و داب و نەریت و تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، لە کۆنترین کۆمەڵگا جووەکانی دەرەوەی هەردوو میرنشینی "ئیسرائیل" و "یەهوذا"ش بوون (بروار و باتاي، ٢٠٠٩: ٦٠). میرنشینی یەکەمیان (ئیسرائیل) لە فەلەستین پاش کۆچ و ڕەوی "بەنی ئیسرائیل" لە کەنعانەوە بۆ میسر لە ژێر کاریگەریی وشکەساڵیدا دامەزراوە. دووەمیشیان (یەهوذا) لە سەدەی دەیەمی پ.ز لەسەر داروپەردوی میرنشینی "ئیسرائیل" لە نزیك ئۆرشەلیم سەریهەڵداوە (المسكين، ١٩٩٧: ٢١، ٦٧، ١٠٥). لە دەرەوەی ئەم دوو میرنشینەش جووەکان لە ڕۆژهەڵاتدا بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەشبوون کە بریتین لە: کوردستان، ناوچەکانی عێراق، ئێران، ئەفغانستان، بوخارا، یەمەن و عەدەن (أتينجر،١٩٩٢: ١٥)، بەم پێیەش کوردستان یەکێك بووە لە حەوت مەڵبەندە سەرەکییەکانی جوو لە دەرەوەی میرنشینەکانی "ئیسرائیل" و "یەهوذا" لە فەلەستینی مێژوویی.
بە دروستی مێژووی جووە کوردەکان، بۆ کۆتاییەکانی حوکمڕانی ئاشووری دەگەڕێتەوە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین. ئەوان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە فەلەستین لە سەردەستی ئاشوورییەکان دووچاری دیلگرتن و بە کۆیلەکردن بوونەتەوە، دوور لە خواستی خۆشیان بە زۆر بۆ کۆمەڵێك ناوچەی دوور ڕاگوێزراون، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە

نەگەڕێنەوە بۆ فەلەستین، یەکێك لەو ناوچانەش کوردستانی گەورەی ئێستایە. ئەم جووە ڕاگوێزراوانە لەنێو کورددا تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو ماونەتەوە و ژیاون و لەگەڵ کورددا ئاوێتەبوون، لەوە بەدواش بە کۆمەڵ (دەوروبەری ٢٥ هەزار کەس) بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە (بڕوانە: سوسة، ٢٠٠١: ٣١؛ رزق الله، ١٩٢٤: ٤١_٦٠؛ زاکن، ٢٠١١: ٣٣).

هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن جووەکانی کوردستان زیاتر دەچنەوە سەر پەیامبەر بنیامین کە کوڕی پەیامبەر یەعقوبە، کتێبی پیرۆزی خۆشیان بە زمانی کوردی هەبووە (Jewish Virtual Library,n.d). زۆربەشیان لە گوندی چیایی و دوورەدەستدا ژیاون و کاری کشتوکاڵ و پیشەی دەستیان هەبووە و ماڵاتیان بەخێو کردووە و کاری بازرگانییان کردووە، بەڵام جووەکانی عێراق زیاتر نیشتەجێی شارە گەورەکان بوون، ئەمەش وایکردووە زۆتر کاری دەست و پیشەگەریی بکەن Stillman, N ((١٩٧٩,).

جووە ڕاگوێزراوەکان بۆ کوردستان هاوشێوەی کوردەکان گوند و گەڕەکیان بۆ خۆیان دروستکردووە، بە پێی گەشتنامەکەی گەڕیدەی جوو "بنیامین تەتیلی" (٢٠٠٢:٣٢٥) لە دەوروبەری سەدەی ٦ك/١٢ز دا لە نزیکەی ١٠٠ پێگەی جوگرافیای کوردیدا بڵاوبوون. ئەم پێگانەش زیاتر کەوتوونەتە دەوروبەری "میرنشینی حەدیاب"ی مێژوییەوە، کە مەڵبەندەکەی شاری هەولێر بووە. ئەم میرنشینە لە سەدەی یەکەمی بەر لە زایین بووژانەوەی زۆری بەخۆیەوە دیوە، وەك مەڵبەندێکی نیشتەجێبوونی جووە ڕاگوێزراوەکانی فەلەستینیش ناسراوە، حوکمڕانییەکەشی بە دەست خێزانێکی جووەوە بووە (الحموي،١٩٩٧: ٢/ ٢٥٦؛ سوسة، ٢٠٠١: ٤١).

## دۆخی جووەکان لە دەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا

ناکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەکانی ساسانی و بێزەنتی باس لە جووە کوردەکان و دۆخی ئەم ڕەوندە لە ناوچە کوردنشینەکان بکرێت کە لەژێر نفوز و هەژمونی ئەو دوو دەوڵەتەدا بوون کە بە کردەیی ناوچەکانی کوردستانی ئێستایان دابەشکردبوو، ساسانییەکان لە هەرێمی چیا و بەری ڕۆژهەڵات و بێزەنتییەکانیش جزیرە لە باکوور و ڕۆژئاوای عێراق و دەشێت ئەمەش کۆنترین دابەشکردنی کوردستان بێت.

بەپێی ئەو زانیاریانەی بەردەستن جووەکانی بندەستی دەوڵەتی ساسانی بۆ مانەوەیان لەسەر ئایینی خۆیان، هاوشێوەی مەسیحییەکان، سەرانەیان لە شێوەی باجدا بە دەوڵەت دەدا. ئەوانەشیان کە لە سایەی دەوڵەتی بێزەنتیدا بوون لەگەڵ بوزییەکاندا باج و سەرانەیان لەسەر دانرابوو (عیتاني،

٢٠٢٢: ٥٥). دواتریش کە ئایینی ئیسلام سەریهەڵدا و لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبوویەوە، موسوڵمانەکان سەرانە و خەراجیان لەسەر پەیڕەوانی ئایینەکانی دی دانا لەوانەش جووەکان. سەرانە کە لە ئیسلامدا "جزیە"ی پێدەگوترێت لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە و تایبەتکراوە بە "ئەهلی کیتاب" کە جووەکان و مەسیحییەکانن. لە ئایەتەکەی قورئاندا کە دەگوترێت لە غەزای ڕۆمەکاندا دابەزیوە، خودا فەرمانیکردووە بە موسوڵمانەکان: لەگەڵ جووەکان و مەسیحییەکاندا بجەنگەن (ئەهلی کیتاب)، ئەوانەی وەك ئەوان باوەڕداری و ئاییندداری ناکەن، بە خودا و ڕۆژی دوایی بێباوەڕن، هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەوان بە ڕەوای دەزانن و "نایەنە سەر دینی ڕاست"، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانە دەدەن (التوبة: ٢٩). لەم سۆنگەیەشەوە دەکرێت بگوترێت سەرانەی "جزیە" پابەندییەکی داراییە لە سەر ئەوانە دانراوە کە لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا دەژیان و نەدەهاتنە سەر ڕێبازەکەی. لە وردەکاری جێبەجێکردنیشدا بڕ و ڕێژەی "جزیە" بەپێی باری دارایی و داهاتی کەسەکان جیاوازی تێدا کراوە (أبو یوسف، د.ت: ٧٩)، هەروەها ژن و منداڵ و نابینا و کۆیلە و هەژاران و پەککەوتە و هەندێك خاوەن پێداویستی تایبەتیشی لێ بەخشراوە (الیوزبکي، ١٩٨٣: ١٠/" ٥٩٥).

جووەکانی بندەستی دەوڵەتی بێزەنتی بەو ناوچانەشەوە کە لە وڵاتی کورددا بوون، لەژێر کاریگەریی پەلهاویشتنی ئایینی مەسیحیدا بوون، بەم هۆیەشەوە بەرەو پووکانەوە چوون، بە تایبەت کە ئامانجی مەسیحییەت چاکسازیکردن و گۆڕینی ئایینی ئەوان بووە، بە پلەی یەکەمیش جووەکانی دەکردە ئامانج بۆ بەمەسیحی بوون، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامدا ڕێژەیەك لە جووەکان بە ڕێککەوتنی سەرانە خۆیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا گونجاندووە و ڕێژەیەکی دیکەیان دەشێت موسوڵمان بووبن.

**کەسی جوو، لە ڕووی ئایینییەوە مەرجە دایکی جوو بێت و شوناسی باوك بەس نییە، یان دەبێت بە تەواوی سرووتەکانی بە جوو بوونی جێبەجێ کردبێت بەپێی شەریعەتی ئایینەکە**

بۆچوونێك هەیە پێیوایە هەڵمەتەکانی پەلهاویشتنی ئیسلام لە بەرژەوەندی جووەکاندا بووە، چونکە ئەوانەیان لە بندەستی ساسانیدا بوون، فارسەکانیان پێ بتپەرست و ستەمکاربووە، خەموژانی زۆریشیان بەدەست مامەڵەی خراپی فارسەکانەوە هەبووە

لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینی جوو (غنیمة، ۱۹۲٤: ۱۰۱)، ئەوانەشیان کە لە بندەستی بێزەنتی و ڕۆمەکاندا بوون هەر کێشەی چەوساندنەوە و سەرانە لێوەرگرتنیان هەبووە و کراونەتە ئامانجی بە مەسیحیکردن، بەڵام لەگەڵ موسوڵمانەکاندا هیچ نەبێت هەندێك خاڵی هاوبەشیان هەبووە، لانیکەم موسوڵمانەکان وەك شوێنکەوتەی ئایینێکی ئاسمانی تەماشایانکردوون و ڕێزیان لە پەیامبەرەکەیان (موسا) گرتووە. لەم بارەیەشەوە مێژوونووسی جوو "دیفید واسرشتاین" (۲۰۱۲)، پێیوایە هاتنی ئیسلام و هەڵمەتەکانی بڵاوکردنەوەی، بووەتە هۆی ڕزگارکردنی جووەکانی ڕۆژهەڵات لە دابەشبوونی نێوخۆیی و لە مەترسی پەلهاویشتنی مەسیحییەکان و هەژمووی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژمانی مەسیحی بە سەریانەوە. بەتایبەت کە ڕۆمەکان دەسەڵاتێکی مەسیحی دژە جوو بوون و کاری تەبشیریشیان دەکرد. هەرچی جووەکانی بندەستی ساسانییەکانیشە دابڕاوبوون لە هاوئایینەکانیان لە سنوری ڕۆم، زمانە لۆکاڵییەکانیشیان لە پووکانەوەدا بووە، بەڵام بەهۆی بارگۆڕانەکانی بڵاوبوونەوەی ئیسلامەوە، جووەکان لە نێو هاوکێشەی نوێدا پێگەیان باشتر بووە، جارێکی دیکەش لە سەرانسەری ڕۆژهەڵات و لە سایەی موسوڵمانەکاندا ڕایەڵەکانی پەیوەندی نێوخۆیی خۆیان گرێداوەتەوە، بەم جۆرەش "لە کەمایەتییەکی بێزراوەوە بوونەتە کەمایەتییەکی ڕێگەپێدراوی شەرعی"، بەتایبەت کە هاوشانی مەسیحییەکان بە "ئەهلی کیتاب" و "ئەهلی زیممە" لەقەڵەمدراون، بەرامبەر سەرانە (جزیە) و خەراج پەیڕەوییان لە شەریعەتی موسا کردووە.

سەرچاوەیەکی مەسیحی باس لەوە دەکات بڕی ئەو سەرانەی (جزیە)ی موسوڵمانەکان لەسەر جووەکان و مەسیحییەکان (ئەهلی کیتاب) و زەردەشتییەکان (مەجوس) دایانناوە، کەمتر بووە لەوەی ڕۆمە بێزەنتی و فارسە ساسانییەکان لەسەر کەمایەتییەکانی ژێردەستی ئەم دوو دەوڵەتەیان دانابوو (أبونا، ۲۰۰۲: ۱/ ٥۱، ۲/ ۲٥۲_ ۲٥۳)، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەقێکی قورئاندا بە پێچەوانەی مەسیحییەکانەوە، جووەکان وەك "دوژمنی سەرسەخت"ی موسوڵمانەکان نێوبراون (المائدة: ۸۲)، بەم هۆیەشەوە ناکرێت بگوترێت هاوشێوەی مەسیحییەکان بەشێوەیەکی باش تەماشاکراون. هەندێك توێژەری جوو سەرباری ئەوەی باشتربوونی دۆخی جووەکان لە سایەی ئیسلامدا دەسەلمێنن بەراورد بە ساسانی و بێزەنتییەکان، بەڵام پێیانوایە سەرباری ئەوەش جووەکان هەر لە پەراوێزدا ماونەتەوە و موسوڵمانەکان بە چاوی کەم تەماشایان کردوون (بڕوانە: محامید، ۲۰۲۳: ۱٤۷_ ۱٥۰؛ اليوزبكي، ۱۹۸۳: ٦۹).

**جووەکانی کوردستان لە دەمی هەڵمەتە ئیسلامییەکاندا**

هەڵمەتە سەربازییەکانی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ناوچە کوردنشینەکان کەوتووەتە سەردەمی خەلیفەی دووەمی ڕاشیدین "عومەری کوڕی خەتاب". لە قۆڵی هەرێمی جزیرەوە لە باکوری شام و عێراق، ئەم هەڵمەتە دروست لە دەوروبەری ساڵانی ١٧_١٨ ك/ ٦٣٨_٦٣٩ ز لە پاش کۆنترۆڵکردنی شام و میسر، دەستپێکردووە، سەرکردەی ئەم میحوەرەش "عیازی کوڕی غەنەمی ئەشعەری" بووە، بە بەشداری هەشت هەزار جەنگاوەریش ڕووی لە ناوچەکە کردووە (الواقدي، ١٩٨٩: ٢/ ٨٩). لەم پانتاییە فراوانەی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا شارە کوردنشینە سەرەکییەکان هەبوون، وەك: حەڕان، ڕوها، سەرێ کانی (رأس العين)، نسێبین، شەنگال (سنجار)، مێردین، ئامەد و موسڵ (الحموي، ١٩٩٥: ٢/ ١٣٤). کۆنترین دەق و زانیارییش دەربارەی جووەکانی نێو کورد کە لەبەردەستدابن لە دەمی هەڵمەتە ئیسلامییەکاندا لەم ناوچەیە تۆمارکراون، دووان لەو بەسەرهاتە مێژوییانەش بەم جۆرەی خوارەوەن:

_ لە میانەی هەڵمەتەکانی جزیرەدا "عیازی کوڕی غەنەم" ڕووی لە نێوچەیەکی جوونشین کردووە بە ناوی "بەیرەحا"، لەوێ لەسەر چواریەکی ڕێککەوتنی ناوچەی "دارا" لەگەڵیان پێکهاتووە. گرنگی ئەم ناوچەیەش لەوەدایە جووەکان بە پیرۆزیان زانیوە و قوربانییان بۆ هێناوە چونکە باوەڕیان وابووە یادگاری و شوێنەواری یەکێك لە پەیامبەرانی ئیسرائیلی تێدایە بەناوی "حەزقیای کوڕی تورخی کوڕی بازیا". فرمانڕەوای ئەم شارە بە ناوی "طرياطس" داوایکردووە لە موسوڵمانەکان ڕێگەی بدەن لە پۆستەکەی بەردەوامبێت تا مردن، لە بەرامبەریشدا گفتی داوە ئازادی بدات بەو کەسە جووانەی کە دەیانەوێت موسوڵمانبن و ڕێگەیان لێنەگرێت، فەرماندە موسوڵمانەکەش (عیازی کوڕی غەنەم) پێشنیار و داواکەی پەسەندکردووە، بەتایبەت ئەوکاتە هێرشی "دیاربەکر"ی بەدەستەوەبووە و ویستوویەتی پەیامی ئەم ڕێککەوتنەش بگات بەوان و ئەوانیش بە ڕێککەوتن ڕازی ببن بچنە ژێر ڕکێفییانەوە (بڕوانە: الواقدي، ١٩٩٧:٢/١٤٢).

**جوو تێکەڵەیەکن لە ئایین و نەتەوە و کۆیادەوەری کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز تێکچڕژاون و بەهۆی دابەشبوون و پەرتەوازەیی مێژوییانەوە سیما و تایبەتمەندی جیا جیان وەرگرتووە**

_ لە شاری ئامەد کە لەشکری ئیسلامی بینیویانە شورە و قەڵای شارەکە

سەختە، بەدەنگی بەرز تەکبیر (الله أكبر)یان کردووە، خەڵکەکەش کە مەزەندەیان کردووە لەشکرەکە زۆربن؛ ڕازیبوون بەوەی سەرانە بدەن و شارەکە ڕادەستبکەن (بڕوانە: الواقدي، ١٩٩٧: ٢/ ١٥١). بەپێی گێڕانەوەکان ئەوەی ئاسانکاری بۆ ڕێککەوتنی خەڵك و لەشکری هێرشبەری موسوڵمان کردووە لە ئامەددا، گفتوگۆی کەسایەتییەکی شارەزای جوو "زەیدی حالوك: مەلیا بن حنیتا" بووە لەگەڵ "عیازی کوڕی غەنەم". ئەم کەسایەتییە جووە؛ خۆی بە نەوەی پەیامبەر "دادود" داوەتە قەڵەم، گەورەی جووەکانی ئامەدیش بووە، پاش گفتوگۆ لەگەڵ "عیازی کوڕی غەنەم" قایلی کردووە لێبوردن بۆ شارەکە دەربکات، ئەوانیش هەندێکیان موسوڵمانبوون، هەندێکی تریان بڕیاریانداوە سەرانە بدەن، چەکەکانیان و نیوەی داراییەکەیان ڕادەستی لەشکری عەرەبە موسوڵمانەکان بکەن (بڕوانە: الواقدي، ١٩٩٧: ٢/ ١٥٢).

**مەڵبەندەکانی جووەکانی کوردستان لە سەردەمی ئیسلامیدا:**

_ حەدیاب و دۆڵی دوو ئاوان (میزۆپۆتامیا): گێڕانەوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا، جووەکانی کوردستان بە چڕی لە چیاکانی خەفتیان نیشتەجێبوون کە نزیکە لە هەولێر (الحموي، ١٩٨٨، ٢/ ٣٧٩)، هەروەها درێژ بوونەتەوە بۆ سنوورەکانی وڵاتی فارسیش (التطيلي،٢٠٠٢: ٣٢٥). هەندێك جێگەش لە ڕووی ئایینییەوە پێگەی تایبەتی لای ئەوان هەبووە لە چەشنی زاخۆ، لەم شارەشدا پەرستگایەکی جوو دروستکراوە (کەنیس) کە بۆ نوێژکردن و پەرستش ڕوویان تێکردووە و بە پیرۆزیان زانیوە (عبدالسلام، د.ت: ١٢).

لە هەولێردا کە مەڵبەندێکی دیاری جووەکان بووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی ٦ك/١٢ز ئاماژە بە کارو چالاکییان لەم شارەدا کراوە (التطيلي،٢٠٠٢: ٢٨٨)، لەم میانەیەشدا دەوروبەری ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز، لە هەولێردا کەسایەتییەکی جوو کە لە بنەماڵە خانەدانەکانی جوو بووە بە نێوی "عالی کوڕی زەخەریا"، کراوەتە گەورە و سەرداری جووەکان (رأس الجالوت). لە هەواڵی دامەزراندنیشیدا هاتووە پاش ئەوەی گەورەی دادوەران (قاضي القضاة) دایمەزراندووە، جلوبەرگی تایبەت بە پۆستەکەی پۆشیووە و لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکەی چووەتە دەرەوە (ابن الفوطي، د.ت: ١٩٤)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هەبوونی چەند جوویەکی دیار و خاوەن پێگە لە هەولێر و هەبوونی ڕەوندێك لە شارەکە.

گەڕیدەی جوو "بنیامین تەتیلی" کە لە سەدەی ٦ك/١٢ز سەردانی ناوچە کوردییەکانی کردووە، تەنیا لە شاری

ئامێدی ژمارەی جووەکانی بە نزیکەی ٢٥ هەزار کەس خەمڵاندووە، دەشێت ئەمە زیادەڕەوییەکی ئاشکرا بێت بۆ شارێکی بچووکی ئەو سەردەمە، بەڵام سەرەنجام ئاماژەیە لەسەر زۆری ژمارەیان لەم شارە شاخاوییە کوردییە.

هەواڵە مێژوییەکانی سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بەوە دەکەن جووەکانی کوردستان لەو قۆناغەدا زیاتر لە ناوچەی بادینانی ئێستادا بوون، لەگەڵ دەوروبەری موسڵ، لەم ناوچانەش گوند و کۆمەڵگای تایبەت بەخۆیان هەبووە (بڕوانە: العباسي، ١٩٦٩: ٢٠٩). هەر لەم ناوچەیەشدا جێگای پیرۆزی جوو بوونەتە جێگەی ڕاز و نیاز، هەندێك لەوانەش مەزار و ئارامگای پێغەمبەرانی "بەنی ئیسرائیل"ن، لە کتێبی پیرۆزی جووەکانیشدا (تەورات) ناویان هاتووە، دیارترین ئەوانەش پەیامبەر "ناحوم"ە لە ئەلقوش. بەپێی زانیارییە بەردەستەکان، ئەم پەیامبەرە لە سەردەمی بتپەرستیدا دەرکەوتووە و لە سەدەی حەوتەمی پ.ز لە دەشتی نەینەوا ئەسپەردە کراوە و شوێنی ژیان و بانگەوازکردنی دەوروبەری موسڵ و ناوچەکانی بادینانی ئێستا بووە (بڕوانە: البعلبكي، ١٩٩٢: ٤٥١؛ كورية،١٩٩٨: ٦٢_٦٤).

جووەکان جگە لەڕێزگرتن لە ئارامگای پەیامبەر یونس لە موسڵ، ئارامگای گریمانکراوی پەیامبەر "دانیال"یشیان لا پیرۆزە لە قەڵای کەرکوك، کە پەیامبەرێکی گەورەیە لە کولتووری جووەکان و لە سەردەمی ڕاگوێزانی بابلیدا (سەدەی ٦ پ.ز) لە تاراوگە لە نێو جووەکانی ڕۆژهەڵات ژیاوە و مردووە (: البعلبكي، ١٩٩٢: ١٨٥). ئەم پەیامبەرەی "بەنی ئیسرائیل" جگە لە کەرکوك لە شاری شوش (سوسة)ی ئێرانیش مەزارگەی هەیە و باوەڕ وایە لە ڕاستیدا لەوێ ئەسپەردە کرابێت (König, E. ١٩٠٦).

**_ شارەکانی جزیرە:**

زۆربەی هەرە زۆری جووەکانی جزیرەی سەردەمی ئیسلامی لە شاری "نسێبین"دا چڕ بوونەتەوە. ئەم شارەش پەناگەی جووەکانی میزۆپۆتامیا بووە لە کاتەکانی تەنگی و نارەحەتیدا، هەر لەوێشدا باربووی جووەکان و کۆمەکە کۆکراوەکانیان بۆ بنیاتنانی پەرستگای ئۆرشەلیم (هەیکەل سلێمان) هەڵگیراوە، بەم هۆیەشەوە "نسێبین" لە نێو جووەکانی فەلەستینیشدا ناسراو بووە. هەر لەوێدا فێرگەیەك و پەرستگایەکی سەرەکی و دیار لە نێوەڕاستی "نسێبین"دا هەبوو (سیغال، ١٩٨٨: ٥٣) و لە گەشتەکەی "تەتیلی" دا (٢٠٠٢: ٢٥٨) ژمارەی جووەکانی شارەکە بە دوو هەزار کەس خەمڵێنراون (سەدەی ٦ك/١٢ز) (التطيلي،٢٠٠٢: ٢٨٥).

هەواڵە مێژوییەکان ئاماژە بەوەش دەکەن، "عیمادەدین زەنکی"، فرمانڕەوای موسڵ

لە ساڵی ٥٣٩ك/ ١١٤٤ز دا، دەوروبەری سێسەد خێزانی جووی لە شاری "ڕوها" نیشتەجێکردووە. هۆکارێکی ڕوون لەبەردەستدا نییە بۆ ئەم هەنگاوە، بەڵام ئەگەر بزانرێت زەنکی لەو کاتەدا سەرقاڵی شەڕی خاچییەکان بووە لەو ناوچەیە، دەشێت لە چوارچێوەی ململانێ لەگەڵ مەسیحییەکان، جووەکانی بردبێتە ئەوێ بۆ ئەوەی ببنە ناوبڕ لە نێوان هەردوولا.
دەربارەی شارەکانی دیکەی جزیرە ئەوە هاتووە کە لە شاری سەرێ کانێ (رأس العين) لە ڕۆژئاوای کوردستانی ئێستا دەوروبەری ٢٠٠ جوو ژیاون (التطيلي،٢٠٠٢: ٢٨٥)، لە مێردینیش ڕەوەندی جوو هەبوون و لە نامە نێوخۆییەکانی پەیڕەوانی ئەم ئایینەدا ئاماژەیان پێکراوە (الدوسكي،٢٠١٢: ٢٠)، بەڵام لەوان زیاتر جووەکان لە شاری میافارقین کۆبوونەتەوە، لەمەیاندا "گەڕەکی جووەکان" و پەرستگا (کەنیس)ی تایبەت بەخۆیان هەبووە (الفارقي،١٩٥٩: ١٦٥)، بەڵام هێشتا ڕەنگە ئەوەندەی "موسڵ" جووی تێدا نیشتەجێ نەبووبێت، چونکە لەوێدا ناوبانگی چەند کەسێکی نێودار و شارەزایان ڕۆشتووە (التطيلي،٢٠٠٢: ٢٩١)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕەوەندێکی گەورەبوون.

**_ شارەکانی هەرێمی چیا:**

زانیارییە مێژوییە بەردەستەکان ئەوە دەردەخەن کە بە شێوەیەکی گشتی جووەکانی هەرێمی چیای کوردنشین ژمارە و ڕێژەیان لە مەسیحییەکان زۆرتر بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا (المقدسي،د.ت: ٣٩٤)، بۆ نموونە لە شارێکی وەك نەهاوەند باس لەوە دەکرێت ژمارەیان چوار هەزار کەس بووە (التطيلي،٢٠٠٢: ٣٢٥)، لە ورمێ دوو پەرستگایان لە سەدەی ٤ك/١٠ز دا بەناوەکانی "ئەلفەتح" و "ئەلعیز" تۆمارکراوە (أبي دلف،٢٠١٢: ١١٥). باوەڕێکیش هەیە "جالوت" کە پاڵەوانێکی فەلەستینی دەسەڵاتدار بووە لە "ورمێ" بە دەستی جووەکان کوژرابێت (البعلبكي،١٩٩٢: ١٥٦). لە شاری "حەلوان"ی کلکەی هەرێمی چیاش "ڕێگای جووەکان" هەبووە، ژمارەشیان بە سێسەد کەس خەمڵێنراوە، لە دەرەوەی شارەکەش پەرستگایەکیان هەبووە لە گەچ و بەرد بنیاتنراوە و بەلایانەوە پیرۆز بووە (المقدسي،د.ت: ١٢٣، ٣٨٨؛ التطيلي،٢٠٠٢: ٣٤٧).

**کوردستان یەکێك بووە لە حەوت مەڵبەندە سەرەکییەکانی جوو لە دەرەوەی میرنشینەکانی "ئیسرائیل" و "یەهوذا" لە فەلەستینی مێژوویی**

"بنیامین تەتیلی" بانگەشەی ئەوە دەکات لە هەمەدان ژمارەی پەیڕەوانی ئایینی جوو

پەنجا هەزار کەس بووە، ئەمانە جگە لە پەرستگا (کەنیس)، گۆڕ و مەزارگەی پیرۆزیشیان هەبووە (التطیلي،٢٠٠٢: ٣٣٠_٣٣١)، بەڵام هەمدیس لەمەشدا زیادەڕۆیی هەیە و ئەو ژمارەیە بۆ هەمەدان لە سەدەی ٦ك/١٢ز زۆر زۆرە.
هەر لە نزیك هەرێمی چیادا گەڕیدەیەك باس لەوە دەكات (سەدەی ٤ك/١٠ز) خەڵكی شاری "دُزدان"ی شارەزوور، باوەڕیان وابووە، ئەوان لەلایەن پەیامبەرانی جوو "داود" و "سلێمان"ەوە، نزای خێریان بۆ كراوە، لەوێشدا "بەنی ئیسرائیل" سەركەوتوون، ئەوانەشی بەسەر شارەكەدا زاڵبوون و بانگەشەی ئەوەیانكردووە نەوەی "طالوت"ی پادشای نێوداری جوون (أبی دلف،٢٠١٢: ١٢٦).

### ڕەوشی جووەکان لە نێو کوردە موسوڵمانەکاندا

میراتی کولتووریی جووە کوردەکان لە سەردەمی ئیسلامیدا زۆر هەژارە. ئەو توێژەرانەشی لەم بوارەدا کنەو پشکنینیان کردووە، شتێکی ئەوتۆیان دەستنکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ڕوون و بەردەستە ئەوەیە کە جووە کوردەکان باشترین دەرفەت و زەمینەی بە مەسیحیکردن بوون و زۆریان لە ڕێگای موژدەدەرەکانەوە چوونەتە سەر ئەم ئایینە ڕکابەرە (بڕوانە: بروار و باتاي،٢٠٠٩: ٦٠؛ سیغال،١٩٩٨: ٥٥)، دەشێت لەمەشدا زمان ڕۆڵی سەرەکی هەبێت چونکە مەسیحییەکانی ناوچە کوردییەکان، سەرباری جیاوازی تایفەکانیان بەهەمان زمانی ئارامی ئاخاوتنیان کردووە کە زمانی جووە کوردەکان بووە (نیکیتین،٢٠٠٧: ٣٧١)، ئەمەش پەیوەندیکردنی نێوانیانی ئاسانترکردووە و جووەکانی کوردستانی بەرەو پووکانەوە بردووە، بەڵام کۆچ و ڕەوی جووی ناوچەکانی دیکە بۆ ناوچە کوردییەکان نەیهێشتووە بە تەواوی کۆتاییان بێت و هەر وەکو پێکهاتەیەك ماونەتەوە (بروار وباتاي،٢٠٠٩: ٦٦).

**هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەكەن جووەكانی كوردستان زیاتر دەچنەوە سەر پەیامبەر بنیامین كە كوڕی پەیامبەر یەعقوبە، كتێبی پیرۆزی خۆشیان بە زمانی كوردی هەبووە**

لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکان و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عەباسیدا، جووەکان لە ڕێگای سەرانەوە پارێزگارییان لە کۆمەڵگای خۆیان کردووە، سەرانەی هەر جوویەکیش لە سایەی دەوڵەتی عەباسیدا دینارێکی زێڕ بووە بۆ ساڵێك (التطیلي، ٢٠٠٢: ٣٢٥)، لە ناوچە کوردییەکانیشدا وەك جێگەکانی دی ڕێگەیان پێدراوە بگەڕێنەوە سەر شەریعەتی خۆیان بۆ کاروباری تایبەت (ابن

الفوطي،د.ت: ١٩٤)، هەروەها بە کۆمەڵ سەردانی گۆڕە پیرۆزەکانی خۆیانیان کردووە (زاکن،٢٠١١: ٣٩)، بەهۆی ئەوەشی لە نێو چوارچێوەیەکی سوننیدا بوون برێك چانسیان لە جووەکانی نێو کۆمەڵگای شیعییەکانی عێراق و وڵاتی فارس باشتر بووە بۆ مانەوە، چونکە لە فیقهی شیعی زاڵ و باودا، بەرکەوتنی جەستەیی لە نێوان موسوڵمان و نا موسوڵماندا حەرامە و ڕێگەپێدراو نییە لەوانەش هاوسەرگیری، بەڵام لە ئایینزای سوننەدا خواردنی دەستی جووەکان و هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ژنەکانیان دروستە بەو پێیەی ئەهلی کیتابن (بڕوانە: مرکز الأبحاث العقائدية، ١٤٤٤؛ ابن الجوزي، ٢٠٠١: ٩٧؛ زاکن،٢٠١١: ٢٧)، ئەمانەش وایکردووە ڕۆژهەڵاتناسێکی وەك "نیکیتین" (٢٠٠٧:٢٠٠٧) بڵێت: کوردەکان بە گشتی لەگەڵ جووەکاندا لێبوردە بوون.

*توێژەر و مامۆستا لە ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ـ زانکۆی سلێمانی.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە بنەڕەتییەکان:

البخ، إسحاق بن يعقوب (توفي ٤٩٨هـ/١١٠٥م). التلمود البابلي. tractate Kiddushin ٦٨b. القدس: دار المشكاة.

التطيلي، الرابي بنيامين بن الرابي يونة (ت. ٥٦٩هـ/١١٧٤م) (٢٠٠٢). رحلة بنيامين التطيلي. ترجمة عزرا حداد. أبوظبي: المجمع الثقافي.

الحموي، ياقوت بن عبد الله (ت. ٦٢٦هـ/١٢٢٨م) (١٩٩٧). معجم البلدان. بيروت: دار صادر.

أبي دلف، بن مسعر مهلهل الخزرجي (٣٤٠-٣٤١هـ/٩٥١-٩٥٢م) (٢٠١٢). أبو دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي ورحلته إلى كردستان في الرسالة الثانية خلال السنتين (٣٤٠-٣٤١هـ/٩٥١-٩٥٢م): دراسة تحليلية مع نص الرسالة المحققة. السليمانية: مؤسسة ژين.

الشهرستاني، محمد بن عبد الكريم (ت. ٥٤٨هـ/١١٥٣م) (١٩٩٢). الملل والنحل. تحقيق أحمد فهمي محمد. بيروت: دار الكتب العلمية، الطبعة الثالثة.

الفارقي، أحمد بن يوسف (ت. ٥٧٢هـ/١١٧٦م) (١٩٥٩). تاريخ الفارقي. تحقيق بدوي عبد اللطيف عوض. القاهرة: الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية.

ابن الفوطي، عبد الرزاق بن أحمد (ت. ٧٢٣هـ/١٣٢٣م) (د.ت). الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المئة السابعة. تحقيق مهدي النجم. بيروت: دار الكتب العلمية.

المقدسي، شمس الدين محمد (ت٣٧٨هـ/٩٨٨م) (د.ت). أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم بيروت: دار صادر.

الواقدي، محمد بن عمر بن واقد (ت. ٢٠٧هـ/٨٢٣م) (١٩٩٧). فتوح الشام. ضبطه وصححه عبد اللطيف عبد الرحمن. بيروت: دار الكتب العلمية.

أبو يوسف، يعقوب بن إبراهيم (ت. ١٨٢هـ/٧٩٨م) (د.ت). الخراج. تحقيق طه عبد الرؤوف وسعاد حسن. القاهرة: المكتبة الأزهرية للتراث.

**سەرچاوە نوێیەکان:**

أبونا، ألبير (١٩٨٥). تاريخ الكنيسة الشرقية من انتشار المسيحية حتى مجيء الإسلام. بغداد: د.ن.

البعلبكي، منير (١٩٩٢). معجم أعلام المورد. بيروت: دار العلم للملايين.

سوسة، أحمد (٢٠٠١). ملامح من التاريخ القديم ليهود العراق. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

العباسي، محمد محفوظ (١٩٦٩). إمارة بهدينان العباسية. الموصل: مطبعة الجمهورية.

غنيمة، يوسف رزق الله (١٣٧٠هـ/١٩٥٠م). نزهة المشتاق في تاريخ يهود العراق. بغداد: مطبعة الفرات.

كورية، يعقوب يوسف (١٩٩٨). يهود العراق، تاريخهم أحوالهم هجرتهم. عمان: منشورات الأهلية.

المسكين، متى (١٩٩٧). تاريخ إسرائيل من واقع نصوص التوراة والأسفار وكتب ما بين العهدين. وادي النطرون: د.ن.

اليوزبكي، توفيق سلطان (١٩٨٣). تاريخ أهل الذمة في العراق (١٢-٢٤٧هـ). السعودية: دار العلوم.

**سەرچاوە بيانييە وەرگێڕدراوەکان:**

إتينجر، صموئيل (١٩٩٥). اليهود في البلدان الإسلامية ١٨٥٠–١٩٥٠م. ترجمة جمال أحمد الرفاعي. الكويت: عالم المعرفة.

بروار و باتاي، أريك بروار ورافائيل باتاي (٢٠٠٩). يهود كردستان. ترجمة شاخوان كركوكي. ط٢. أربيل: دار ئاراس.

التطيلي، الرابي بنيامين (ت. ٥٦٩هـ/١١٧٤م) (٢٠٠٢). رحلة بنيامين التطيلي. ترجمة عزرا حداد. أبوظبي: المجمع الثقافي.

زاكن، مردخاي (٢٠١١). يهود كردستان ورؤساؤهم القبليون. ترجمة سعاد محمد خضر. السليمانية: مؤسسة ذين.

سيغال، ج. ب. (١٩٨٨). الرها المدينة المباركة. ترجمة يوسف إبراهيم جبرا. حلب: دار الرها.

عبدالسلام، غادة حمدي (د.ت). اليهود في العراق. القاهرة: مكتبة المدبولي.

نيكيتين، باسيلي (٢٠٠٧). الكرد: دراسة سوسيولوجية وتاريخية. ترجمة نوري طالباني. ط٢. السليمانية: مؤسسة حمدي.

توێژینەوە زانکۆییەکان:

الدوسكي، بشار صالح سعدون (٢٠١٢). أهل الذمة في بلاد الكرد (٤٤٧–٦٥٦هـ/١٠٥٥–١٢٥٨م). رسالة ماجستير، قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة زاخو.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

Gottheil, R. & König, E. (١٩٠٦). "Daniel, Tomb of". The Jewish Encyclopedia. [Online] Available at: https://www.jewishencyclopedia.com/articles/٤٨٧٢-daniel-tomb-of [Accessed ٣ Jun. ٢٠٢٥].

Judaism. (١٩٠٦). Jewish Encyclopedia [Online] Available at: https://www.jewishencyclopedia.com/articles/٨٩٣٨-judaism [Accessed ٣ Jun. ٢٠٢٥].

Jewish Virtual Library. (n.d.). Kurdistan. Retrieved from https://www.jewishvirtuallibrary.org/kurdistan

My Jewish Learning (n.d.). What is Judaism? [Online] Available at: https://www.myjewishlearning.com/article/what-is-judaism/ [Accessed ٣ Jun. ٢٠٢٥].

Stillman, N. (١٩٧٩). The Jews of Arab Lands: A History and Source Book. Philadelphia: Jewish Publication Society.

Wasserstein, D. (٢٠١٢). How Islam Saved the Jews. Kavvanah. [Online] Available at: https://MVmF/٢h.ae/ [Accessed ٣ Jun. ٢٠٢٥].

محاميد، حاتم (٢٠٢٣). "الفكر الاستشراقي في مدوّنات المؤرّخين اليهود: حول العلاقات اليهوديّة بالحُكم الإسلامي". دراسات استشراقية، (٣٤)، ربيع ٢٠٢٣.


مركز الأبحاث العقائدية (١٤٤٤هـ). الزواج بالكتابية. [متاح على الرابط]: https://aqaed.net/faq/٥١٤١/ [تم الدخول: ٣ حزيران ٢٠٢٥].

ڕانانی کتێب

ئایینناسی

# ئایینزای ئەشعەری لە ناو کورددا

ڕانانی: ئلیاس تاهیر




ئەم پەرتوکە لە نووسینی د. یاسین تەها پسپۆری مێژوو، خاوەن خامەیەکی کارا و بەپێزە و چەندین ساڵە وەك ڕۆژنامەنووس و توێژەرێکی ئەکادیمی دەنووسێت و چەندین بەرهەمی بەرچاوی هەیە.

پەرتوکەکە لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرای نووسەرە، ناوەرۆکەکەی دابەش کراوە بۆ چوار بەشی سەرەکی، کە نووسەر بە گشتی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بۆ ئاڕاستە ئایینی و مەزهەبییەکانی نێو کورد کردووە، بەتایبەت ئایینزای ئەشعەری و پەیوەندی و کاریگەری لەسەر بیر و هزری تاکی کورد و بڵاوبوونەوەی ئایین لە کوردستان، هەروەك چۆن جیاوازی ناکۆکی ئەم ئایینزایەی لەگەڵ ئاڕاستە و مەزهەبەکانی تردا ڕوون کردووەتەوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم پەرتوکەدا باسی ئاراستە ئایینی و مەزهەبییەکانی نێو کورد کراوە بەسێ باسی سەرەکی، لە باسی یەکەمدا ڕوونکردنەوەی پێویست کراوە بۆ ئیسلام و خەواریج و شیعە. باسی یەکەم تایبەتە بە ئایینی ئیسلام، نووسەر بۆ بڵاوبونەوەی سەرەتایی ئایینی ئیسلام لە کوردستان، سێ ئاماژەی مێژووی هەڵبژاردووە، یەکەمیان ئاماژە بە هاوەڵی کوردی (جابان) دەکات لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا گەیشتووەتە شاری مەدینە و باوەڕی هێناوە و پاشان لە ڕێگەی ئەم هاوەڵەوەئایینی ئیسلام گەیشتووەتە کوردستان، بەڵام ئەم ئاماژەیە ناتوانێت بەڵگەی بەهێز و تەواو بێت بۆ موسڵمان بوونی نەتەوەیەک.

ئاماژەی دووەم بریتییە لە کاتی دەستپێکردنی لەشکرکێشی موسڵمانان بۆ کوردستان و ناوچەکەلە سەردەمی خەلیفەی ڕاشدی (عومەری کوڕی خەتاب)، لەم بارەیەشەوە ئاماژە بەردەستە و وەک سەرەتایەک بۆ بڵاوبونەی ئایینی ئیسلام سەیر دەکرێت.

ئاماژەی سێهەم ئەوە دەردەخات کە ئایینی ئیسلام و بڵاوبونەوەی دەکەوێتە دوای لەشکرکێشی موسڵمانان بۆ ئەم ناوچانە و پاشان وردە وردە ئەم ئایینە لەم ناوچانە تەشەنەی کردووە و هاوکاتیشە لەگەڵ کاتی سەرهەڵدانی مەزهەب و ڕێچکە جیاوازەکانی فیقهیدا.

پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچە کوردنشینەکان هەندێک بزووتنەوە و مەزهەبی جیاواز سەریانهەڵدا و دەرکەوتن کە یەکێک لەم بزووتنەوە دیارانە خەواریج بوون وەک گرووپی بەرهەڵستکاران لە ئیسلام سەریانهەڵدا لە ئەنجامی جەنگی (صفین) لەنێوان بەرەی خەلیفەی ڕاشیدن (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) و (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) دیارترین بیر و ڕای خەواریج کە جیاکەرەوەی سەرەکییەتی لە ڕەوت و مەزهەبەکانی تر بریتییە لە تەکفیرکردنی خەڵک لەسەر ئەنجامدانی ئەو شتانەی حەرامن، یان تاوانن، هاوڕایی لەسەر ئەوەی کە تاوانی گەورە کوفرە و بەردەوام بوون لەسەر تاوانی بچوک لە ئیسلام دەرچوونە، هەروەک چۆن هاوڕابوون لەسەر ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتداری ستەمکار، چونکە بە لای ئەوانەوە کافربوون. خەواریج و موعتەزیلەکان لە بیروباوەڕ زۆر لێک نزیکن و هەندێک بە موعتیزیلەکانیان وتووە بەشێکی شلگیری خەواریج، چونکە ئەمان پێیان وا بووە ئەنجامدەری تاوانی گەورە کافر نییە و شەڕی لەگەڵدا ناکرێت، بەڵام هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەمێننەوە.

سەبارەت بە گەیشتن و بڵاوبوونەوەی هزری خەواریج لە کوردستان، گێڕانەوە مێژوویەکان ئەوە دەردەخەن کە لە ڕێگەی ئاوارەییەوە بووە پاش ئەوەی (٥٠٠) چەکداریان لە جەنگ بەرامبەر خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب تێکشکاون

و هاتوونەتە ناوچەی شارەزوور لە ساڵی (٦٥٨) زایینی و پاش مانەوەیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم بیروباوەڕەیان بڵاوکردووەتەوە.

هەروەها لە هەرێمی جزیزەی دراوسێی شام بنکەی بەهێزیان هەبووە لە هەرێمی چیا و ئەزەربایجانیش کوردەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم بیروباوەڕە و بڵاوەی کردووە. لە بەرامبەر خەواریجەکان لە کوردستان بیروباوەڕێکی تر بڵاوەی کردووە کە دژی تێڕوانین و بیرکردنەوەی خەواریجەکانە، ئەویش مەزهەبی شیعەیە کە بە مانای هەوادار، یان لایەنگر دێت و ئاماژەیە بۆ لایەنگری خەلیفەعەلی کوڕی ئەبوتاڵیب و پێیان وایە کە پاش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئیمامی عەلی خەلیفەی شەرعیە و لە پاش ئەویش نەوەکانی کە لە (فاتیمە)ن هاوسەری ئیمام و کچی پێغەمبەر (د.خ).

سەبارەت بە سەرهەڵدانی هزری شیعە هەندێك پێیان وایە لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەردا (د.خ) دەرکەوتووە و سەری هەڵداوە، بەڵام دەکرێ سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی شیعە بگەڕێتەوە بۆ جەنگی (صفین) کە تێیدا حوسێن کوری عەلی خۆی و بنەماڵەکەی تێدا شەهیدبوون لە ساڵی (١٠) زایینی و لەپاش ئەم ڕوداوە ئیتر چالاکی ئەم گرووپە بە ڕونی دیارە.

شیعەکان وەك بزووتنەوەیەکی فیکری لە ئیسلامدا لە بیر و باوەڕیاندا گرنگی تەواو دەدەن بە تیۆری ئیمامە و پەیوەندی و پەیوەستبوونی ڕۆحی و سیاسی وەك بنەمایەکی چەسپاوە و هەوڵیان داوە کە ئەوان وەك ئایینزایەکی تایبەت دەربکەون.

سەبارەت بە پەیوەندی مەزهەبی شیعە و کورد لە سەرەتا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە پەیوەندییەکی بەهێز نییە و شیعەکان بەگشتی هەندیك بیرو باوەڕی خراپیان سەبارەت بە کورد هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بە هۆکاری جوگرافی و دراوسێبوونی ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ ناوچەکانی دەسەڵاتی شیعە بیروباوەڕی شیعە لەچەند لایەکەوە هاتۆتە ناو کوردستان و لە قۆناغەکانی مێژوو ئێستاشدا بە شێکی کەمی میلەتی کورد هەڵگری بیروباوەڕی مەزهەبی شیعەن و لە پەیڕەوانی ئەم مەزهەبەن.

لە باسی دووەمدا نووسەر شیکردنەوەی بۆ مەزهەبە سونییەکان کردووە کە هەرچەندە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) هیچ ڕێچکە و مەزهەبێک نەبووە، تەنیا هاوەڵان و موسڵمانان ئازاد بوون بە پشتبەستن بە قورئان و فەرموودە ئیجتیهاد بکەن بۆ هەڵجێنانی حوکمی شەرعی و ڕێگریان لێ نەکراوە و بەڵکو جێگای سوپاس و دەستخۆشی بوە، بەڵام لە قۆناغی دواتر و پاش نەمانی هاوەڵان و دەستپێکردنی سەردەمی شوێنکەوتوان هەندێک مەزهەب و ڕێچکەی سەربەخۆ دروست بوون بە هۆکاری شوێنکەوتن و پەیرەوکردنی تێگەیشتن و لێکدانەوەی زانایەك بو ئایینی ئیسلام و بنەماکانی

لەلایەن خەڵکانێکی زۆر ئەم مەزهەب و ڕێچکانە گەڵاڵەبوون.

ئەگەر بە قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامیدا بگەڕێینەوە دەیان جۆر ڕێچکە و مەزهەبی جیاواز دەبینین کە دواتر و وردە وردە هەندێکیان بچوک بوونەوە و نەمان و هەندێکی تریان گەورە و بەهێز و گشتیگر بوون کە بریتین لە چوار مەزهەبەکە (حەنەفی، مالیکی، شافعی، حەنبەلی)

بنەمای فیکری مەزهەبی حەنەفی بریتییە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی زانای بەناوبانگ نوعمانی کوڕی سابت کە لە بنەڕەتدا خەڵکی کابوڵ لە ئەفغانستانە، بەڵام بنەماڵەکەیان لە عێراق ژیاون و باوکی هاوەڵی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب بووە بیر و بۆچوونەکانی لە چوارچێوەیەکدا کۆکردووەتەوە کە ناسراوە بە مەزهەبی حەنەفی و پشت دەبەستێت بە سەرچاوەکان (قورئان، فەرموودە، قیاس، کۆڕە، دابوونەریت).

هەرچەندە پەیڕەوانی ئەم مەزهەبە لە ناوچە کوردنشینەکان لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا بەکەمی دەرکەوتون، بەڵام لە هەندێک بەشی کوردستان وەک جەزیرە و شەنگال و هەولێر پەیڕەوانی ئەم مەزهەبە هەبوون و قوتابخانە و حوجرەشیان هەبوە و هەموو باس و لێکدانەوەکانی ئەم مەزهەبە بۆ میلەتی کورد ئاشنایە و هیچ گرفتێکی نییە بۆ جێبەجێکردن و ڕێگریشی لێ ناکرێت.

مەزهەبی دووەم مالیکییە کە دەگەڕێتەوە بۆ زانای گەورە مالیکی کوڕی ئەنەس، خەڵکی شاری مەدینە و زیاتر گرنگی دەدات بە دەق و ئاکاری خەڵکی شاری مەدینە و هەندێک پەیوەستبوونی بە حیجازیشەوە هەیە، بەڵام دەرکەوتنی زیاتری ئەم مەزهەبە دەگەڕێتەوە بۆ پەرتوکی (الموطأ) کە زۆر بەناوبانگە و لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا گرنگی پێ دەدرێت و لە حوجرە و قوتابخانە شەرعیەکان وەک مەنهەج دەخوێندرێت.

دەرکەوتنی ئەم مەزهەبە لە کوردستان لاوازە و لە لاپەڕەکانی مێژوودا چەند نموونەیەکی کەم بەرچاو دەکەون کە زانایەک، یان دادوەرێک، یاخود قوتابخانەیەکی بچووک هەبووە کە ئایینزای مەزهەبی مالیکی تێدا خوێندراوە، کە هیچ کام لەمانە بەردەوامی نەبووە و بڵاوەی نەکردوە، هەر بۆیە لە ناوچە کوردنشینەکانی مێژوودا و لە کوردستاندا پەیڕەوانی ئەم مەزهەبە زۆر کەمن و هیچ ناوچەیەکی دیاریکراویان نییە.

هەرچی سەبارەت بە مەزهەبی شافیعیە کە دەبێتە سێهەم مەزهەبی سوننە لە ڕووی سەرهەڵدانەوە دەگەڕێتەوە بۆ زانای گەورە (محەممەدی کوڕی ئیدریس شافیعی) کە باپیری هاوەڵی پێغەمبەر بوە (د.خ) لە شاری غەزە لە دایک بوەو لە شاری مەکە پێگەیشتووە.

مەزهەبی شافیعی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بڵاوبوونەوەیەکی گەورەی بە خۆوە بینی و ڕەزامەندی زۆرێک لە

گەلانی ئیسلامی وەرگرت و پەیڕەوانی لە هەموو ناوچەکان دەرکەوتن و زوو تەشەنەی سەند، بە تایبەت لە شاری بەغداد لە ساڵی (٤٨٥ ک /١٠٩٢ز) بەناوبانگترین قوتابخانەی تایبەت بە مەزهەبی شافیعی دامەزرا کە بووە هۆی پەرەسەندنی ئەم مەزهەبە لە تەواوی عێراق و کوردستانیش،هەر لەم قوتابخانەیە زۆرێک لە فێرخوازانی ئایینی ئیسلام پەروەردەکران کە لە شارەکانی هەولێر و ئامێدی و ناوچەکانی تری کوردستان هاتوونەتە ئەم قوتابخانەیەو پاشان گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان و بەم هۆکارەش ئەم مەزهەبە بە تەواوەتی بڵاوەی کردووە و جێگەی خۆی کردووەتەوە، هەر بۆیە مەزهەبی شافیعی تا ئێستاش گەورەترین مەزهەبی ئەم ناوچانەیە و زۆرینەی ڕەهای خەڵکی شوێنکەوتووی ئەم مەزهەبەن.

سەبارەت بە مەزهەبی چوارەم کە حەنبەلییە دەگەڕێتەوە بۆ بیر و بۆچوونەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و مەزهەبەکەی بە شێوەیەکی گشتی دوورە لە ڕاو بۆچوون و زیاتر لە دەوری دەق و فەرموودە و وتەی هاوەڵان چەقی بەستووە و تەنیا لە کاتی ناچاریدا پەنا بۆ قیاس دەبات.

ئەم مەزهەبە وەک هەردوو مەزهەبی مالیکی و حەنەفی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەتایبەت و کوردستان و عێراقیش زۆر تەشەنەی نەکردوو لە چوارچێوەی تاک دەرنەچووە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێگە بە ئیجتیهاد نادات و تەنیا دەق و فەرموودە بە سەرچاوە وەردەگرێت ئەوەی جێگای سەرنجە میللەتی کورد پەیوەندی لەگەڵ ئایینی ئیسلام بە تەنیا مەزهەبێکەوە نەبەستوە و موسڵمان بوون مەرجی سەرەکییە و دواتر هیچ کێشە و گرفت و دژایەتیەك لە نێوان مەزهەبەکاندا نییە.

**نووسەر بە گشتی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بۆ ئاراستە ئایینی و مەزهەبییەکانی نێو کورد کردووە، بەتایبەت ئایینزای ئەشعەری و پەیوەندی و کاریگەری لەسەر بیر و هزری تاکی کورد**

نووسەر باسی سێهەمی ئەم پەرتوکەی تەرخان کردووە بۆ ڕەوتی سۆفیگەری بە چەمك و سەرهەڵدان و قۆناغەکانیەوە، سەبارەت بە چەمکی سۆفیگەری ئەستەمە بتوانرێت یەک پێناسەی گشتگیری بۆ بکرێت چونکە گەورەترین تەوژمی ڕۆحییە لەناو سەرجەم ئایینەکاندا بە گشتی. بۆ ماناکەشی لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە کە ئایا لە شوێنکەوتوانی ئەهلی سوفەوە هاتوە یاخود کەسانێکن بوون کە سوفیان پۆشیوە وەک خۆبەکەم زانین...هتد، بەڵام پەیڕەوانی

سۆفیگەری سورن لەسەر ئەوەی کە ڕێبازەکەیان بە ئەوە بناسێنن کە بریتییە لە زانستی چاکسازیکردن لە دڵ و هۆکاری پاکردنەوەی زمانە. سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە دەگەڕێتەوە بۆ پاش پێغەمبەری خودا کە کەسانێک پەیدا بوون پێیان وابوو دەبێت پەرستشی زۆر بکرێت و بە کەم ڕازی بیت و پشت بکەیتە دونیا و زۆر بگریت و کەم پێبکەنیت، کە هەموو ئەمانەش لە دەوروبەری ترسان لە خودا دەسووڕێتەوە.

کۆنترین ئاماژە لەبارەی گەیشتنی سۆفیگەری بە ناودارانی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٣ ک/٩ ز) و پاشان لەم خەڵکانەوە بۆ گشت ناوچەکان و خەڵکانی تری ئاسایی، هۆکاری سەرەکی زوو بڵاوبوونەوە و تەشانەکردنی ڕەوتی سۆفیگەری بریتی بوە لە پەیوەندی بەهێزی مەزهەبی شافیعی لەگەڵ ئەم ڕەوتەو حوجرە و مەدرەسەی شافیعیەکان بووەتە ڕێگای بڵاوبوونەوەی ڕەوتی سۆفیگەری و زۆرێك لە شێخەکانی تەریقەی سۆفی و خانەقاکانیان هەر مزگەوت بوەو شێخەکانیش وتاربێژ و پێشنوێژ، هەر لەبەر ئەمەیە لە کوردستاندا ڕەوتی سۆفیگەری شانبەشانی مەزهەبی شافیعی بوونی هەیە.

بەشی دووەمی ئەم پەرتوکەش تەرخان کراوە بۆ ئایینزای ئەشعەری، دامەزراندن و گەشەکردن و پەرەسەندن و گرنگترین بیرو بۆچون و بنەماکان و هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینزایەی تێدا ڕون کراوەتەوە.

ئەشعەرییەکان گرووپێکی ئیسلامی کەلامی و ئایینزایەکی عەقیدەیی سوننەن کە گرنگی بە سەلماندنی بوونی خودا و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیفەتەکانی دەدەن، لەگەڵ ئەو بابەتانەی بە خودانسی و عەقیدەوە پەیوەستن، ناوەکەشی دەدرێتە پاڵ دامەزرێنەرەکەی کە ناوی (عەلی کوری سالم کوڕی ئیسماعیلە) بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر هاوەڵ ئەبو موسی ئەشعەری، خەڵکی شاری بەسرەیە و سەرەتا لەم شارە ژیاوە و پاشان ڕوی لە بەغداد کردووە.

ئەم ئایینزایە لە کاتێکدا دەرکەوت کە دەمەقاڵەی زۆر و بەریەک کەوتنی خوێناوی لە بەغدای پایتەختی عەباسییەکان لە نێوان شیعە و سوننەدا هەبووە و لە ڕووی هزریشەوە موعتەزیلە و چەند گرووپێکی تری کەلامی و فەلسەفی هەبوون کە نکوڵیان لە سیفەتەکانی خودا دەکرد و عەقڵیان دەکردە پێوەر بۆ بابەتەکانی عەقیدە، هەر بۆیە ئایینزای ئەشعەری لەم ئاڵۆزییانەدا وەک خاوەن تێزێکی نوێ دەرکەوتن کە پشت ئەستور بوون بە میتۆدە عەقڵی و فەلسەفییەکان لە پەنای دەقەکانی قورئان و فەرموودە، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندن کە ببوونەتە ئایینزایەکی باو و بڵاو لە ناوچەکانی بنەدەستی خیلافەتی عەباسی.

دواتر و پاش نیو سەدە لە کۆچی دوایی دامەزرێنەری ئەم ئایینزایە لە دەوروبەری ساڵی (٣٨٠ ك/ ٩٩١ز) ئایینزاکە بە شێوەیەکی فراوان لە عێراق بڵاوبوەتەوە، هەر لەم وڵاتەشەوە پەڕیوەتەوە بۆ شام و وەک ئایینزایەکی گەورە دەرکەوتوە، یەکێک لە کاریگەرترین ئەو ڕێگایانەشی کە ئەشعەریەکان بەکاریان هێناوە بۆ بانگەوازکردن و بڵاوکردنەوەی بۆچونەکانیان گفتوگۆی ڕووبەڕوو بوەو لەمەیشدا کۆمەڵێک زانایان ناوبانگیان دەرکردووە وەك: باقلانی، جوەینی، غەزالی، ڕازی.....هتد

**پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچە کوردنشینەکان هەندێک بزووتنەوە و مەزهەبی جیاواز سەریانهەڵدا و دەرکەوتن کە یەکێک لەم بزووتنەوە دیارانە خەواریج بوون**

بۆچونێک هەیە پێیوایە سەرتاپای ئایینزای ئەشعەری بەرهەمی شوێنکەوتەکانییەتی، ئەگینا دامەزرێنەر خۆی لەو میتۆدە پاشگەز بوەتەوە، هۆکاری پابەندبوونی میراتگرەکانیش بەناوی دامەزرێنەکەیەوە تەنیا بەکارهێنانی بوە وەک کارتی پەڕینەوە بۆ ناو ئەو ناوەندە سوننیانەی کە ڕێز لە ناوبانگی ئەشعەری دەگرن، جگە لەوەیش چ شوێنکەوتەکان و چ مامۆستاکەیان لە پەیڕەوکردنی مەزهەبی شافیعیدا لە بابەتە شەرعزانییەکان یەکیان دەگرتەوە ئەمەیش خاڵێکی هاوبەشی بەهێزە و ڕێگەی نەداوە زۆر لە یەکتر دوور بکەونەوە.

گرنگترین ئەو بۆچۆنانەی کە ئایینزای ئەشعەری پێ جیا دەکرێتەوە بریتین لە:

١- گونجاندنی عەقڵ و نەقڵ، بەشێکی زۆر لە گوتاری ئایینزای ئەشعەری بەڵگە کەلامیەکانە، کە بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر عەقیدە و ئیمان بە لێکدانەوەی فەلسەفی و عەقڵانیانە، واتە بنەمای سەرەکی ئایینزای ئەشعەری ڕێکخستنەوەی هاوکێشەی عەقڵ و نەقڵە، بەجۆرێك کەپێشینەی بۆ نەقڵ بێت، بەڵام لەگەڵ عەقڵدا بگونجێت.

ڕێبەری ئەشعەری (غەزالی) باسی لەوە کردووە کە ئەهلی سوننە (مەبەست ئەشعەریەکانە) ئەوەیان ساغکردووەتەوە کە دژیەکی لە نێوان شەریعەتی نەقڵکراو حەقیقەتی مەعقول و ڕێتێچودا نییە.

٢- سیفەتەکانی خودا، ئەشعەریەکان بە پلەی یەکەم کاری گەورەیان ئەوە بوو کە تێڕوانینێکی نوێ لە بارەی سیفەتەکانی خودا گەڵاڵە بکەن و پێداگربوون کە سیفەتەکانی خودا واتای ڕاستەقینەیان هەیە نەک مەجازی و هەموو ئایەت و فەرموودە دروستەکانی پەیوەست بە سیفەتەکانی خودا بە ڕواڵەت دەسەلمێنن.

٣- تەکفیر، ئەشعەری جەختیکردووەتەوە کە ئەهلی قیبلە بە هۆی تاوانەوە کافر

ناکرێن لە چەشنی زینا و دزی و گوناهە گەورەکانی تر، هەروەها لە سەرەمەرگدا خەڵکی کردووە بە شایەت لەسەر ئەوەی کەس لە ئەهلی قیبلە کافر ناکات چونکە هەموویان یەک پەرستراویان هەیە، ئەم پارێزبەندییە بۆ ئەهلی قیبلە هەتا ڕادەیەکی زۆر هاوتایە لەگەڵ هەڵوێستی سەلەف و شوێنکەوتوانی فەرموودە کە پێداگرن لەسەر ئەوەی لەسەر تاوان خەڵک کافر ناکەن.

٤- هەڵوێست لە فەرمانڕەوا، لە لای ئەشعەرییەکان جێنیشینکردنی پێغەمبەر (د.خ) بۆ پاسەوانیکردنی ئایین و سیاسەتی دونیایە، دانانی ئیمامیش بە کۆڕا (الاجماع) ئەرك و واجبە، هەروەك چۆن نزای خێر بۆ پێشەوایانی موسڵمان دەکەن بەچاکە. هەروەها شمشێریان لێڕاناکێشن.

٥- قەدەرو کردەوەی مرۆڤ، قسەکردن لەقەدەر لە کۆتاییەکانی سەردەمی هاوڵان وەک کێشە دەرکەوتوە، پاش ئەوانیش سەرجەم ئاراسە ئیسلامیەکانیش لەم بارەیەوە بە دوو جەمسەری سەرەکی دەرکەوتون، کە جەبرییەکان و قەدەرییەکانن، یەکەمیان مرۆڤ لە ئیرادە و ویست دادەبڕێت، دووەمیش ئازادی پێدەدات، لەم نێوانەشدا ئەشعەرییەکان هەردوو دیدگاکەیان تێکەڵکردووە، ئەشعەرییەکان باوەڕیان وایە خودا زانستی تەواوی هەیە لە بارەی پێشهاتەکان بەر لە ڕودانیان بەڵام بەندەش خاوەنی کردەوە و توانایە و بەشێکی بەردەکەوێت.

هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئایینزای ئەشعەریش لە دوای سەردەمی خەلیفە مەئمون دەست پێدەکات بە تایبەت خەلیفەی عەباسی متەوەکیل گورزی گەورەی لە موعتەزیلە وەشاند و لایەنگیری خۆی بۆ ئەهلی سوننە ئاشکراکرد و کەوتە پاڵپشتیکردن لە عەقیدەکەیان، هەر لەم چوارچێوەیەشدا ڕێگا درا فەرموودەناسەکان بگەڕێنەوە بۆ بەغداد و بە هەزاران کەس لێیان کۆبێتەوە هەروەها گواستنەوەی ئەشعەری بۆ شاری بەغداد(٣٠٠ك/٩١٣ز) جێهێشتنی بەسرە قۆناغێکی تری بنەڕەتیە لە دەرکەوتنی ئایینزای ئەشعەری وەک یەکێک لە تەوژمە باوەکانی پایتەخت و دواتر لە ژیاننامەی ناودارانی ئەشعەریشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت سەرجەمیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بەغداد دەرکەوتن و هەڵکەوتون.

دواتر نووسەر باسی پەیوەندی ناوچە کوردشینەکان و ئایینزای ئەشعەری دەکات و لە باسی یەکەمدا هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەشعەری لەناو کورد دا ڕوونکردووەتەوە, کە هۆکاری یەکەم لە شافیعی بوونی کوردا دەدۆزێتەوە.

ناسنامەی زاڵی ئایینی ناوچە کوردنشینەکان ئایینزای شافیعی بووە، بەم هۆیەشەوە شافیعیە کوردەکان لەبەر کاریگەریان جێگەی سەرنج بوون، بە جۆرێک زانای گەورە ئیبن تەیمیە وتویەتی

کورد سەرجەمیان شافیعین و بەپێی ئەو ئاماژە مێژوییانەی بەردەستن یەکەم بەریەککەوتنی ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ ڕێبەرانی ئایینزای ئەشعەری هەر لە ڕێگەی شەرعزانە شافیعییەکانەوە بووە. دەشێت چەند هۆکارێک دیاری بکرێت بۆ وابەستەیی شافیعیەکان بە ئایینزای ئەشعەری، لەوانەش ئینتیمای ئەشعەری، باوەڕی پێشەوای ئەشعەرییەکان بۆ مەزهەبی شافیعی بەتایبەت لە بابەتەکانی شەرعزانی هەر بۆیە شافیعییەکان بەڕێبەرەکانیان و حوجرە و فەقێکان و شوێنکەوتوانیشیان بوونەتە ژینگەیەکی باش بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینزای ئەشعەری و گەشەسەندنی لە ناوچە کوردنشینەکان.

هۆکارێکی تری بڵاوبوونەوەی ئایینزای ئەشعەری لە ناوچە کوردنشینەکان قوتابخانە نیزامیەکان بووە، نیزامولمولو سیاسەتوان و وەزیر و پیاوانی دەولەت بووەو قوتابخانەی نیزامیەی لەبەغداد دامەزراند کە تێیدا بابەتە شەرعیەکان دەخوێندران و ئەم پیاوە زۆر هوگری شافیعیەکان بووەو مەرجی داناوە کەدەبیت بەشیکی ماموستاکانی نیزامیە شافیعی مەزهەب بن، بەهۆکاری ئەوەی ئەشعەریەکان زور زانا نەبوون لە بابەتە شەرعیەکان پشتیان بە ماموستایانی شافیعی بەستوە لەلایەك و زیادبوون و بڵاوبوونەوەی ئەم قوتابخانەیەیە کە زیاتر لە (١٠) لقی لە شارە سەرەکییەکانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی لێبوەتەوە، لەلایەکی تر پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئایینزای ئەشعەری و مەزهەبی شافیعی بوون.

هۆکارێکی تری ئەم بڵاوبوونەوەیە کاریگەری و کارتێکردنەکانی سۆفیگەرییە چونکە لە هەندێك قوناغ و ویستگەدا سۆفییەکان بەلای ئەهلی کەلامدا لارەسەنگ بوون و پەیوندی پتەوی هەندیك لە سۆفییەکان و ئەشعەرییەکان لەزۆر شتدا یەکبووە.

هەروەها قووڵبوونەوەی ئەم پەیوەندیە دەگەڕێتەوە بو گەشەکردنی قوتابخانەی نیزامیەی بەغداد کە لەم قوتابخانەیە لەگەڵ شافیعیبوون و ئەشعەری بوون، سۆفیگەریش کراوەتە بنەما بۆ ڕەفتار و پاڵفتەکردنی لایەنی ڕۆحی.

**ئەگەربە قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامیدا بگەڕێینەوە دەیان جۆر ڕێچکە و مەزهەبی جیاوازدەبینین کە دو اتر ووردە وردە هەندێکیان بچوک بوونەوە و نەمان و هەندێکی تریان گەورە و بەهێزو گشتیگر بوون**

هەروەها غەزالی و بەرهەمە بەناوبانگەکەی (احیاء علوم الدین)، لەگەڵ فەخرەدین ڕازی وەک ڕێبەرێکی ناسراوی ئەشعەری سۆفی لە تێکەڵکردنی ئەم دوو ڕێچکەیە دەستێکی باڵایان

هەبوە، هەر وەکو چۆن سەلاحەدینی ئەیوبیش ڕێچکەکانی شافیعی و ئەشعەری و سۆفیگەری لە خانەقا و قوتابخانەی سەرئارامگای شافیعیدا تێکەڵکردووە.

هۆکارێکی تری بڵاوبوونەوەی ئایینزای ئەشعەری لە ناوچە کوردنشینەکان سیاسەتی مەزهەبی زەنگیەکان بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی زەنگیەکان لە وڵاتی شام هەندێک سەرکردە و وەزیری باڵای کورد دەسەڵاتیان هەبوە ڕۆڵ و کاریگەریان لەو کات دیار و بەرچاوە، بەتایبەت کەمال شەهرەزوری کە دەوترێت زەنگییەکان ئەوەندە پلەیان بەرزکردبووەوە لە دەوڵەتی ئەواندا دادوەری و حوکمڕانی دەوڵەتی بە دەستەوە بوەو قوتابخانەی دامەزراندوە لە موسڵ و ناوچە کوردنشینەکان کە تێیدا گرنگی تەواو دراوە بە ئایینزای ئەشعەری و سۆفیگەری و مەزهەبی شافیعی.

هەر لەم کاتەشدا، ئەیوبییەکان کە بنەماڵەیەکی کوردن و بناغەی دەوڵەت و دەسەڵاتیان داناوە گرنگییان بۆ ئایینزای شافیعی بوەو سەلاحەدین ئەیوبی کە دامەزرێنەری سەرەکی دەوڵەتەکەیە بەڕێبەرێکی ئایینزای شافیعی لە قەڵەمدەدرێت، چونکە ڕۆڵێکی بنەڕەتی بینیوە لە زیندووکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینزایە، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا لە بواری بیروباوەڕدا ئایینزای ئەشعەری کردووەتە بنەڕەت و پەیڕەوی فەرمی دەوڵەتەکە. جیا لە کوردانی هاوەڵ و هاوکاری ئەییوبیەکان و ئەوانەش لە ناوچە کوردنشینەکانەوە ڕویان کردووەتە بەغداد، لە هەندێک مەڵبەند و ناوچەی کوردنشین ناوداران و شوێنکەوتوانی ئایینزای شافیعی- ئەشعەری یان خوێندکارانی ڕێبەرانی ئەم ئایینزایە ناسراونەتەوە.

هەرێمی جەزیرە هەرچەندە ناوچەیەکی دوورە دەستی پایتەختی عەباسییەکان بووە، بەڵام بە دوور نەبووە لە کاریگەربوون بەو تەوژمە شافیعیە ئەشعەریە سوننەگەراییەی بەغداد، بە نمونە ئەبو غەنائم ئەلفارقی شەرعزانێکی گەورەی ئەم ئایینزایە بوە لە ساڵی (٤٩٢ ک/ ١٠٩٩ ز) هاتووەتە دیاربەکر و وەک پێشەوایەکی ئایینزاکە وانەی وتوەتەوە، هەروەها لە ناوچەی جەزیرە شەرعزان و زانای گەورەی ئایینزای شافیعی ئەشعەری دەرکەوتن و ڕۆڵیان لەم بوارەدا ڕون و دیارە وەک ئەبوبەکر ئەلشاشی و ئیبن بەرزی و سەیفەدین ئامەدی و موفقەدین کواشی، کە هەموو ئەمانە لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی جەزیرە شەرعزانی گەورەن و وانەیان وتوەتەوە و نووسراویان لە پاش بەجێ ماوە و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەر دەرخستن و بڵاو بوونەوەی ئایینزای ئەشعەری – شافیعی.

بە هەمان شێوە لە دەوروبەری ساڵانی (٤٥٩ ک/١٠٦٦ز) لە شاری هەولێر و لە قەڵا قوتابخانەیەک دامەزراوە بەناوی قوتابخانەی قەڵا کە لەلایەن

بنەماڵەی (عەقیل)ەوە دامەزراوە بە هاوکاریی پشتیوانیی میر ئەبومەنسور جێگری فەرمانڕەوای هەولێر کە خزی کوڕی عەقیلی ئەربیلی خاوەنداریەتی ئەم قوتابخانەیەی کردووە، شەرعزانێکی ناوداری ئایینزای شافیعی - ئەشعەری بووە و زۆر پەرەی بەم خوێندن و قوتابخانەیە داوە و لە پاش خۆیشی هەر بەردەوام بوە، بە گوێرەی پێدراوە مێژوییەکانیش ناوبراو یەکەم کەس بووە لە هەولێر قوتابخانەی دامەزراندبێت. هەر لەم قوتابخانەیە چەندین شەرعزانی بەناوبانگ دەرکەوتون وەک محەممەد کوڕی سەعید و ئەبول فەزڵی ئەربیلی.

**مەزهەبی شافیعی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بڵاوبوونەوەیەکی گەورەی بە خۆوە بینی و ڕەزامەندی زۆرێک لە گەلانی ئیسلامی وەرگرت**

بە هەمان شێوە بنەماڵەی (مەنعە) کە خەڵکی گوندی قازییان لە سنووری نێوان هەولێر و موسڵ کوردن و دەگەڕێنەوە سەر یونس مەنعە، چەندین ناودارییان تێدا هەڵکەوتووە، وەک شەرعزانی شافیعی ئەشعەری کە هۆکار بوون بۆ بڵاو بوونەوە و تەشەنەکردنی ئەم ئایینزایانە، بە نموونەی عیمادەدین محەممەد فەرموودەناس کە بە شێخی ئەم ئایینزایانە ناسراوە، هەروەها شەرەفەدین مەنعە و ئەبوقاسم ئەربیلی و موفقی و مامۆستای قوتابخانەی نیزامیان لەم سنوورە کاریان کردووە و ناسراون.

جگە لە قوتابخانەی قەڵا، سێ قوتابخانەی تریش لە هەولێر دامەزراون بە ناوەکانی موجاهیدییە، ئەلڕەبیف، موزەفەرییە، کە بنەماڵەی ئیبن خەلەکانی مێژوونووس سەرپەرشتییان کردووە و بەڕێوەبەر و مامۆستا بوون تێیاندا. ناودارترین ئەم بنەماڵەیەش کە ئیبن خەلەکانی مێژوونووس یەکێک بووە لەوانەی لە قوتابخانەی شافیعی ئەشعەری قەڵا خوێندوویەتی و پاشان خۆی بووەتە مامۆستا و شەرعزانێکی گەورەی ئەم ئایینزایە لە شاری هەولێر و مووسڵیش. هەرێمی چییاش بەتایبەت بەری ڕۆژئاوەکەی، کە دیارترینی مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی کوردە و لە نزیک ئەم هەرێمە لە شاری حەلوان مامۆستای ئەشعەرییەکان ئەبوو ئیسحاق شیرازی ژیاوە و بەرهەمێکی گەورەی لە بواری شەرعزانیدا هەیە و دواتر بووەتە سەرچاوەی سوودمەندبوون بۆ بۆچوونە شەرعزانییەکان. هەروەها ناودارترین کەسایەتی شەرعزانی ئەشعەری و کەلامی لەم هەرێمە ژیاوە، عەینوول قەڵات بووە کە ناوی عەبدوڵای کوڕی محەممەدە و خاوەنی زۆرێک لە بیروڕای گرنگ سەبارەت بە بابەتە شەرعییەکان و عەقیدەییەکانە و زۆر سوودی لە

ئیمامی غەزالی و ئیمام ئەحمەد غەزالی برای وەرگرتووە و ئەشعەری، کەلامی و سۆفیگەری تێکەڵ کرد و لە لای خەڵک زۆر خۆشەویست بووە.

یەکێک لە ناوادارەکانی شەرعزانی ئەشعەری و نزیک لە ئەهلی سوننە و سەلەفییەکانیش لە هەرێمی چیا بەتایبەت ناوچەکانی خاکی میدیای دێرین بریتییە لە ئەبوونەجیب سوهرەوەردی کاڵگری نازناوی شێخی بەغدادە، لەبەر ئەوەی ماوەیەک لە قوتابخانەی نیزامیی بەغداد بوۆ کاریگەری ئەم قوتابخانەیە بە سەرەوە دیار بوو.

بنەماڵەیەکی تر کە ڕۆڵ و کاریگەرییان لە مێژووی بڵاو بوونەی ئایینزای ئەشعەری هەبووە لە کوردستان بنەماڵەی شارەزووریەکانە کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر ئیبن سەلاح شارەزووری شەمسەدینی شارەزووری. هەرچەندە زۆرێک لە زانایانی و هەڵگەوتووانی ئەم بنەماڵەیە لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکان بڵاوبوونەتەوە و کاریان کردووە لە شام و میسر بە تایبەت لەگەڵ بنەماڵەی ئەیوبییەکان، بەڵام چەند کەسایەتیێکی ناودار و بەناوبانگیان لە ناوچە کوردییەکان ماونەتەوە و خەریکی کاری شەرعزانی و دادوەری و مامۆستایی بوون وەک قاسم موزەفەر شارەزووری ٤٨٩ی کۆچی و ٧٩٦ی زاینی کە دەرچووی نیزامی بەغدایە و لە شارەکانی هەولێر و مووسڵ و شەنگال خزمەتی کردووە و کاریگەری ئەم قوتابخانەیە بە سەرەوە دیار بوو، بەڵام کوتومت وەک خۆی هەموو ڕێگەکانی ئەم قوتابخانەی پەسەند نەکردووە و لایەنی سەلەفی و سۆفیگەری تێدا دەرکەوتووە. ئەم شەرعزانە بەناوبانگە زۆر کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئایینزای ئەشعەری تێکەڵ بە بیروباوەڕی سەلەف و هەندێ لایەنی سۆفیگەریش.

هەروەها (کەمالەدین شارەزوری) کە بە سەرۆکی بنەماڵەی شارەزورییەکان ناسراوەو هەڵگری بیروباوەڕی شەرعزانی شافیعی- ئەشعەری بوە کاری دادوەری و مامۆستایی کردووە لە بەشێک لە سنووری شاری موسڵ و چەندین قوتابخانەی دامەزراندووە، خوێندکاری زۆریان پێگەیاندوە لەسەر ڕێگەی شەرعی ئەشعەری و شافیعی و لەم ناوچانە خزمەتیان کردووە، هەر لە ڕێی ئەمانەوە ئایینی ئەشعەری - شافعی وەک ئایینزای زاڵ دەرکەوتوە لە شارەزور بلاوەی کردووە.

لە بەشی چوارەم و کۆتاییدا نوسەر باسی ناکۆکی و جیاوازی ئاراستە جیاوازەکانی تر دەکات لەگەڵ ئایینزای ئەشعەری. یەکێک لەو ئاراستانەی کە ماوەیەک لە مێژوودا جیاوازی و ناکۆکی هەبووە لەگەڵ ئایینزای ئەشعەری، حەنبەلیە سەلەفییەکان بوە، چونکە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموودەناس بووە و زیاتر پەیوەست بووە بە فەرموودە و دەقەکانی،

لە بەرامبەردا ئەشعەری شەرعزان بووە و پشتی بە عەقڵ بەستووە بۆ تەئویل و دۆزینەوەی مانا و لێکدانەوەی دەقەکان. بەم هۆیەوە ململانێ و ناکۆکی سەری هەڵداوە لە نێوان ئەم دووئایینزایە هەندێک کات گەیشتووەتە ڕادەی کوشتن و دەربەدەرکردن بە تایبەت لە شاری بەغداد کە پێگەی سەرەکی هەردو لا بوە. هەرچەندە حەنبەلیە سەلەفییەکان و ئەشعەریەکان هەردووك بەئاراستەی نزیک لە یەکتری ناو بەرەی سونە ئەژمار کراون و سەردەمانێک نزیک بوونەوەی زۆر هەبووە لە نێوان، بەڵام هەندێ کاتیش بە هۆی جیاوازی بۆ لێکدانەوەی دەقەکان بە تایبەت ناو سیفەتەکانی خودا و بابەتی پشتگیری خەلیفە، بوونەتە هۆکاری جیاوازی گەورە و گەیشتوتە تەکفیرکردن و هێرشکردنە سەر بەرامبەر.

لەم میانەشدا مێژوونووسی هەولێر ئیبن مستەوفی ئەوەی گێڕاوەتەوە کە ناکۆکی ئەشعەری و حەنبەلیەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٦ ک/١٢ز) لە ناوچە کوردییەکانی هەکاری و بادینانی ئێستا لە چوارچێوەی پەرتوکێکدا خوێندراون، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە پانتایی کوردی هاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی لەگەڵ ململانێ و ناکۆکییەکانی عەقیدەیەکانی ئەشعەری و حەنبەلی کارلێکی کردووە و پێی کاریگەر بووە.

هەروەها لە سەرچاوە مێژوویەکاندا ئاماژە بەوەکراوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەیوبیەکانیش ئەم ناکۆکی و ململانێیە هەبوە بە قۆناغی بەرز و نزمدا تێپەڕیوە، هەرچەندە وەک دەوڵەتی ئەیوبی زیاتر لایەنگری ئەشعەریە شافعیەکان بوون.

**پەیڕەوانی سۆفیگەری سورن لەسەر ئەوەی کە ڕێبازەکەیان بە ئەوە بناسێنن کە بریتییە لە زانستی چاکسازیکردن لە دڵ و هۆکاری پاکردنەوەی زمانە**

جگە لە حەنبەلییە سەلەفییەکان، شوێنکەوتوانی مەزهەبی شافیعیش کە بوونەتە دوو بەرە، یەکەمیان شافیعی ئەشعەری کە هیچ جیاوازی و ناکۆکییان لەگەڵ ئەشعەرییەکاندا نەبوە، بەرەی دوەمیان شافیعیە سەلەفیەکان کەوتونەتە جیاوازی و ململانێ لەگەڵ ئەشعەرییەکان و بابەتی ناو سیفەتەکانی خودا و خەلقی قورئان خاڵی گرنگی جیاوازی بیر و بۆچونەکانیان بوە. سەبارەت بەم جیاوازی و ململانێیە شاری هەولێر وەک نموونە وەربگرین کە ئەم شارە یەکێك بووە لە ڕوگەی ناودارانی ئیسلام لە سەردەمی عەباسییەکان، بەشێک لەوانەی لەم شارە گیرساونەتەوەو

نیشتەجێبوون کاری بانکخوازیان کردووە.
هەندێک لەو میوانانەی هەولێریش حەنبەلی - سەلەفی بوون و هەندێکی تریشیان عەقیدەیان تێکەڵ بوە لە ئەشعەری و سەلەفی، هەموو ئەمانە لەم شارە و دەوروبەری بانگەواز و وتاربێژ و مامۆستا و دادوەریش بوون، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە هەولێر و ناوچە کوردنشینەکان بە گشتی نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم جیاوازیانە تەنیا بە ڕێژەی زۆر کەم نەبێت ئایینی ئیسلام بە هەموو ئاراستە و ئایینزاکان لەلای کورد وەرگیراو بوە و دەکرێت بلێین تێگەیشتنی کورد بۆ ئایینی ئیسلام تێگەیشتنێکی زۆر گشتگیر و میانەڕەو بوەو هیچ کات جیاوازیەکان کاریگەری گەورەیان لە ئایین و باری کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکە نەکردووە.
دیارترین نموونە بۆ ئەم میانڕەویە زانای گەورە ئیبن سەلاحی شارەزوریە بە فەتوا بەناوبانگەکەی کە حەرام کردنی فەلسەفەو لۆژیکە، دەردەکەوێت لە کێشمەکێشمی عەقیدەیی نێوان بەرەکانی عەقڵ و نەقڵدا، ئیبن سەلاحی شارەزوری لەگەڵ ئەوەی پێشینە و پەیوەندی زۆری لەگەڵ ئەشعەریەکان هەبوە، بەڵام لە ژێر کاریگەری فەرموودەناسیەکەی بۆچون و تێڕوانینی عەقیدەی لەگەڵ سەلەفییەکانیشدا بووە.
یەکێکی تر لەو ئاراستانەی کەناکۆکی و ململانێی لەگەڵ ئاراستەی ئەشعەریدا هەیە بریتییە لە ئاراستە سەلەفیەکان، ئەوانەی سەرقاڵی کۆکردنەوەی فەرموودە یان ئەزبەرکردن و تێگەیشتنی بوون بە ئەهلی حەدیس ناو دەبرێن.
بە شێوەیەکی گشتیش لەسەرجەم پەیڕەوکەرانی ئایینزا شەرعیەکان زیاتر لە عەقیدەی سەلەفەوە نزیکن کە شوێنکەوتنی واتا ئاشکراکانی دەقە، چونکە وەها باوە کە ئەهلی حەدیس سەرجەم دەقەکان پاش دڵنیابوونەوە لەوەی دروستن وەک خۆیان دەسەلمێنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ئاراستەیە زیاتر پێداگرن لەسەر شوێنکەوتن لە (الاتباع)و لۆمەکردنی داهێنراوەکانی ئایین (البدع) هەروەها ئەوان ئیسلام ڕاستەوخۆ لە پەیامهێنەوە وەردەگرن بە بێ نێوانگر.

**ئەشعەرییەکان گرووپێکی ئیسلامی کەلامی و ئاییزایەکی عەقیدەیی سوننەن کە گرنگی بە سەلماندنی بوونی خودا و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیفەتەکانی دەدەن**

هەرچەندە ئەم ئاراستەیە دژایەتی و پێچەوانەبوونی لەگەڵ ئایینزای ئەشعەری هەبوە، بەڵام لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا شەرعزانی کوردی زۆرمان هەیە کە نێوەندگرن و هەردوو

ئاراستەکەیان گەیاندووە بە یەک، بە نموونەی خزری کوڕی ئەقیری ئەربیلی و حەسەنی کوڕی عەلی یەکە عەقیدەیەکی شافیعی ئەشعەری تێکەڵ بە ئەهلی سوننەیان هەبوە.

بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا فەرمودەناسی سەلەفی ناو کورد (ئیبن سونی) ٣٦٤ك/ ٩٧٤ ز نەیاری ئەشعەریەکان بوە ، زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیش گەڕاوە و گرنگی زۆری بە فەرمودە داوە و بەرهەڵستی ئەشعەریەکانی کردووە. هەر لەو فەرمودەناسە شافیعیانەی کە عەقیدەکی سەلەفیان هەبوە لە ناوچە کوردیەکان، شەرعزان و فەرموودەناسی شافیعی عوسمانی کوڕی حەسەنە کە پوختەیەکی کۆکردۆتەوە لە عەقیدەی ئەهلی سوننە لە ئایینزای شافیعی و هاوەڵانی فەرمودە و شیکردنەوەی بۆ زۆر لە بابەتە جیاوازەکان کردووە بە تێڕوانینی شافیعی تێکەڵ لەگەڵ ئەهلی سوننە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم پێشەوا شافعیەی ناوچە کوردییەکان خۆی بە شوێنکەوتەی ئەهلی فەرمودە و گەورە پێشەواکانی سەلەف زانیوە.

یەکێکی تر لە بنکەو ڕووگە کوردیەکانی فەرماندەناسەکان کە هەندێکیان حەنبەلی -سەلەفی بوون لە سەدەی (٧ك/، ١٣ز) شاری هەولێرە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فەرمانڕەوای ئەم شارە موزەفەرەدین گۆگبەری سەرباری گرنگی دانی زۆری بە شەرعزانە شافیعی سۆفیەکان، خانەی فەرمودەشی لە شاری هەولێر دامەزراندووە، بۆ بەڕێوەبردنیشی هەندێ جار ناچار بوە پشت بە حەنبەلیەکانی بەغداد و دەرەوەی شارەکە ببەستێت، بە تایبەت لە کاری وانەبێژی و گێڕانەوەی فەرمودە، بەم شێوەیەش لە هەندێک کاتدا جیاوازی و دژیەک بوون لەبیر و بۆچون و شیکردنەوەکان ڕویان داوە، بەڵام هەر وەک ئاماژەمان پێکرد لە لای کورد میانڕەویەکی زۆرباش لە تێگەیشتی ئایین هەیەو هەووە کە وای کردووە ئەم ناوکۆکی و جیاوازیانە کەمتر دەربکەون و نەبنە هۆکاری لێکترازان و دورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئایینیش. بەوپێیەی عەقیدەی حەنبەلیەکان شوێنکەوتنی واتا ڕواڵەتیەکانی دەقەکانە، هەروەها دژی ئەئویلکردنی سیفەتەکانی خودایە، لەسەر ئەمە نا جۆر و ناکۆک بوون لەگەڵ ئەشعەر یەشافیعی مەزهەبەکان کە زیاتر گرنگی بە عەقڵ دەدەن و لێکدانەوە بۆ دەق دەکەن. بەڵام لە نێوان ئەم دوو جەمسەرە عەقیدەیە سوننەیەشدا زۆرێك لە ناودارانی ناوچە کوردنشینەکان پەیڕەویان لە ئاوێتەیەکی ئایینی کردووە کە هەم پابەند بووە بە نەقڵ و سۆفیگەری و کاریگەی چەمک و زاراوەکانی زانستە عەقڵیەکانیشی لەسەر بوە و لەمەسەلەی سیفەتەکانی خودا کە چەقی ململانێکان بوە لە پێگەیەکی نێوانگیردا بوون.

# زاراوەناسی

ئایینناسی

# شارستانییەت و شارستانییەتی ئیسلامی

ئامادەکردنی: ئایینناسی

شارستانییەت لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکدێت، یەکەمیان وشەی (شار)، کە هێمایە بۆ هەر ناوچەیەك کە خەڵکانێك تێیدا دەژین و هەندێك بەرژەوەندی بە یەکەوەی بەستوون، وشەی دووەم (ستان) کە تەواوکەری مانای وشەی یەکەمە و مانای چوارچێوەی جوگرافی و بوونی شوێنێکی تایبەتمەند و دیاریکراو دەدات.

لە ڕووی ماناوە شارستانییەت بریتییە لە پیشکەوتنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو بە هەموو ڕەهەندەکانی کولتووری، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هونەری و سیاسی، کە ئەو گەلە، یاخود نەتەوەیەی پێ جیا دەکرێتەوە لە گەلانی تر.

هەروەها پێناسە دەکرێت بە بەرهەمی هزر و کولتووری مادی کەڵەکەبووی نەتەوەیەك کە تایبەتمەندی دروست دەکات بۆ ئەم نەتەوەیە و لە نەتەوەکانی تر جودای دەکاتەوە، کە نابێت شارستانییەت تەنیا پەیوەست بکرێت بەلایەنی مادی وەك باڵەخانە، پرد، قەڵا و شوێنەوارە دیارەکانی دەستی مرۆڤ، بەڵکو هەموو باس و لایەنەکانی ژیان و بابەتی دابونەریت و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ....هتد دەگرێتەوە.

هەروەها پێناسەش دەکرێت وەك فۆڕمێکی پێشکەوتووی کۆمەڵگای مرۆیی کە ژیانی سادە و نازانستی و نادادی تێپەڕاندبێت و گەیشتبێتە قۆناغێکی باشتر و گونجاوتر بۆ پێکەوەژیان.

هەرچی شارستانییەتی ئیسلامیشە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو ڕووداو و گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی کە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هاتووە بە هۆی دەرکەوتن و

زاڵبوونی ئایینی ئیسلام و دروستبوونی خیلافەتەکانی بە درێژای مێژوو.

بنەما سەرەکییەکانی شارستانییەت لە ئیسلامدا بریتین لە قورئان وەك سەرچاوەی سەرەکی و فەرموودە وەك دووەم سەرچاوە، کە ئەم شارستانییەتەی لێوە گەلاڵە بووە، گرنگترین پایەکانی ئەم شارستانییەتەش بریتییە لە لێبوردەیی و پێکەوەژیان و گەڕان بە دوای زانستدا و کارکردن و دژایەتی زوڵم و نادادی.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین شارستانییەتی ئیسلامی هەموو ئەو هزر و دابونەریت و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری و کولتوورییانەیە، کە ئاینی ئیسلام وەك سەرچاوەی دروستبوون و گەلاڵەبوونی سەیر دەکرێت، ئەمە جگە لە شێواز و جۆری بەڕێوبردن و بیناسازی و سەربازی کە لە سایەی ئیسلامدا دەرکەوتوون.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە شارستانییەتی ئیسلامی تەنیا لەو ناوچانە دەردەکەوێت کە بەشی ڕۆژهەلاتی زەوی و بەشێکی زۆری ئاسیا و ئەفەریقیایە، کە پێشتر لە ژێر فەرمان و قەڵەمڕەوی موسڵماناندا بوون.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

ئایینناسی

ئاییناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێڕان

### ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئاییناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya(٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks-٥١٦٥٧٠٨٤", https://www.bbc.com/news/world-europe, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).

نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).

نمونە: محمد قراسويی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٥/٢/٢٠٢٠)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی

ماڵپەڕ.

نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی












CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















































CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

























CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی













# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





















CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# ئاییناسی

ژمارە (١١) ساڵی سێیەم، تەمموزی ٢٠٢٥